حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی پلاندانان

# هەرێمی کوردستانی عێراق 2020






## دیدگایەک بۆ ئایندە





# پێشەکیی لەلایەن وەزیری پلاندانانەوە

لە دەیەی رابوردودا هەرێمی کوردستان — عێراق پەرەپێدانی گەورەی بەخۆیەوە بینیوە. ئەگەرچی سیاسەتەکانی رژێمی پێشوو و جەنگ، جینۆساید، راگواستنی زۆرەملێ و وێرانکردنی زیاتر لە ٤٠٠٠ گوند بوونە هۆی دارمانی کۆمەڵگا و وێرانکردنی ژێرخانی ئابوری، بەڵام دەستمانکرد بە پرۆسەیەکی پەرەپێدانی بەردەوام.

پاش دەستبەکاربوونی کابینەی حەوتەم لە بەهاری ئەم ساڵدا، لەکاتێکدا کە چەندین دەرفەت هەیە بۆ هەرێمەکەمان. وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەستا بە دارشتنی دیدگای پەرەپێدانی هەرێم تا ساڵی ٢٠٢٠.

لەبەر سێ هۆکار ئەم دیدگایەمان دارشت.

یەکەم، ویستمان خەڵکەکەمان بزانێت دیدگای ئێمە چییە بۆ پەرەپێدانی هەرێم و چۆن حکومەتی هەرێمی کوردستان کاردەکات بۆ باشترکردنی گوزەرانی خەڵک.

دووەم، ویستمان بیرکردنەوەکانی ئێستا لە پلانێکی گشتگیردا کۆبکەینەوە بۆ کابینەی نوێ تا هەموو بەشەکانی حکومەت پێکەوە کاربکەن بۆ ئامانجێکی هاوبەش.

سێیەم، ویستمان چوارچێوەیەکی کار دابین بکەین کە لە سایەیدا وەزارەتەکان بتوانن ئامانج و سیاسەتەکانیان بەوردی دابرێژن هەتا ساڵی ٢٠١٧، لەبەرئەوە ئەولەویەتەکانی پلانی پێنج ساڵەمان لە دیدگاکەدا جێکردەوە.

لە دیدگای هەرێمی کوردستان ٢٠٢٠دا، کەرتی تایبەت رۆڵی سەرەکیی دەگێرێت لە دابینکردنی کار و گەشەی ئابوریدا. حکومەت بەشێوەیەکی کارا و کاریگەر کاردەکات بۆ تواناداركردنی کەرتی تایبەت و هاوکاری دەکات بۆ سەرکەوتن، مەبەستی سەرەکیی لەمە بەگەرخستنی زۆرترین ئاستی تواناکانی خەڵکی هەرێمە.

دیدگامان بۆ ٢٠٢٠ ئەوەیە کە هەموو خەڵکی هەرێمەکەمان سوودمەندبن لە ئازادی، تەندروستی، خۆشگوزەرانی و ئاسایش و دەرفەتی ئابوری. ئەم بەڵگەنامەیە بناغەرێژی دەکات بۆ بەدیهێنانی ئەم دیدگایە.

دکتۆر عەلی عوسمان سندی
وەزیری پلاندانان
حکومەتی هەرێمی کوردستان
ئەیلول ٢٠١٣




# خشتەی ناوەڕۆک


پێشەکیی لەلایەن وەزیری پلاندانانەوە ............ i
خشتەی ناوەڕۆک ............ iii
خشتەی شێوەکان ............ v
خشتەی خشتەکان ............ vii
پێشەکیی: دیدگای کوردستان: بونیاتنان لەسەر مێژوو و دەرفەتەکان ............ ١
بونیاتنان لەسەر مێژوو و دەرفەتەکان ............ ٢
دیدگای پەرەپێدانی هەرێمی کوردستان ............ ٣
بەشی یەکەم: خەڵک لەپێش هەموو شتێکەوە ............ ٥
تەندروستی لە کوردستان ............ ٥
پەروەردە لە کوردستان ............ ٨
زامنکردنی کۆمەڵگەیەکی فرەیی ............ ١١
بازاڕی کار لە کوردستان ............ ١٣
ڕێگەی کارکردنی داهاتوو ............ ١٦
بەشی دووەم: بونیاتنانی هەرێم: ژێرخان ............ ١٩
گواستنەوە بۆ ئابورییەکی گەشەسەندوو ............ ٢٠
ئاو و ئاوەڕۆ بۆ ئابورییەکی گەشەسەندوو ............ ٢١
کارەبا بۆ دابینکردنی وزە لە هەرێم ............ ٢٣
پەیوەندییەکان بۆ ئابورییەکی گەشەسەندوو ............ ٢٥
نیشتەجێکردن بۆ ئابورییەکی گەشەسەندوو ............ ٢٦
ڕێگەی کارکردنی داهاتوو ............ ٢٧
بەشی سێیەم: بونیاتنانی هەرێمیک کە لە ڕوووی ئابورییەوە گەشەسەندوو بێت ............ ٢٩
کشتوکاڵ و پیشەسازی کشتوکاڵ ............ ٢٩
تواناداركردنی گەشەی کەرتی تایبەت ............ ٣١
پاراستنی ژینگە ............ ٣٤
ڕێگەی کارکردنی داهاتوو ............ ٣٦
بەشی چوارەم: بەکارخستنی حکومەت بۆ خزمەتی خەڵک ............ ٣٩
حکومەتێکی کارا و شەفاف ............ ٣٩
بودجە ............ ٤١
چاکسازی خزمەتی مەدەنیی ............ ٤٢
ڕێگەی کارکردنی داهاتوو ............ ٤٤
دەرئەنجام: بەدیهێنانی دیدگاکە ............ ٤٧
چاودێریکردنی پێشکەوتن بەرەو بەدیهێنانی دیدگاکەمان ............ ٤٧
بەرپرسیارێتییەکانی حکومەت و خەڵک ............ ٤٧



## خشتەی شێوەکان

شێوەی ١.١ ڕێژەکانی مردنی ساوا لە هەرێمی کوردستان و چەند وڵاتێکی دیاریکراو، ٢٠٠٨
شێوەی ١.٢ پزیشک بۆ هەر ١٠،٠٠٠ کەسێک لە هەرێمی کوردستان و چەند وڵاتێکی دیاریکراو، ٢٠٠٨
شێوەی ١.٣ تۆمارکردنی قوتابیان بەپێی قۆناغی خوێندن، ٢٠١١
شێوەی ١.٤ نەخوێندەواری بەپێی جێندەر و ژینگە، ٢٠١١
شێوەی ١.٥ ڕێژەی سەدیی بێکاری لەناو هێزی کار لە هەرێمی کوردستان و عێراق، ٢٠١١
شێوەی ١.٦ بەشداری هێزی کار لە هەرێمی کوردستان، ٢٠١١
شێوەی ١.٧ کار بەپێی کەرت لە هەرێمی کوردستان، ڕێژەی سەدیی، ٢٠١١
شێوەی ١.٨ ڕێژەی سەدیی کارمەندان کە دەڵێن دەرماڵەی کار وەردەگرن بەپێی دەرماڵە و کەرت، ٢٠١١
شێوەی ٢.١ موسافیران لە فڕۆکەخانەی هەولێری نێودەوڵەتی
شێوەی ٢.٢ خزمەتگوزاریی ئاو و ئاوەڕۆ لە تۆڕە گشتییەکانەوە، ٢٠١١
شێوەی ٢.٣ بەرهەمهێنانی کارەبا لە هەرێمی کوردستان، سەرەتای ٢٠١١
شێوەی ٢.٤ ڕێژەی سەدیی ئەو کەسانی لە خێزانی شەش کەس یان زیاتردا دەژین، ٢٠١١
شێوەی ٣.١ سەرمایەی پرۆژە بۆ پرۆژە مۆڵەتپێدراوەکانی وەبەرهێنان، ئاب ٢٠٠٦ تا مایس ٢٠١٢
شێوەی ٣.٢ ڕێژەی سەدی کەمیی بەکارخستن لەناو هێزی کار لە هەرێمی کوردستان و عێراق، ٢٠١١
شێوەی ٣.٣ فڕێدانی زبڵ لە هەرێمی کوردستان، ٢٠١١



# خشتەی خشتەکان

خشتەی ١.١ هۆکارە سەرەکییەکانی مردنی کەسانی خوار تەمەنی پێنج ساڵ، ٢٠٠٩
خشتەی ٤.١ بودجەی حکومەتی هەرێم
خشتەی دەرئەنجام ١ نیشاندەرەکانی چاودێری

**دیدگامان بۆ ٢٠٢٠ ئەوەیە کە**
**هەموو خەڵکی هەرێمەکەمان**
**سوودمەندبن لە ئازادی،**
**تەندروستی، خۆشگوزەرانی**
**و ئاسایش و دەرفەتی ئابوری**

## پێشه کیی

# دیدگای کوردستان: بونیاتنان لەسەر مێژوو و دەرفەتەکان



پاش چەندین دەیە لە خەباتی خوێناوی، خەڵکی کوردستانی عێراق، توانیمان خودفەرمانڕەوایی لە هەرێمێکدا بەدەستبهێنین، کە تێیدا دەتوانین پەرەبدەین بە توانا کولتوری مرۆییەکانمان. پەرەپێدانی هەرێمی کوردستان لەپاش ئازادییەوە زۆر سەرسوڕهێنەر بووە، هۆکاری ئەمەش ژینگەیەکی لەبار بووە لەڕووی ئاسایش و توانای راکێشانی وەبەرهێنانەوە. دەرکەوتنی چەندین باڵاخانەی نوێ و باشبوونی دابینکردنی کارەبا و کردنەوەی زانکۆی نوێ، هەروەها دەرکەوتنی چەندین دەرفەتی نوێ بۆ ژیانێکی باشتر بۆ هەمووان. هەرێمی کوردستانی ئێستا زۆر جیاوازە لەو کاتەی دەستمان کرد بە فەرمانڕەوایی کردنی خۆمان لەساڵی ١٩٩٢.

ئێستا کێشەی سەرەکییمان بریتییە لە بونیاتنانی زیاتر لەسەر دەستکەوتەکانی ساڵانی رابوردو، بۆئەوەی دەرفەتە ئابورییەکان بەرفراوانتر بن و نیشتیمانێکی باشتر بۆ هەمووان بونیات بنێین. لێرەوە، ئێمە هەستاین بە داڕشتنی هەرێمی کوردستانی عێراق ٢٠٢٠: دیدگایەک بۆ ئایندە تا ببێتە چوارچێوەیەک بۆ داڕشتنی سیاسەتەکان لەلایەن کاربەدەستانی حکومەتەوە، دیاریکردنی ئەولەویەتەکانی پێنج ساڵە و دەستنیشانکردنی ئەو رێگایانەی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەتوانێت دەرفەتەکان باشتر بکات بۆ خەڵکی هەرێم.

### دیدگای پەرەپێدانی هەرێمی کوردستان – عێراق

دیدگایەکی گشتی پەرەپێدان رێنیشاندەرمانە.

لە هەرێمی کوردستان – عێراق، هەموو خەڵک بەهرەمەند دەبێت لە ئازادی، تەندروستی، خۆشگوزەرانی و ئاسایش و دەرفەتی ئابوری.

بەدیهێنانی ئەم دیدگایە تا ساڵی ٢٠٢٠ پێویستی بە چەندین چالاکیی رێکخراو دەبێت لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان کە گرنگی بدات بە بەدیهێنانی ئەمانەی خوارەوە:

- خزمەتگوزاری تەندروستی و کۆمەڵایەتی کە لەئاستی پێداویستییەکانی دانیشتوانی هەرێمدا بن
- سیستەمێکی پەروەردە و دەرفەتی بازاڕی کار کە خەڵک تواناداربکەن خواستەکانیان بەدیبهێنن و ئاستی گوزەرانیان بەرزبکەنەوە
- دابینکردنی ژێرخانی پێویست
- پەرەپێدانی ئابورییەکی فرەیی کە پشت بە کەرتی تایبەت ببەستێت

- حکومەتێکی کارا و شەفاف

هەماهەنگی زۆر گرنگە، چونکە دەستکەوتەکانی کەرتێک کاریگەری دەبێت لەسەر دەستکەوتەکانی کەرتەکانی تر. بەرەوپێشبردنی تەندروستی تەنها پێویستی بە سیستەمی چاودێری تەندروستی نییە، بەڵکو هاوکات پێویستی بە سیستەمی ئاوەڕۆ و ژینگەی تەندروست هەیە. بەرەوپێشبردنی کشتوکاڵ و کەرتی تایبەت بەتەنها پێویستیان بە نوێکردنەوەی یاسا و ڕێساکان نییە، بەڵکو هاوکات پێویستینا بە دانیشتوانێکی تەندروست و کارزان هەیە، بۆ ئەوەی کارمەندان بتوانن باشترین تواناکانی خۆیان بخەنە خزمەتی کارەکانیانەوە.

هەرێمەکەمان دەوڵەمەندە بە نەوت و گازی سروشتی. سیاسەتی داهێنەرانەی حکومەت هۆکار بوون بۆ پەرەپێدانی ئەم سەرچاوانە و هێنانی چەندین کۆمپانیای وزەی نێودەوڵەتی بۆ هەرێم و دروستکردنی چەندین بواری تر بۆ پەرەپێدان. هاوکات هەرێم خاوەنی چەندین کانزای سروشتییە، کە هێشتا سوودیان لێوەرنەگیراوە، بێگومان زانیاری زیاترمان لەسەر ئەمانە دەستدەکەوێت کاتێک رووپێوی جیۆلۆجی و کانزایی ئەنجام دەدەین.

لەبەرئەوەی سیاسەتی نەوت و گازی حکومەت روون و ئاشکرایە، چیتر ئەم بەڵگەنامەیە باسی ئەو بوارە ناکات. بێگومان ئامانجی ئێمە ئەوەیە کە ئابورییەکی فرەییمان هەبێت و تەنها پشت بە نەوت و گاز و سەرچاوە سروشتییەکان نەبەستین. ئامانجمان ئەوەیە کە نەوت و گاز و سەرچاوە سروشتییەکان وەک یەکێک لە چەندین بواری تر بەکاربهێنین بۆ یارمەتیدانمان لە بونیاتنانی کۆمەڵگەیەکی سەقامگیر و ئارام و ئابورییەکی فرەیی و تایبەت. چۆن؟ کۆمپانیاکانی کەرتی سەرچاوە سروشتیەکان دەتوانن کەرەستەکانیان لە کۆمپانیا ناوخۆییەکان بکڕن و کارمەندانی کەرتەکە دەتوانن پێداویستیە هەمەجۆرەکانی ئابوری تایبەتی گەشەسەندوو دابین بکەن. هاوکات، گەشەی کەرتی سەرچاوە سروشتیەکان، دەبێتە هاندەر بۆ پەروەردە و توێژینەوەی زانستی زیاتر، لە بوارە پەیوەندیدارەکانی کەرتەکەدا، وەک ئەندازیاری، فیزیا و کیمیا. لە ڕێگایانە و ڕێگەی ترەوە، نەوت و گاز و سەرچاوە سروشتیەکان دەبنە یەکێک لە چەندین فاکتەری توانادارکردن و یارمەتیدەر دەبن لە بونیاتنانی کۆمەڵگەیەکی فرەیی سەقامگیر و ئابوریەکی کەرتی تایبەتدا.

## بونیاتنان لەسەر مێژوو و دەرفەتەکان

هەرێمەکەمان کولتورێکی دێرین و کەلەپورێکی کۆنی هەیە. خاوەنی زیاتر لە ١٠٠٠ پێگەی ئارکیۆلۆجی و مێژووییە، لە ئەشکەوتنی شانەدەر و ئێسکەپەیکەری نیاندرتاڵەوە، تا قەڵای هەولێر و منارەی شێخی چۆلی، تا ئەو هەموو گەنجینە دێرین و کەلەپورە مێژووییەی لە مۆزەخانەکانی دهۆک، هەولێر و سلێمانی پارێزراون.

لەم کەلەپورە دێرینەدا، شاعیر، توێژەر و دیپلۆماتکارمان هەیە. وەک وەزیر و مێژوونووس ئیبن موستەوفی هەیە کە پێش ٨٠٠ ساڵ ژیاوە، هەروەها دڵداری شاعیر، نووسەری سرودی نیشتیمانیمان. مێژوونووسی کورد و کوردستان محمد ئەمین زەکی بەگ، ئەحمەد ناڵبەند، کە بە پشتبەستن بە چەند زمانێک شیعری نیشتیمانی و کۆمەڵایەتی هۆینوەتەوە، محمد عارف جەزراوی، کە شوڕشێکی لە مۆسقای کوردیدا بەرپاکرد، هەروەها شێرکۆ بێکەس کە یەکێکە لە گەورەترین شاعیرە هاوچەرخەکان. ئەم کولتور و کەلەپورە ژێرخانێکی گەورەیە کە دەتوانین بینای لەسەر بکەین.

هەرێمی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٢ەوە هەرێمکی خودفەرمانڕەوایە و دەستوری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥ وەک یەکەیەکی سیاسی فەرمی دانپێدانااوە. بەڵام کورد نەتەوەیەکی دێرینی سەربەرزن و ئەم حکومەتە بە هەوڵ و ماندوبوونی زۆر هاتەدی.

خەباتی رابوردو

پێویست ناکات ئاوڕی زۆر لە رابوردو بدەینەوە — چۆن خەباتمان کرد بۆ بەدەستهێنانی خودفەرمانڕەوایی لەدژی دراوسێی ناحەز و بگرە جیهانێکی ناحەز. بەڵام پێویستە ئاماژە بە هەندێک وردەکاری بدەین.

- لە ڕێککەوتننامەی سیڤەر، لە ئابی ١٩٢٠ پاش کۆتایی جەنگی جیهانی یەکەم، بەڵێن بە کورد درا کە دەوڵەتێکی سەربەخۆیان هەبێت، بەڵام ڕێککەوتننامەی لۆزان لە تەموزی ١٩٢٣ ئەم بەڵێنەی پشتگوێ خست.
- لە بواری بەدیهێنانی مافەکانمان هەنگاوێک چووینە پێشەوە، کاتێک دەستوری کۆماری ساڵی ١٩٥٨ ئاماژەیدا بە کورد و عەرەب وەک هاوبەش لە یەک نیشتیماندا و دانی نا بە مافە نەتەوایەتییەکانماندا. بەڵام پێشکەوتنی زیاتر روویندا، لەساڵی ١٩٦١ سەرهەڵدان لەدژی دەوڵەتی سەرکوتکار دەستپێکرد. ئەگەرچی هەندێک کات شەڕ دەوەستا، بەڵام سەرهەڵدانەکە نزیکەی دە ساڵی خایاند.
- لە ساڵی ١٩٧٠ ڕێککەوتنێکمان لەگەڵ حکومەتی بەعس گەڵاڵە کرد سەبارەت بە ئۆتۆنۆمی و نوێنەرایەتی کورد لە پایتەختی دەوڵەت، بەڵام تا ساڵی ١٩٧٤ ئەمانە جێبەجێ نەکران. دواتر قۆناغێکی تری چەوسانەوە دەستیپێکرد.
- لە ١٩٧٤ تا ١٩٩١ زیاتر لە ٤٠٠٠ گوند خاپوور کرا. خراپترین وێرانکاری و کۆکوژی و وەحشیەتی بەعس لە ساڵی ١٩٨٣ تا ١٩٩١ بوو، کە شاڵاوی بەدناوی ئەنفال یەکێک بوو لە تاوانەکان، هاوکات لەگەڵ بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە هەڵەبجە کە ٥٠٠٠ کەس شەهید بوون. لەم شاڵاوانەدا زیاتر ١٨٠،٠٠٠ کەس شەهید بوون.
- دواجار لە ساڵی ١٩٩١دا پاش جەنگی کەنداو، لەدژی رژێمی بەعس راپەڕین، بەڵام پەلاماری سوپا و کۆپتەرەکانی عێراق

بووە هۆی ڕەوێکی بەکۆمەڵ کە زۆرینەی خەڵکی کوردستان بەرەو چیاکان هەڵهاتن.

- ئەم کۆڕەوە هۆکار بوو بۆ دەرکردنی بڕیاری ٦٨٨ی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی ١٩٩١، ئەم بڕیارە ددانینا بە ناوچە کوردییەکانی عێراقدا. هاوکات سەرکۆنەی ئەو زوڵمەی کرد کە لە "ناوچە کوردنشینەکان" دەکرا و داوای ڕاگرتنی ئەم زوڵمەی کرد و پێداگری کرد لەسەر ڕێگەدان بە ڕێکخراوە مرۆییە نێودەوڵەتییەکان بۆ سەردانکردنی ناوچەکان، ئەمەش ڕێگەی خۆش کرد بۆ هاتنی نێردەیەک بۆ ڕاپۆرتدان لەسەر کێشەکانی خەڵکی عێراق، بەتایبەتی کورد.
- ئەم بڕیارە ڕێخۆشکەر بوو بۆ دروستبوونی ناوچەی دژەفڕین، کە لەسایەی ئەم پارێزگارییەدا خەڵکی هەرێمی کوردستان هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئەنجامدا و حکومەتی هەرێمی کوردستان لە مایسی ١٩٩٢دا پێکهێنرا.
- بەداخەوە ناکۆکییەکان هۆکار بوون بۆ دروستبوونی دوو ئیدارەی جیاواز، یەکێک لە هەولێر و یەکێک لە سلێمانی.
- لەنێوان ساڵانی ١٩٩٢-٢٠٠٣ ڕووبەڕووی دوو ئابڵوقە بوونەوە — ئابڵوقەی نێودەوڵەتی لەسەر عێراق و ئابڵوقەی عێراق لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان.
- بەردەوام بوون لە هۆشیاری و کۆڵنەدان، لە ئۆپەراسیۆنی ئازادی عێراق، هێزە سەربازییە فەرمییەکانمان، پێشمەرگە، بەشدارییان کرد لە هەوڵەکانی لایەنە هاوپەیمانەکان بۆ ئازادکردنی عێراق.
- پاشان ڕۆڵێکی سەرەکیمان گێڕا لە داڕشتنی دەستوری نوێی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٥، کە نزیکەی ٨٠ لە سەدی دانیشتوانی عێراق پەسەندیان کرد.
- دواجار لە ساڵی ٢٠٠٦ دوو ئیدارەکە یەکیانگرتووە و کابینەی پێنجەم پێکهێنرا. کابینەی شەشەم لە ساڵی ٢٠٠٩ دەستبەکاربوو. ئێستا کابینەی حەوتەم درێژەپێدەری ئەم پرۆسەیەیە.

## دیدگای پەرەپێدانی هەرێمی کوردستان

مێژووی ئێمە هاوکات باس لە تراژیدیا و سەرکەوتن دەکات. ئێمە کولتور و شوناسی خۆمان پاراست. زمان کوردی و هونەرەکان زیندو و چالاکن. هەروەها توانیمان خودفەرمانڕەوایی بەدیبهێنین لەم هەرێمەدا، کە دورگەیەکی ئارام و سەقامگیرە لە عێراق، نموونەیەکە کە دەتوانێت ببێتە پێشەنگی عێراقێکی باشتر لە ئایندەدا. بەڵام هێشتا ڕووبەڕووی چەندین گرفت دەبینەوە. بەهۆی رابوردومانەوە، دەزانین کە هەموو خەڵک شایستەی ئەوەن مافەکانی مرۆڤیان بپارێزرێت. بەڵام هێشتا چەندین بەربەرستمان لەڕێیە.

دیدگا و سیاسەتەکانمان کە لەم بەڵگەنامەیەدا پێشکەش دەکرێن، سەرەتایەکن بۆ بەرەنگاربوونەوەی گرفتەکان. لە سەردەمی دڵەڕاوکێی و ناسەقامگیری سیاسیدا، سەقامیگری هەرێم یارمەتیدەر دەبێت بۆ پەرەپێدانی هەرێمی کوردستان وەک دەروازەیەکی گرنگ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، دەروازەیەک بە ڕووی بازاڕێکی ٢٦ ملیۆن کەسیدا لە بەشەکانی تری عێراق کە ڕێگەخۆش دەکات بۆ ئاڵوگۆڕی نێوان بازاڕەکانی عێراق، ئێران، سوریا و تورکیا، هەروەها دەبێتە هەرمێکی نێوەندگیر (ترانزیت) بۆ ئەو گەشتیارە ئاینیانەی سەردانی شوێنە پیرۆزەکانی عێراق دەکەن، دەبێتە شوێنێک بۆ حەوانەوە بۆ خەڵکی ئەوروپا و ئاسیا، هەروەها دەبێتە نێوەندێکی بازرگانی نێودەوڵەتی.

بۆ سوود وەرگرتن لەم دەرفەتانە، پێویستە لاوانی کورستان فێری زمانەکان ببن و کارامەیی بەدەستبهێنن لە بواری تەکنەلۆجیای زانیاریدا و زیاتر بایەخ بدەن بە کار و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری. هاوشێوە، پێویستە حکومەت بەربەستە یاساییەکانی بەردەم کەرتی تایبەت هەڵبگرێت و ڕێگەخۆش بکات بۆ خەڵکی هەرێم خواستەکانیان بەدیبهێنن لەڕێگای خزمەتگوزاری پەروەردە، تەندروستی و کۆمەڵایەتییەوە.

ئەم بەڵگەنامەیە دیدگای ئێمە بۆ ئایندەی کوردستان ڕوون دەکاتەوە. بۆ هەر بوارێک، دیدگای خۆمان دەخەینەڕوو، پاشان ڕوونی دەکەینەوە کە هەرێمەکەمان چۆن دەبێت لە ساڵی ٢٠٢٠. پاشان ئەولەویەتی سیاسەتەکانی حکومەت دەستنیشان دەکەین بۆ پێنج ساڵ، واتا تا ٢٠١٧، ئەمەش وەک ڕوونکردنەوەی هەنگاوەکانی حکومەتی هەرێم بۆ بەدیهێنانی ئەم دیدگایە. لە دوا بەشدا، چۆنێتی چاودێریکردنی پێشکەوتن باس دەکەین و بەرپرسیارێتییەکانی حکومەت و خەڵک دیاری دەکەین.

دیدگای ئێمە بۆ ٢٠٢٠ و سیاسەتەکانمان بۆ بەدیهێنانی ئەم دیدگایە:

- خەڵک دەخاتە پێش هەموو شتێکەوە
- ژێرخانی هەرێم بونیات دەنێت
- هەرێمێکی خاوەن ئابوری گەشەسەندوو دروست دەکات
- حکومەت دەخاتەکار بۆ خزمەتی خەڵکدا



## بەشی یەکەم

# خەڵک لەپێش هەموو شتێکەوە

هەرێمی کوردستان لە سەرچاوەدا دەوڵەمەندە — زەوی کشتوکاڵی، پێگەی ئارکیۆلۆجی، کانزاکان، گاز، نەوت و ئاو. بەڵام بەنرخترین سەرچاوە خەڵکەکەمانە. لەم بەشەدا، دیدگای خۆمان دەخەینەڕوو لەسەر تەندروستی، پەروەردە، بیمەی کۆمەڵایەتی و کار.

## تەندروستی لە کوردستان

دانیشتوانێکی تەندروست بناغەیە بۆ سەرکەوتنی وڵات. تەندروستی خەڵکی هەرێمی کوردستان زۆر گرنگە بۆ سەرکەوتنی ئابوری و کۆمەڵایەتی و خۆشگوزەرانی دانیشتوان.

### دیدگا

سیستەمێکی تەندروستی کارا کە خزمەتگوزارییە بنەڕەتییەکان بە کواڵەتیەکی باش پێشکەش بکات بە هەموو خەڵکی هەرێمی کوردستان، لەپێناو بەرگرتن، چارەسەرکردن و بەڕێوەبردنی نەخۆشی و گرفتە جەستەیی و دەروونییەکان.

### تەندروستی لە ئێستا و لە ٢٠٢٠

هەرێمی کوردستان مێژوویەکی درێژ و نایابی هەیە لە بواری تەندروستیدا، بەڵام لە سایەی رژێمی پێشوودا گورزی گەورەی خوارد. لە دەیەی رابوردودا، تایبەتمەندی کارامە و خۆنەویست هەوڵیاندا زاڵبن بەسەر کێشەکانی وەک بنکەی خراپ و کەمی وەبەرهێنان لەم کەرتەدا. چەندین چاکسازی ئەنجامدراون، بەڵام زۆری تر ماون کە پێویستە ئەنجام بدرێن، بۆئەوەی هەرێم دانیشتوانێکی تەندروستی هەبێت و دیدگاکەی بۆ ئاینده بەدیبهێنێت.

لە ساڵی ٢٠٠٨ و ٢٠٠٩ەوە، بەپێی نیشاندەرەکان، تێکڕای ساڵانی ژیان، مردنی کاتی منداڵبوون، مردنی منداڵ و نیشاندەری تری تەندروستی گشتی خەڵکی هەرێم لە ئاستێکدان کە باشترن لە تێکڕای جیهانی و باشترە لە تێکڕای عێراق بەگشتی. هەنگاوی داهاتوومان بریتییە لە گەیشتن بە ئاستە تەندروستییەکانی وڵاتانی پێشکەوتووی کەنداو و ئەوروپا. یەکێک لە نموونەکان بریتییە لە مردنی منداڵی ساوا (شێوەی ١.١).

هۆکارە سەرەکییەکانی مردنی کەسی پێگەیشتوو لە هەرێم تاڕادەیەک هاوشێوەن لەگەڵ وڵاتانی تری خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و باکوری ئەفریقا، وەک زامداری (زۆربەی بەهۆی رووداوی هاتوچۆوە)، شێرپەنجە، جەڵتە و نەخۆشییەکانی دڵ و خوێن (خشتەی ١.١). لەگەڵ بەردەوامی گەشەی ئابوریدا، پێدەچێت نەخۆشییە گوێزراوەکان کەمببنەوە. ئەمەش هەواڵێکی باشە، بەڵام خۆمان ئامادە دەکەین بۆ کێشەی تەندروستی تازە، بەتایبەتی ئەوانەی لە وڵاتە پیشەسازییەکان بەربڵاون — نەخۆشییە نەگوێزراوەکان و زامداری.

**Figure 1.1** Infant Mortality Rates in the Kurdistan Region and Selected Economies, 2010




**Table 1.1** Leading Causes of Death in Persons Under and Over Age Five, 2009

| Rank | Deaths Under Age 5 | | Deaths Over Age 5 | |
|---|---|---|---|---|
| | Condition | # | Condition | # |
| 1 | Prematurity | 399 | Injuries (all types) | 925 |
| 2 | Septicemia | 170 | Cancers | 463 |
| 3 | Birth asphyxia | 127 | Stroke | 450 |
| 4 | Dyspnea | 113 | Cardiac diseases | 442 |
| 5 | Injuries (all types) | 106 | Heart attack | 359 |
| 6 | Congenital problems | 64 | Encephalitis | 241 |
| 7 | Pneumonia | 49 | Kindey failure | 177 |
| 8 | Neonatal heart failure | 42 | Diabetes | 39 |
| 9 | Gastroenteritis | 23 | Respiratory failure | 30 |
| 10 | Peritonitis | 18 | Hypertension | 28 |

SOURCE: KRG Ministry of Health.

هەرێمی کوردستان چەندین سەرمایەی هەیە بۆ یارمەتیدانی لە بەدیهێنانی دیدگای ئایندە لە بواری تەندروستیدا، وەک تۆڕێکی گەورەی بنکەکانی تەندروستی بنەڕەتی و نەخۆشخانە، کە زامنی دەستگەیشتنی کۆی دانیشتوان دەکەن بە هەندێک چاودێری تەندروستی گشتی، هەروەها کادری راهێنراوی پزیشکی هەیە کە لە کەسە زۆر داناکانی هەرێمەکەمانن. حکومەتی هەرێمی کوردستان زامنی دەستگەیشتن بە چاودێری تەندروستی دەکات لەڕێگای بودجەی گشتییەوە، کە تەمویلی نەخۆشخانە گشتییەکان، بنکە تەندروستییە گشتییەکان و پزیشکەکان دەکات، ئەمانەش چاودێری تەندروستی بە نرخێکی زۆر کەم پێشکەش دەکەن. خەڵک هاوکات دەتوانن نەخۆشخانە و کلینیکە تایبەتەکان و ئەو پزیشکانە بەکاربهێنن کە خۆیان راستەوخۆ پارە دەدەن. نەخۆشخانەکانی کەرتی تایبەت بەشێوەیەکی بەرچاو لە بەرفراوان بووندان، بەڵام رێکخستن و چاودێری سنووردارە. خەڵک بەگشتی پارەیەک زۆر زیاتر دەدەن لە کەرتی تەندروستی تایبەت بۆ هەمان ئەو خزمەگوزاریانەی لە کەرتی گشتی دابین دەکرێت.

ئەمە بنەمایەکی پتەو دابین دەکات بۆ زاڵبوون بەسەر ئاستەنگەکاندا لەکاتێکدا کە سیستەمی تەندروستی بەرەوپێش دەبەین تا ساڵێ ٢٠٢٠ تا چاودێرییەکی باشتر دابین بکەین بۆ خەڵکی هەرێم. دیدگای ئێمە ئەوەیە کە بەستەیەک خزمەتگوزاری تەندروستی بنەڕەتی دابین بکەین لەڕێگای تەمویلی گشتییەوە و لەسەر هەموو ئاستەکانی چاودێریدا پێشکەش بکرێن، پاشان خەڵک پارەی هەموو جۆرەکانی تری خزمەتگوزاری بدەن جگە لەوانەی بەستەکە.

لە سیستەمی تەندروستی ئایندەدا، پێویستە تەمویل و کارایی کەرتی تەندروستی زیاد بکەین، بەتایبەتی لە بواری چاودێری بەرز (داواناوەندی)دا. پێویستە ژمارەی پزیشک و قەرەوێڵەی نەخۆشخانەکان زیاد بکەین، بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی دانیشتوانێکی گەشەسەندوو و زیادبوونی چاوەڕوانکراوی خواست بەهۆی بەرزبوونەوەی داهاتەوە کە خەڵک داوای ئەو ئاستانە لە چاودێری دەکەن کە لە وڵاتانی دەوروبەر پێشکەش دەکرێن (شێوەی ١.٢). هاوکات پێویستە چوارچێوەیەکی یاسایی دابرێژین بۆ تۆڕی گەشەسەندووی نەخۆشخانە تایبەتەکان بۆ زامنکردنی کواڵیتی، هەروەها سیاسەتێک هەبێت بۆ زامنکردنی ئەوەی کە نەخۆشخانە تازەکان دەبنە هۆی پڕکردنەوەی پێداویستییە گشتییەکان.

سیستەمی تەندروستی ئایندە، پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری تەندروستی بەرەوپێش دەبات. ئێستا ژمارەی گونجاوی بنکەی تەندروستی بنەڕەتی هەیە، بەڵام ئەو خزمەتگوزارییانەی پێویستە لەهەر بنکەیەک پێشکەش بکرێن دیاریکراو نین و هەندێک بنکە ئەو خزمەتگوزارییانە پێشکەش ناکات کە پێویستە پێشکەش بکرێن. بنکە و خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان و تایبەتمەندان پێویستە بەشێوەیەکی گونجاو دابەش بکرێن و کارمەند و سەرچاوەی پێویستیان هەبێت بۆ بەرزکردنەی ئاستی دەستگەیشتن، داپۆشین، کارایی و کواڵیتی چاودێری بۆ هەموو دانیشتوان. لە ئێستادا زۆربەی پزیشکەکان تەنها چەند کاتژمێرێک لە کەرتی گشتی کاردەکەن و پاشان دەچن بۆ کلینیکە تایبەتەکانیان. زۆربەی نەخۆشخانە گشتییەکان بەشێوەیەکی ناکارا خراونەتەگەڕ، چونکە ژمارەی کارمەندانیان زۆر زیاترە لە پێویست بۆ دابینکردنی چاودێری کواڵیتی بەرز. سیستەمی تەندروستی ئایندەمان ئەم ناهاوسەنگییەی کارمەندان چارەسەر دەکات. سەلامەتی نەخۆش و کواڵیتی چاودێری لە بنکەکانی چاودێری بەرز (دواناوەندی)دا چاودێری دەکرێن و دەبێت بەرەوپێش ببرێن.

## ئەولەویەتەکانی سیاسەتی تەندروستی

کاتێک سەیری ئایندە دەکەین، چەندین دەرفەت و چەندین هەڵبژاردەمان هەیە بۆ سیاسەتی تەندروستی کە پێویستە دابڕێژرێن بۆ مۆدێرنیزەکردنی سیستەمی چاودێری تەندروستی. بۆئەوەی سیستەمی چاودێری تەندروستیمان هاوتا بکەین لەگەڵ مۆدێلی چاودێری سەدەی ٢١، بایەخ دەدەین بە چوار ئەولەویەت لە بواری سیاسەتی تەندروستیدا هەتا ساڵی ٢٠١٧: تەمویل، خزمەتگوزارییە کلینیکییەکان، خزمەتگوزارییە پارێزگارییەکان و بەڕێوەبردنی کەرتی گشتی.

## دانانی سیستەمێکی کارای تەمویلی چاودێری دارایی.

لە ئێستادا حکومەتی هەرێمی کوردستان شێوازێکی ستراتیژی پەیڕەو دەکات بۆ تەمویلی چاودێری تەندروستی لە هەرێم، بناغەی ئەم شێوازە بیمەی تەندرروستی کۆمەڵایەتییە. پێویستە سیستەمێکی کارای چاودێری تەندروستی، هاندەر لەخۆبگرێت بۆ ڕێنماییکردنی سیستەمەکە و یارمەتیدان لە دیاریکردنی کواڵیتی، دادپەروەری، کارایی، کاریگەریی و تێچووی گشتی سیستەمەکە. بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجانە، ئەم هەنگاوانە دەنێین:


- توێژینەوە و داڕشتن و جێبەجیکردنی سیستەمێکی بیمەی کۆمەڵایەتی لەگەڵ دەرکردنی یاسا و ڕێسای پێویست؛
- دروستکردنی دامەزراوە بۆ دیارکردنی ئامانجە گشتییەکانی سیاسەتی تەندروستی و بەڕێوەبردنی سیستەمی تازەی تەمویل کردن؛
- دروستکردنی کۆمسیۆنێکی تایبەتمەند بۆ دیاریکردنی ئەو خزمەتگوزارییە بنەڕەتییانەی کە پێویستە لە بنکە گشتییەکان پێشکەش بکرێن و بە چ نرخێک؛
- هاندانی دروستبوونی کۆمپانیای بیمەی تەندروستی تایبەت بۆ پێشکەشکردنی پاڵپشتی بە سیستەمەکە یان بۆ بەڕێوەبردنی بیمەی تەندروستی گشتی ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستان ویستی گرێبەستیان لەگەڵ بکات؛
- داڕشتنی پرۆگرام بۆ هاندانی باش کارکردنی نەخۆشخانەکان؛
- داڕشتن و جێبەجێکردنی سیاسەتی موچەدان بە پزیشکەکان بەشێوەیەک کە هاوتا بێت لەگەڵ ئاست و بڕی ئەو خزمەتگوزارییەی پێشکەشی دەکەن؛ و دانانی پرۆگرامی بەڕێوەبردنی ڕاهێنان بۆ پێشکەشکردنی ڕاهێنان بە نەخۆشخانەکان و کاربەدەستانی حکومی، بۆ بەڕێوەبردنی سەرچاوەکان بەشێوەیەکی کاریگەر.

## باشترکردنی بەردەستی و کواڵیتی خزمەتگوزارییە کلینیکییەکان.

لەبواری خزمەتگوزارییە بنەڕەتی، ناوەندی و دواناوەندییەکانی چاودێریدا کۆمەڵێک سیاسەت دادەڕێژین، هەروەها لە بوارەکانی کواڵیتی سەلامەتی نەخۆشدا. چاودێری بنەڕەتی پێکهاتەیەکی زۆر گرنگی هەر سیستەمێکی مۆدێرنی چاودێری تەندروستییە کە ڕاستەوخۆ مامەڵە دەکات لەگەڵ پێداویستی و تەندروستی خەڵک. هەوڵ دەدەین ژمارە بنکە و خزمەتگوزارییە تەندروستییە بنەڕەتییەکان زیادبکەین لە سەرانسەری هەرێمدا، بۆ زامنکردنی دەستگەیشتن بەپێی بەستەی ستاندارده دیاریکراوەکانی خزمەتگوزاری لەسەر ئاستی بنکەکاندا؛ زامنکردنی سیستەمێکی ڕەوانەکردن و بەدواداچوونی کارا لەسەر ئاستە جیاوازەکانی سیستەمی چاودێری تەندروستیدا؛ بەرەوپێشبردنی پەروەردە، ڕاهێنان و ئەدای هەموو تایبەتمەندانی تەندروستی؛ هەروەها جێبەجێکردنی ستراتیژەکان بۆئەوەی بەشێوەیەکی ئاسانتر تایبەتمەند بخرێنەکار و بهێڵرێنەوە لە ناوچە گوندنشینەکاندا. هاوکات کاردەکەین بۆ ڕاکێشانی تایبەتمەندان بۆ تەندروستی خێزان و چاودێری بنەڕەتی، دروستکردنی ڕێچکەی پیشەیی بۆ تایبەتمەندان و بەرزکردنەوەی ستانداردەکانی تایبەتمەندی و بەکارهێنانی پەرستاران.

چاودێری ناوەندی و دواناوەندی ئەو خزمەتگوزارییانە دەگرنەوە کە لە نەخۆشخانە گشتییەکانی شارەکان (ناوەندییەکان) و

**Figure 1.2** Physicians per 10,000 Population in the Kurdistan Region and Selected Economies, 2008




SOURCES: KRG Ministry of Health and World Health Organization.

دواناوەندییەکان لە نەخۆشخانە تایبەتمەندەکان و نەخۆشخانە فێرکارییەکان پێشکەش دەکرێن. ئەولەویەتەکانی سیاسەتی تەندروستی لە بواری چاودێری ناوەندی و دواناوەندی، پێکدێت لە دانانی ستاندارد بۆ خزمەتگوزارییە پێشکەشکراوەکان، دەستنیشانکردنی ئەو بنکانەی ئەم ستانداردانە بەدیناهێنن، هەروەها سیاسەت و پرۆگرام بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ئەو بنکانەی سەرچاوەیان کەمە بۆ ئاستی ستاندارده دانراوەکان. لەوانەیە پێویست بکات هەندێک لە بنکەکان نوژەن بکرێنەوە ژمارەیەکی تر بونیات بنرێن.

بەدیهێنانی کواڵیتی خزمەتگوزاری و سەلامەتی نەخۆش، دیدگا، کارامەیی، هاندەر، سەرچاوەکان و پلانی کار پێویستن. لەڕێگای بەکارهێنانی پێناسەی کواڵیتی و بوارە دیاریکراوەکانی کواڵیتی کە دامەزراوەی پزیشکی ئەمریکی وەک چوارچێوەک دایڕشتوە، ئەو سیاسەتە تەندروستیانە دەردەکەین کە زامنی ئەوە دەکەن کە هەموو خزمەتگوزارییە کلینیکییە پێشکەشکراوەکان کاریگەرن (بڕیارەکان لەلایەن بەڵگە و توێژینەوەوە ڕێنمایی دەکرێن)؛ نەخۆش دەبێتە سەنتەر (خزمەتگوزارییەکان ڕەنگدانەوەی خواست، پێداویستی و بەهاکانی نەخۆشن)؛ لەکاتی گونجاودا (خزمەتگوزارییەکان لەو کاتەدا پێشکەش بکرێن بە نەخۆش و دابینکار کە پێویستیانە)؛ کارا (سەرچاوەکان بەهەدەر نادرێن)؛ دادپەروەرانە (هەموو نەخۆشەکان مافی یەکسانیان هەیە بۆ دەستگەیشتن بە چاودێری تەندروستی)؛ هەروەها سەلامەت (نەخۆش دەپارێزرێت لە هەڵەی پزیشکی، پراکتیزی مەترسیداری پزیشکی و هەوکردنی پەیوەست بە نەخۆشخانەوە). هاوکات سیستەمی پلەبەندی نەخۆشخانە دروست دەکەین بەپێی باشترین شێوازە نێودەوڵەتییەکان.

### برەودان بە خزمەتگوزارییە پارێزگارییەکان.

خزمەتگوزارییە پارێزگارییەکانی تەندروستی بەگشتی کاریگەرترین ڕێگەیە لەڕووی تێچووەوە، بەڵام زۆربەی کات کەمتر ئاوڕی لێدەدرێتەوە لە سیستەمە تەندروستییەکاندا. ئەولەویەتی سیاسەتی تەندروستیمان لەم بوارەدا بریتییە لە دانانی بەستەیەک خزمەتگوزاری پارێزگاری و جێبەجێکردنیان لەسەر ئاستی بنکە ناوچەییەکاندا، بەشێوەیەکی گونجاو و سەلامەت. ئەم خزمەتگوزارییانە ئەم بوارانە دەگرنەوە: تەندروستی منداڵ (پشکنینی جینات لەکاتی لەدایکبووندا، چاودێریکردنی گەشە، پشکنینی بینایی و بیستن)؛ کوتان (کوتانی ڕۆتینی منداڵ و گەورە)؛ تەندروستی ئافرەت (لەکاتی سکپڕی، پاش سکپڕی و ڕۆتینی)؛ پشکنینی گەوران (فشاری خوێن، شەکرەی جۆری ٢، کۆلسترۆڵ، شێرپەنجە، قەڵەویی، جگەرەکێشان، خەمۆکیی)؛ تەندروستی ژینگەیی (ئاوی پاکی خواردنەوە، ئاوەڕۆ و خاوێنی)؛ ڕوونکردنەوەی مەترسییەکانی جگەرەکێشان، سەلامەتی خۆراک و دەرمان (ڕێکخستن و جێبەجێکردنی ڕێوشوێنەکانی سەلامەتی کاڵا هەر لە قۆناغی بەرهەمهێنانەوە تا فرۆشتن)، هەروەها پرۆگرامی کەمکردنەوەی بریندداربوون بەتایبەتی پەیوەست بە ڕووداوەکانی هاتوچۆ.

## پەروەردە لە کوردستان

ڕووداو و پشێوییە مێژووییەکان ڕێگربوون لە زۆرێک لە هاوڵاتییە بەتەمەنەکان کە خواستی خوێندن بەدیبهێنن. بەڵام، لەگەڵ دروستبوونی هەرێمەکەمان و دەسەڵاتە تازەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، دەرفەت درووست بوو بۆ پەروەردەکردنی لاوانمان.

### دیدگا

سیستەمێکی پەروەردە کە خەڵکەکەمان توانادار بکات بۆ بەدیهێنانی خواستەکانیان و پاڵپشت بێت بۆ بەها دیموکراتییەکان، پەرەپێدانی ئابوری و خۆشگوزارانی کۆمەڵایەتی.

### پەروەردە لە ئێستا و لە ٢٠٢٠دا

پەروەردەکردنی هاوڵاتیانی هەرێم تا ئەو پەڕی توانا و خواستەکانیان، زۆر گرنگە بۆ گەشەی بەردەوام. لە ١٠ ساڵی ڕابوردودا، هەرێم هەوڵی مەزنی داوە بۆ بەرفراوانکردنی دەستگەیشتن لە هەموو ئاست و کەرتەکانی پەروەردەدا. لە ساڵی ٢٠٠٣ەوە، زیاتر لە ١٦٠ بنکەی ئامادەسازی پێش-قوتابخانە، ٢،٢٠٠ باخچەی ساوایان تا قۆناغی ١٢، پێنج پەیمانگای تەنکیکی و چوار زانکۆی حکومی کراونەتەوە. تۆمارکردنی (داخڵکردن) ی قوتابیان بە ڕێژەی ٢٧ لە سەد بەرزبۆتەوە لەماوەی پێنج ساڵی ڕابوردودا، لەگەڵ بەرزەبوونەوەی ڕێژەی تۆمارکردن لە قوتابخانە ناوەندی، دواناوەندی و ئامادەییە پیشەییەکاندا، کە لە بەرزبوونەوەی بەردەوامدایە (شێوەی ١.٣).

هاوکات و جیاواز لە وڵاتانی ناوچەکە، هەرێمەکەمان بەشێوەیەکی یەکسان دەرفەتی پەروەردە دابین دەکات بۆ ڕەگەزە جیاوازەکان، هەروەها لە قۆناغی ئامادەیی تەکنیکی و ئاستی زانکۆ، کچان زیاتر لە کوڕان خوێندن تەواو دەکەن. لە ساڵی ٢٠١١-٢٠١٢ کچان ٥٤ لە سەدی کۆی تۆمارکردن پێکدەهێنن لە ئامادەیی تەکینکی، ٤٦ لە سەد لە ساڵی ٢٠٠٦-٢٠٠٧. لە زانکۆکان لە ساڵی ٢٠١١-٢٠١٢ لە ٥٠ لە سەد و لە ساڵی ٢٠٠٦-٢٠٠٧ ٤٥ لە سەد.

لە ساڵی ٢٠٠٩ حکومەتی هەرێمی کوردستان دەستیکرد بە هەنگاونان بۆ گەیاندنی پەروەردەی بنەڕەتی و ناوەندی بە ئاستی ستاندارده نێودەوڵەتییەکان، لەڕێگای ئەنجامدانی ڕیفۆرمی گرنگەوە. مەنهەنجێکی نوێی چڕتر داڕێژرا کە ناسراوە بە (کەی ١٢ [قۆناغی باخچەی ساوایان یا قۆناغی ١٢]) و خوێندنی

زۆرەملێ بەرزکرایەوە لە قۆناغی (٩-١) لەجیاتی قۆناغی ٦. مەرجەکانی ئامادەسازی بۆ مامۆستای نوێ لە قۆناغی بنەڕەتی (٩-١) بەرزکرایەوە و مەرجی هەبوونی بڕوانامەی بەکالۆریۆس دانرا، بۆ ئەمەش کۆلیجی بنەڕەتی مامۆستایان دامەزرا بۆ راهێنانی مامۆستایان. هاوکات سیاسەتی پەروەردەیی دارێژرا بۆ کەمکردنەوەی هێشتنەوەی قوتابیان لە قۆناغە نزمەکاندا و دوو جۆر تاقیکردنەوەی نیشتیمانی دانرا.

پێشکەوتنی هاوشێوە بەدیهات بۆ بەرزکردنەوەی کوالێتی خوێندنی بالا. سیستەمی دڵنیایی جۆریی فێرکردن و پرۆگرامی پەرەپێدانی بەردەوامی ئەکادەمی دانران. هەوڵی گەورە درا بۆ نوێکردنەوەی مەنهەجەکان، ستانداردەکانی فێربوون، بۆ پڕکردنەوەی خواست لە بازاڕی کاردا. هاوکات کۆرس و مەرجمان دانا بۆ بیرکردنەوەی رەخنەگرانە و داهێنان، کارامەیی کۆمپیوتەر، زمانەکان و زانستی بنەڕەتی.

هەوڵەکانی نوێکردنەوە و بەرزکردنەوەی سیستەمەکە بەردەوامە. هەوڵەکانی ئاینده ماماڵە دەکەن لەگەڵ دەستگەیشتن بە پەروەردە، کوالێتی، پەیوەندیداری و شەفافیەت و بەرپرسیارێتی لە هەموو ئاستەکانی پەروەردەدا. هاوکات نوێکردنەوە و بەرزکردنەوە لەخۆدەگرن لە بواری قوتابخانە بنەڕەتییەکاندا، کە زۆربەیان لە دۆخی خراپدان لە ڕووی بیناسازییەوە.

ئێمە هەوڵ دەدەین دەرفەت بۆ هەمووان دابین بکەین بۆ بەدیهێنانی خولیاکانیان بۆ گەیشتن بە ئاست و کوالێتی بەرزی پەروەردە. ئەم پەیمانە، هاوکات لەگەڵ گەشەی دانیشتوان، واتا زیادبوونی بەردەوام لە تۆمارکردنی قوتابیان لە هەموو ئاستەکانی پەروەردەدا. بەربەستی سەرەکیی، کە دەتوانین زاڵبین

بە سەریدا، بریتییە لە بونیاتنانی شوێنی پێویست بۆ پڕکردنەوەی پێداویستی زۆر لە ئەنجامی گەشەی سروشتی دانیشتوان و کەمکردنەوەی پێویستی بە قوتابخانەی دوو دەوام کە بۆتە هۆی کەمکردنەوەی کاتی وانەوتنەوە.


سیستەمی پەروەردە لە ٢٠٢٠دا کوالێتی یەکانگیر و بەردەوام بەدیدەهێنێت لە قۆناغی بنەڕەتییەوە تا دواناوەندی، ئەمەش یارمەتیمان دەدات بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی ئێستا و ئاییندەی ئابورییەکی فرەیی. بەرزکردنەوەی ستانداردەکان و هاوتاکردنی مەنهەجەکان لە هەموو ئاستەکانی پەروەردەدا بەشێکی گرنگی ئەم هەوڵە دەبن. ئەمە بەشداری دەکات لە بایەخدانی قوتابیان بە زانستەکان، بیرکاری و زمانەکان، بۆ دڵنیابوون لەوەی دەرچووەکان ئەو زانیاری و کارامەییانە بەدەستدەهێنن کە خاوەن کارەکان داوایان دەکەن.

جێبەجێکردنی مەنهەجی نوێ تەواو دەکەین. ئەمەش پێویستی بە بەرزکردنەوەی بەرچاوی ستانداردەکانی مامۆستیان هەیە لەگەڵ بەرزکردنەوەی زانیاری مامۆستایانی ئێستا لەسەر ناوەڕۆکی مەنهەج و شێوازەکانی وانەوتنەوە. پێشکەشکردنی پەرەپێدانی پیشەیی بەردەوام زۆر گرنگە. هاوکات پەرەپێدانی مامۆستای یاریدەدەر بۆ مامۆستای وانەبێژ پێویست دەبێت. بەبێ یاریدەدەر، مامۆستا ناتوانێت بەشێوەیەکی کاریگەر مەنهەجی نوێ جێبەجێ بکات. پێگەیاندنی مامۆستای نوێ پێویستی بە باشترکردن هەیە و پێویستە بەرزبکرێتەوە تا بتوانن مامەڵە لەگەڵ ناوەڕۆکی چڕی مەنهەجی نوێ و شێوازەکانی فێرکردن بکەن.

رابەرە پەروەردەییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵ دەدەن هاوسەنگی دروست بکەن لەنێوان فێربوونی قوتابیان و خواستی خاوەن کارەکان. ئەمەش پێویستی بە هەماهەنگی زیاتر هەیە لەنێوان دامەزراوەکانی خوێندن و راهێنانی تەکنیکی و پیشەیی و کەرتی تایبەت لە بواری دانانی مەنهەج، هاوسەنگکردنی وانەکانی خوێندنی پیشەیی و تەکنیکی لەگەڵ خواستی ئابوری بە پیشەکان و زیاکردنی ئەو دەرفەتانەی کە کەرتی تایبەت پێشکەشیان دەکات بۆ راهێنان لەسەر کار. لەکاتێکدا کە خوێندنی تەکنیکی پاش-ئامادەیی گەشەی بەرچاوی بەدیهێناوە، پەروەردەی ئامادەیی پیشەیی ئەولەویەتی داهاتوو دەبێت بۆ بەرزکردنەوە. پێویست دەکات پەروەردەی پیشەیی پەرەی پێبدرێت بۆ قوتابیانی ئامادەیی کە ناخوازن یان ناتوانن قۆناغی پاش-ئامادەیی تەواو بکەن.

هاوکات بایەخ دەدرێت بە شەفافیەت و بەرپرسیارێتی. پێویستە باوان و خەڵک بەگشتی بزانن قوتابخانەکان چ پێشکەوتنێکیان بەدیهێناوە، قوتابیان چاوەڕوان دەکەن کە

**Figure 1.3** Student Enrollment by Education Level, 2006-2007 to 2011-2012




SOURCES: Ministry of Education and Ministry of Higher Education and Scientific Research.

بڕوانامەکانیان ددانی پێدادەنریت؛ هەروەها خاوەن کارەکان چاوەڕوان دەکەن هەڵگرانی بڕوانامەکان پێداویستییەکانیان پڕدەکەنەوە. دابینکردنی زانیاری بۆ باوان لەسەر قوتابخانەی منداڵەکانیان یارمەتیدەر دەبێت لە بایەخپێدانی زیاتری باوان بە پەروەردەی منداڵەکانیان. پتەوکردنی هەڵسەنگاندنی مامۆستا و قوتابی یارمەتیدەر دەبێت لە پێشکەشکردنی سەرنج بۆ مەبەستی بەرەوپێشبردن و دڵنیاییکردن لە شایستەیی فێربوونی بەدەستهاتوو.

## ئەولەویەتەکانی سیاسەتی پەروەردە

هەوڵەکانمان هەتا ساڵی ٢٠١٧ بۆ پەرەپێدانی پەروەردە بایەخ دەدات بەم ئەولەویەتانەی سیاسەتی پەروەردە:

### زامنکردنی دەستگەیشتن بە هەموو ئاستەکانی پەروەردەی (کەی ١٢).

پرۆگرامێک دادەڕێژین و جێبەجێ دەکەین بۆ بونیاتنانی ١،٠٠٠ قوتابخانە کە هەموو ئاستەکان و جۆرەکانی پەروەردە لەخۆبگرێت و لەسەر بنەمای گەشەی قوتابیان و پێویستی بە کەمکردنەوەی ژمارەی قوتابخانە دوو دەوامەکان. هاوبەشی نێوان کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت گەڵاڵە دەکرێت بۆ خێراترکردنی پرۆگرامی بونیاتنان و نوژەنکردنەوەی قوتابخانەکان.

### پێشکەشکردنی پەروەردەی (کەی ١٢) بە کواڵێتی بەرز.

ئەمە پێویستی بە دانانی لیژنەی باڵا دەبێت بۆ پێداچوونەوە و هاوتاکردنی ستانداردە پیشەیی و ئەکادەمییەکان لە هەموو ئاستەکانی پەروەردەدا؛ زیادکردنی کاتی وانەوتنەوەی (کەی ١٢) بۆ ئاستی ستانداردە نێودەوڵەتییەکان؛ پێداچوونەوەی مەنهەجەکان بەپێی ستانداردە دانراوەکان؛ زیادکردنی توانای پێگەیاندن و پەرەپێدانی بەردەوامی مامۆستایان و راهێنانی مامۆستایانی ئێستا لەسەر مەنهەجە تازەکان؛ دانانی ڕێوشوینی پاڵپشتی بۆ جێبەجێکردنی مەنهەج؛ پێداچوونەوەی مەنهەجی کۆلیجەکانی بنەڕەتی مامۆستایان بۆ هاوتاکردنی لەگەڵ مەنهەجەکانی پەروەردەی بنەڕەتی؛ هەروەها ئەنجامدانی جێبەجێکردنی ئەزموونی بۆ پرۆگرامەکان هاوکات لەگەڵ چاودێریکردن و هەڵسەنگاندن.

### زیادکردنی پەیوەندیداری و سەرکەوتنی پەروەردە و راهێنانی تەکنیکی و پیشەیی.

کارەکان پێکدێن لە بەرەوپێشبردنی کواڵیتی مەنهەجەکانی پەروەردەی تەکنیکی و پیشەیی، شوێن و کەرەستەکان، راهێنانی بەڕێوەبەرایەتی و مامۆستایان، دامەزراندنی دەزگایەکی هەماهەنگی باڵا لەگەڵ کەرتی تایبەت بۆ بەشداریکردن لە داڕشتنی مەنهەجی پیشەیی و بەرەوپێشبردنی هاوسەنگی چەندێتی لەنێوان خواست و خستنەڕووی پیشەیی؛ لەبەرچاوگرتنی مەرجە تەکنیکیەکانی خاوەن کار لەکاتی پێداچوونەوە بە مەنهەجە پیشەییەکاندا؛ بەرزکردنەوەی توانا و هەڵبژاردەی پەروەردەی پیشەیی بۆ قوتابیانی ئامادەیی؛ دانانی راوێژکاری پیشەیی لە قوتابخانەکان بۆ ئامۆژگاریکردنی قوتابیان لە بواری پەروەردە و رێچکەی پیشەیی. دانانی کۆمەڵێک مەرجی یەکگرتووە بۆ دەرچوونی قوتابیان کە پێداویستەکانی خاوەنکارەکان پڕبکاتەوە، هەماهەنگی لەنێوان گواستنەوەی قوتابی لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر بۆ دڵنیاییکردن لەوەی قوتابی دەرچووی ئامادەییە پیشەییەکان کارامەیی پێویستی بەدەستهێناوە بۆ درێژەدان بە خوێندن لە ئاستی زانکۆدا.

### زیادکردنی شەفافیەت و بەرپرسیارێتی.

رێگەکانی بەدیهێنانی ئەم سیاسەتە پەروەردەییە پێکدێت لە داڕشتن و جیبەجێکردنی (١) هەڵسەنگاندنی مامۆستایان و دڵنیایی جۆری پرۆگرامەکان لە هەموو ئاستەکانی پەروەردەدا؛ (٢)کارت و راپۆرت بۆ قوتابیانی (کەی ١٢) بۆ باوان و خەڵک بەگشتی؛ و (٣) بڕوانامەی یەکگرتوو لەسەر ئاستی هەرێم بۆ قوتابیانی پەیمانگا تەکنیکییە دوو ساڵییەکان؛ دانانی سیستەمی بەڕێوەبردنی زانیارییە پەروەردەییەکان.

### بونیاتنانی زیاتر لەسەر پەرەپێدانەکانی خوێندنی باڵا.

بەردەوام دەبین لەسەر پەرەپێدانی کواڵیتی، دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ سەنتەرە نێودەوڵەتییەکانی توێژینەوە، وەبەرهێنان لە خەڵک و لە ژێرخاندا، برەودان بە سەربەخۆیی زانکۆکان، دانانی سیستەمی مۆڵەتدان و پلەبەندی بۆ دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا، درێژەدان بە ریفۆرمی کارگێڕی بۆ کەمکردنەوەی رۆتین و دانانی قوتابیان و کارمەندان لە پێش هەموو شتێکەوە، هەروەها پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و دادپەروەری کۆمەڵایەتی لەپێناو بەرەوپێشبردنی ژینگەی فێربوون و کارکردن. کاری زیاتر دەکەین لە چاکسازی لە مەنهەجەکانی زمان، تەکنەلۆجیای زانیاری و بیرکردنەوەی رەخنەگرانە و گفتوگۆ لەڕێگای زیادکردنی راهێنانەوە لە بواری بەڕێوەبردندا، کە سوودی بۆ هەر دوو کەرتی گشتی و تایبەت دەبێت.

# زامنکردنی کۆمەڵگەیەکی فرەیی

## دیدگا

کۆمەڵگەیەک کە تێیدا هەموو خەڵکی هەرێمی کوردستان — عێراق بتوانن خواستەکانیان بەدیبهێنن بەدەر لە جێندەر، پێگەی کۆمەڵایەتی یان ئابوری، شوێنی لەدایکبوون، تەمەن یان ئەتنیک.

## کۆمەڵگەی فرەیی لە ئێستا و لە ٢٠٢٠

هەرێمەکەمان دانیشتوانێکی هەمەڕەنگی هەیە. چەندین ئەتنیک و ئاینمان هەیە. خەڵکی خاوەن توانا و پێشینەی جیاوازمان هەیە. خەڵکمان هەیە کە قوربانی جەنگ و جینۆساید بوون، خەڵکیش کە تەنها لە هێمنیدا ژیاون. ئێمە پێشوازی لە هەموو ئەم خەڵکانە دەکەین و بەهێزی لە فرەییدا بەدیدەکەین. لە ٢٠٢٠دا کۆمەڵگەیەکمان دەوێت کە هەموو جۆرە خەڵکێک ئازادن لە هەوڵدان بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی ژیانیان. ئێمە ئاشناین بە کەمدەستی ژنان و کچان، هەژاران، بێوەژن و بێ سەرپەرشتیاران، زیندانە سیاسییەکان، قوربیانیانی زوڵم و زۆرداری و کەسوکاری شەهیدان و قوربانیانی جینۆساید؛ هەروەها کەمایەتییە ئاینی و ئەتنیکییەکان. ئێمە بەتەنها نامانەوێت یارمەتی ئەم گروپە کەمدەستانە بدەین، بەڵکو دەمانەوێت پەرەپێدان و فرەیی بەدیبهێنین بۆ لاوان.

## باشترکردنی پێگەی ژنان و کچان.

ئافرەت بەشدارییەکی گرنگ دەکات لە کۆمەڵگەکەماندا لە بواری کار و ماڵدا. ئەمڕۆ یاساکانمان ئافرەتان لە هەڵاوێرد دەپارێزن. ژنانی خاوەنکارمان هەیە، پرۆفیسۆری ژن و ئەندام پەرلەمانی ژنمان هەیە. بەڵام هەندێک بەهای کۆمەڵایەتی و کولتوری هێشتا رێگرن لە ئافرەتان لە هەرێمەکەمان بۆ دەستگەیشتن بە سەرچاوەکان و بەدەستهێنانی پێگەی رابەرایەتی لە کۆمەڵگەدا. زۆربەی ژنانی هەرێم باس لەوە دەکەن کە نەیانتوانیەوە بگەنە ئەو ئاستەی خوێندن کە دەیخوازن (٦٢ لە سەد)، هەندێک دەڵێن کارناکەن بەهۆی نەبوونی بڕوانامەوە (١٣ لە سەد). لەڕاستیدا، نایەکسانیەکی زۆر هەیە لە رێژەی خوێندەواریدا (شێوەی ١.٤). پێویستە دڵنیایی بکەین لەوەی کچان و ژنان پەروەردە وەردەگرن، فێربن چۆن بخوێنن و بخوێننەوە، و بزانن چۆن ژمارەکان بەکاربهێنن. نزیکەی ٢٠ لە سەدی ژنان پێش تەمەنی ١٨ ساڵی هاوسەرگیری دەکەن، هەندێک تەنانەت پێش تەمەنی ١٥ ساڵی هاوسەرگیری دەکەن (٥.٤ لە سەد). لە هەرێمی کوردستان تا ٢٠٢٠، هەوڵ دەدەین کەلێنی نێوان پیاو و ئافرەت بچووک بکەینەوە لە بواری خوێندەواری و تۆمارکردن لە قوتابخانە. هەوڵ دەدەین دڵنیایی بکەین لەوەی کە ژنان لە مافە یاساییەکان تێدەگەن و هاندەدرێن بۆ بەشداریکردن لە چالاکییەکانی دەرەوەی ماڵ ئەگەر ویستیان. هەروەها هەوڵ دەدەین دڵنیایی بکەین لەوەی ژنان دەرفەتی یەکسانیان هەیە لە هەموو چالاکییەکانی کۆمەڵگەدا.

## گروپە دەستەوسان و پەراوێزخراوەکان.

کۆمەڵگەی ئێمە هەمیشە تۆڕی رزگارکردنی هەبووە لەشێوەی پاڵپشتی خێزان، کۆمەڵگە و رێکخراوە ئاینییەکان، کە یارمەتیدەر بوون لە دابینکردنی پێداویستییەکانی گروپە دەستەوسانەکان وەک خەڵکی زۆر هەژار، بێوەژن و منداڵی بێسەرپەرشتیار. هەوڵی گەورەمانداوە بۆ برەودان بەم تۆڕە نەریتیانەی رزگارکردن. لەرێگای کارکردنەوە لەگەڵ حکومەتی نێوەندی و بانکی جیهانی، لە ساڵی ٢٠٠٩ ستراتیژێکی هەمەلایەنمان داڕشت بۆ کەمکردنەوەی هەژاری کە چوار ئامانجی هەیە: (١) دروستکردنی دەرفەت بۆ بەدەستهێنانی داهات بۆ هەژاران؛ (٢) تواناداركردنی هەژاران بۆ بەهرەمەندبوون لە مافەکانیان؛ (٣) بونیاتنانی تواناکانی هەژاران؛ و (٤) دانانی تۆڕی رزگارکردنی کۆمەڵایەتی بۆ هەژاران.

لەسەر بنەمای ئەم ئامانجانە، ستراتیژەکە شەش ئەنجامی چاوەڕوانکراوی هەیە. ئەمانەش بریتین لە: (١) داهاتی بەرزتری کار بۆ هەژاران؛ (٢) باشترکردنی تەندروستی هەژاران؛ (٣) بڵاوکردنەوەی بەرزکردنەوەی ئاستی پەروەردە بۆ هەژاران؛ (٤) ژینگەیەکی ژیانی باشتر بۆ هەژاران؛ (٥) بیمەی کۆمەڵایەتی کاریگەر بۆ هەژاران؛ و (٦) نایەکسانی کەمتر لەنێوان ژنان و پیاوانی هەژار.

مەبەستی ئێمە باشترکردنی هەلومەرجی ژیانی هەژاران، مامەڵەکردن لەگەڵ هۆکارەکانی هەژاری و رێخۆشکردن بۆ

گوزەرکردن بەرەو سەرەوە. ئەمە پێویستی بە بەرەوپێشبردنی زیاتری پرۆگرامەکانی هەژارییە. زۆربەی ئەندامانی گروپە پەراوێزخراوەکان تا ئەمڕۆ بەدەست کێشەی زۆرەوە دەناڵێنن. پرۆگرامی خۆراکی عێراق — سیستەمی دابەشکردنی گشتی — بەشە خۆراک بۆ ٩٩ لە سەدی دانیشتوانی وڵات دابین دەکات، لە خەڵکی هەژار و دەوڵەمەند. ئەم برگانەی خۆراک بوونەتە هۆی نزمبوونەوەی نرخی خۆراک، کە سوودیان هەیە بۆ هەندێک بەڵام کاریگەری خراپیان هەیە لەسەر جوتیاران، کە پێکهێنەری زۆرینەی دانیشتوانی هەژاری ناوچە گوندنشینەکانن. پرۆگرامی پاڵپشتی ئێمە فریاگوزاری پێشکەش دەکات بەوانەی پێویستیانە، بەڵام زۆرینەی سوودمەندان هەژار نین. ئامانجی ئێمە دووبارە داڕشتنەوەی ئەم پرۆگرامانەیە، بۆ ئەوەی تا ٢٠٢٠ هاوکاری پێشکەش بکرێت بەوانەی کە پێویستیانە و دەرفەتی ئابوری دروست بکرێت بۆ هەموان.

### زیندانیانی سیاسی، قوربانیانی زۆرداری، کەسوکاری شەهیدان و قوربانیانی جینۆساید.


حکومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵی زۆریداوە بۆ ستایشکردنی ئەوانەی کە گیانیان بەختکردوە و قوربانی زۆریانداوە بۆ پاراستنی هەرێمی کوردستان. ساڵانە نۆ چالاکیی یادکردنەوە رێکدەخرێت بۆ رێزگرتن لەو شەهیدە قارەمانانەی کە گیانیان بەختکرد بۆ پاراستنی خەڵکی کوردستان، هەروەها رێزنان لە کەسوکارییان کە میراتگری قوربیانییەکانی ئەوانن و بەردەوامن لە خەبات. هاوکات حکومەت هاوکاری دارایی دابین دەکات بۆ ئەو خێزانانەی ئەندامیان لەدەستداوە، لەوانە موچەیەکی مانگانە و هاوکاری تەندروستی، پەروەردە و خانووبەرە.

### فرەیی ئاینی و ئەتنیکی.

هەرێمەکەمان ئەو راستییەی قبوڵکردوە کە کۆمەڵگەیەکی فرەییە. کەمایەتییە ئەتنیکی و ئاینییەکان — مەسیحی، یەزیدی، تورکمان و عەرەب و چەندین گروپی تر — لە هەرێم دەژین و کاردەکەن. حکومەتەکەمان بەتەنها لە کورد پێکنەهاتووە. پێویستە هەرێمەکەمان دڵنیایی بکات لەوەی کە هەموو خەڵک و زمان و ئاینەکانیان ئاسانکارییان بۆ دەکرێت و رێزی تەواویان لێدەگیرێت لە چوارچێوەی دیدگای ئێمەدا بۆ کۆمەڵگەیەکی باشتر.

پەرەپێدان و بەشدارییپێکردنی لاوان. ئێمە دانیشتوانێکی لاومان هەیە. دوو لەسەر سێی دانیشتوانمان لە تەمەنی ٣٠ ساڵی و کەمتردان و نیوەی دانیشتوان لە تەمەنی ٢٠ ساڵی و کەمتردان. ئەمانە ئەو کەسانەن کە کوردستانی نوێ بونیات دەنێن. هەنگاومان ناوە بۆ رووبەڕووبوونەوەی گرفتەکانی لاوان و برەودان بە بەهرەکانیان، وەک زیادکردنی رێژەی تۆمارکردن لە کۆلیجەکان بۆ دەرچوانی قوتابخانە ئامادەییەکان، یادکردنەوەی رۆژی جیهانی لاوان بۆ ماوەی یەک مانگی تەواو، هەروەها ئەنجامدانی گفتوگۆ لەسەر چۆنێتی نوێنەرایەتیکردنی لاوان لە پرۆسەی بڕیارداندا. دوا رووپێوەکان نیشانی دەدەن کە لاوان لە کوردستان ئاستی ئاسوودەییان بەرزترە لە لاوانی ناوچەکانی تری عێراق. ئێمە دەمانەوێت دڵنیایی بکەین لەوەی کە لاوانمان بەردەوام دەرفەتی پەرەپێدانی دەروونی، هزری و کۆمەڵایەتی و دەرفەتی پیشەیی باشیان بۆ فەراهەم دەکرێت، هەروەها دڵنیایی کردن لەوەی کە پەیوەندییان هەیە لەگەڵ لاوانی کوردستان و دەرەوەی کوردستان.

**Figure 1.4** Illiteracy by Gender and Environment, 2011




SOURCES: KRSO and Iraq Knowledge Network.

## ئەولەویەتەکانی سیاسەتی ئەم بوارە

پرۆگرامەکەمان تا ساڵی ٢٠١٧ بۆ گروپە کەمدەستەکان ئەم سیاسەتانە لەخۆدەگرێت بۆ دڵنیایی کردن لەوەی کە هیچ کەسێک لە هەرێم ناچەوسێنرێتەوە لەسەر بنەمای شوناس یان لەبەرئەوەی بەدبەختی زەبری لێداوە:

### زامنکردنی دەرفەتی یەکسان بۆ کچان و ژنان.

سیاسەتی ئێمە بۆ ژنان و کچان هەموو بوارەکان دەگرێتەوە، وەک پەروەردە، بازاڕی کار، پەرەپێدانی کەرتی تایبەت و هاوکاریی کۆمەڵایەتی. لەبواری هاوکاریی کۆمەڵایەتیدا، پاراستنی کۆمەڵایەتی زیاد دەکەین لەڕێگای زیادکردنی پارەدان بۆ هاوکاری منداڵ بۆئەوەی دایکانی کەمدەرامەت کە منداڵی بچووکیان هەیە بتوانن بەئاسانی درێژەبدەن بە پەروەردەی منداڵەکانیان. کاردەکەین بۆ گۆڕینی پەروەردەی تەکنیکی و پیشەیی بەشێوەیەک کە رێخۆشکەر بێت بۆ ئەو دایکانەی منداڵ بەخێودەکەن. هەروەها مامەڵە دەکەین لەگەڵ توندوتیژی جێندەری. لە کۆمەڵگا مۆدێرنەکەماندا، کوشتنی شەرەف و خەتەنەکردنی مێینە جێگەیان نابێتەوە، هەروەها کاردەکەین بۆ قەدەغەکردنی ئەمانە بە یاسا و جێبەجێکردنی یاساکان بەتووندی. هاوکات هیچ شوێنێک نابێت بۆ توندوتیژی خێزانی، خۆسوتاندن، بەتایبەتی لەناو کچانی لاوی ناوچە گوندنشینەکان، بەرەنگاری ئەمانە دەبینەوە لەڕێگای بەرەوپێشبردنی سیستەمی پاراستنی یاسایی بۆ ئافرەتان و دروستکردنی تۆڕی رێکخراوەکان و پرۆگرامی پاڵپشتی دارایی بۆ هاوکاریکردنی قوربانیانی توندوتیژی خێزانی.

### کەمکردنەوەی هەژاری لەڕێگای پەرەپێدانی تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتییەوە.

بەردەوام دەبین لە جێبەجێکردنی ستراتیژی کەمکردنەوەی هەژاری بەشێوەیەکی چڕتر. هەژاری لە ناوچەکانی دەرەوەی شارەکان و کەرتی کشتوکاڵدا چڕ بۆتەوە، ئێمە مامەڵە دەکەین لەگەڵ ئەم کێشە سێکتەری و شوێنییانە لەڕێگای زامنکردنی ئەوەی کە پرۆژەکانی پەروەردە، تەندروستی، بازاڕی کار و ژێرخانی ناوچە گوندنشینەکانیش دەگرنەوە، نەک تەنها شارەکان. ئەمە پێویستی بە پەرەپێدانی خزمەتگوزاری گواستنەوەی گشتی هەیە لەنێوان گوندەکان و شارەکاندا بۆ ئاسانکردنی دەستگەیشتن بە کار، هەروەها پێویستی بە پەرەپێدانی کواڵیتی چاودێری تەندروستی هەیە. وەک بەشێک لە پەرەپێدانی تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی و هاوکاریکردنی جوتیارە هەژارەکان، چاکسازی دەکەین لە هاوکاریکردنی هەژاراندا بۆئەوەی پارەدانی راستەوخۆش لەخۆبگرێت نەک تەنها هاوکاریی نادارایی.
پرۆگرامە ناداراییە سەرەکییەکانی ئێستا بریتین لە خانووبەرەی گشتی و بەشە خۆراک. بەڵام ئەمانە بەشێوەیەکی لاواز دابین دەکرێن و ئەو گروپانەی دەکرێنە ئامانج گونجاو نین. یەکێک لە ئامانجەکانی ئەم سیاسەتە بریتی دەبێت لە دەستنیشانکردنی هەژاران بەشێوەیەکی گونجاو و دڵنیایی کردن لەوەی کە پارەی پێویستیان هەیە بۆ ژیانێکی ستانداری گونجاو.

### هاندانی پەرەپێدانی ڕێکخراوە ناحکومییەکان.

هەژاری، نایەکسانی جێندەری، نەبوونی لێبوردەیی بەرامبەر گروپە ئەتنیکی و ئایینییەکان کێشەی کۆمەڵایەتین و پێویستیان بە بەشداری چالاکوانە کۆمەڵایەتییەکان هەیە. کاردەکەین بۆ بەدەستهێنانی پاڵپشتی ڕێکخراوە قازانج نەویست و ناحکومییەکان و ڕێکخراوەکانی کەرتی تایبەت لە هاوکاریکردنی هەژاران و گروپە دەستەوسانەکاندا. ڕێکخراوە ناحکومییەکان دەتوانن پردێکی پەیوەندیی گرنگ بن لەنێوان ئەو کاربەدەستانەی پرۆگرامەکان جێبەجێ دەکەن و ئەوانەی سوودمەند دەبن لە پرۆگرامەکان لەڕێگای دروستکردنی هەڵمەتی بڵاوکردنەوە و گەیاندن، کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر کارایی پرۆگرامەکان و هێنانی سەرچاوەکانی کەرتی تایبەت.

### پتەوکردنی یاساکانی دژە-هەڵاوێرد و جێبەجێکردنیان.

پێویستە هەموو گروپەکانی کوردستان دەرفەتی یەکسانیان هەبێت بۆ سەرکەوتن و ڕێزیان لێبگیرێت وەک مرۆڤ. پێداچوونەوە دەکەین بۆ یاساکانی دژە-هەڵاوێرد و پتەوتریان دەکەین و بەشێوەیەکی توندتر جێبەجێیان دەکەین بۆ دڵنیاییکردن لەوەی کە هەموان بەیەکسانی مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت.

### زامنکردنی پەرەپێدان و بەشدارپێکردنی لاوان.

زۆربەی سیاسەتەکانی تەندروستی، پەروەردە و بازاڕی کار هاوکاری لاوان دەکەن. دەتوانین کاری زیاتر بکەین، لە هەموو کارەکانماندا، دڵنیایی دەکەین لە گەیشتنمان بە لاوانی ناوچە گوندنشینەکان. لەڕێگای بۆنەکانی وەک فیستیڤاڵی لاوانی کورد، سەردانی مەیدانی، کۆنفرانسی سەرئەنتەرنێت، یارمەتی لاوان دەدەین بۆ دروستکردنی پەیوەندی لەناو کوردستان و دەرەوەی کوردستان. پرۆگرامی دەستگەیشتن و پرۆگرامی تەلەڤزیۆنی ئامادە دەکەین بۆ یارمەتیدانی لاوان بۆ لەبەرچاوگرتنی ڕێچکەی پیشەیی و بەرزکردنەوەی ئاستی زانیارییان لەسەر کولتور و هەرێمەکەمان. هاوکات تیپە وەرزشییەکان زیاتر و باشتر دەکەین، بۆئەوەی لاوان تەندروست بن و یەکتر بناسن لە ژینگەیەکی سەلامەتدا.

# بازاڕی کار لە کوردستان

## دیدگا

بازاڕی کاری کەرتی تایبەت کە تێیدا کارخوازان بتوانن کار بدۆزنەوە، بگوێزنەوە بۆ کاری باشتر بەپێی خواستی خۆیان و پاداشت بدرێنەوە بەرامبەر کار، بازاڕێک کە تێیدا خاوەنکار بتوانێت کارمەندی کارامە بدۆزێتەوە و ئازادانە ئەو کەسانە بەکاربخەن کە دەیانەوێت.

## بازاڕی کاری ئێستا و ٢٠٢٠

ئابوری ئێمە بەشێوەیەکی خێرا گەشە دەکات و پێویستی بە هێزێکی کاری کارامە و پەروەردەکراو هەیە بۆ هاوکاریکردنی پەرەپێدانی هەرێم. ئەو کەسانەی لە هەرێم کاردەکەن دەرفەتی باشتریان هەیە بۆ دۆزینەوەی کار بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی دەوروبەر. ڕێژەی بێکاری نزمترە لە ناوچەکانی تری عێراق (شێوەی ١.٥) هەروەها نزمترە لە تورکیا، میسر و سوریا. ڕێژەکە بەپێی جێندەر جیاوازە، نزیکەی ١٣ لە سەدی ئافرەتانی ناو هێزی کار بێکارن و کەمتر لە ٥ لە سەدی پیاوان بێکارن. بەڵام تەنانەت ئەم ڕێژەیەی بێکاری ئافرەتان دەستکەوتێکی بەرچاوە و نزمترە لەهەمان ڕێژە لە میسر و سوریا و هاوشێوەیە لەگەڵ ڕێژەکانی عێراق و تورکیا.

لەئێستادا، نزیکەی ١.٢ ملیۆن کەسی تەمەن ١٥ ساڵ یان زیاتر لە هێزی کاردان، واتا یان کەمێک کاردەکەن یان چالاکانە بەدوای کاردا دەگەڕێن. ئەمە نزیکەی ٤٠ لە سەدی کۆی دانیشتوانە کە تەمەنیان ١٥ ساڵ یان زیاترە. زۆربەی ئەوانەی کارناکەن لەلایەن کەسوکاریانەوە هاوکاری دەکرێن، کە کار بۆ حکومەت دەکەن یان هاوکاری لە حکومەت وەردەگرن. ڕێژەی بەشداری لە هێزی کاردا ئاماژەیە بۆئەوەی کە نزیکەی ٦٧ لە سەدی پیاوان لە تەمەنی کاردا و ١٤ لە سەدی لە ئافرەتان لە تەمەنی کاردا، یان کاردەکەن یان چالاکانە بەدوای کاردا دەگەڕێن (شێوەی ١.٦).

دانیشتوانی هەرێم زۆر لاوە، نزیکەی ٥٠ لە سەدی دانیشتوان تەمەنیان ٢٠ ساڵ یان کەمترە. لەماوەی ٢٠ساڵی داهاتوودا، هەرێم ئەزموونی گۆڕانکارییەکی گەورەی دیمۆگرافی دەکات لە بازاڕی کاردا کاتێک ئەم پێکهاتەیەی دانیشتوان دەگاتە تەمەنی کارکردن. لەم ماوەیەدا، نزیکەی ٨٥٠،٠٠٠ تا ١.١ ملیۆن کارخوازی نوێ زیاد دەکات کە دەخوازن بچنە بازاڕی کارەوە.


لە ٢٠٢٠دا، پێشبینی ئابوورییەک دەکەین کە تێیدا پیاو و ژنی کارخواز دەتوانن کار بدۆزنەوە لە کەرتی تایبەت. ئێمە دەمانەوێت ئەمانە ئەو کارانە بن کە هاوتان لەگەڵ کارامەیی و تواناکانی کارمەندان. لەئێستادا، لەگەڵ کەمی بەکارخستن ڕووبەڕووین، زیاتر لە ١٧ لە سەد، زۆربەی خەڵک دەیانەوێت کاری زیاتر بکەن لەوەی دەرفەتەکان ڕێگەیان دەدات. سیاسەتەکانی ئێمە هەوڵی گۆڕینی ئەمە دەدات.

یەکێک لە بوارەکانی جێگەی بایەخ بریتییە لە کارامەییەکان. دانیشتوانی ئێمە پێویستیان بە کارامەیی زیاتر هەیە بۆ سەرکەوتن لە کەرتی تایبەت، هەروەها کەرتی تایبەتی گەشەسەندوومان پێویستی بە کارمەندی خاوەن کارامەیی باشتر هەیە. پێویستە زمانی وڵاتانی دراوسێ و زمانی بازرگانی نێودەوڵیتی بزانن، پێویستە بتوانن تەکنەلۆجیای زانیاری بەکاربهێنن لە چەندین جۆری کاردا، هەروەها پێویستە لە ئاستی ستانداردە نێودەوڵەتییەکاندا کاربکەن لەو پیشەیەدا کە هەڵیدەبژێن.

بوارێکی تری جێگەی بایەخ بریتییە لە یاساکانی کار و خانەنشینی. یاساکانی کار و خانەنشینی کۆنن و پێویستیان بە چاکسازی هەیە بۆ دڵنیایی کردن لەوەی کە کارمەندانی کەرتی تایبەت بیمە و سوودی ڕەوا وەردەگرن و دەبێتە هۆی ڕاکێشانی کارمەندی زیاتر بۆ کەرتی تایبەت. ئەو یاسایانەی بەکارخستنی کارمەندی بیانی ڕێکدەخەن، بەشێوەیەکی توند جێبەجێ ناکرێن، لە ئەنجامی ئەمە، زۆربەی خاوەنکارە تایبەتەکان کارمەندی بیانی بەکاردەخەن لەو پیشانەدا کە پێویستە هاوڵاتیانی هەرێم کاری تێدا بکەن. پارەدان بۆ سندوقی خانەنشینی لەلایەن کارمەند و خاوەنکارەوە تەبا نەبووە و بڕەکەی زۆر کەمە.

لەکۆتاییدا، پێویستە هاوسەنگی بگێڕینەوە بۆ ئابوورییەکەمان. لەئێستادا حکومەت زۆربەی هێزی کاری بەکارخستوە، بەڵام ئەمە ناکرێت بەردەوام بێت، بەتایبەتی لەکاتێکدا کە هێزی کار لە گەشەدایە. دامەزراندنی کارمەندی حکومەت لە توانای بودجە بەدەرە و تواناکانمان کەمدەکاتەوە بۆ بەکارهێنانی بودجە بۆ وەبەرهێنان لە ژێرخانی پێویستدا. لەوەش گرنگتر،

**Figure 1.5** Percentage of Labor Force Unemployed in the Kurdistan Region and the Rest of Iraq, 2011




SOURCES: KRSO and Iraq Knowledge Network.

ئێمە دەخوازین ئابوری بەرفراوانتر بکەین، کە باشترین ڕێگا بۆ ئەنجامدانی ئەمە، بونیاتنانی کەرتێکی تایبەتی تەندروست و داهێنەرە. ئەم کەرتە تایبەتە پێویستی بە دەستگەیشتن دەبێت بە هێزی کار تا بتوانێت کارمەندی کارامەی لێ بەکاربخات.


لەکاتی دوو ئابڵوقەی ئابوریدا لە ساڵانی ١٩٩١ — ٢٠٠٣، خەڵکمان هەبوو کە سووربوون لەسەر یارمەتیدانی خۆیان، بەڵام کەرتی تایبەت نەبوو تا کاری لێبدۆزنەوە. لەبەرئەوە حکومەت کاریکرد بۆ دابیکردنی کار تا خەڵک بتوانێت ژیانێکی ڕێزدار بگوزەرێنێت لەڕێگای بەشداریکردن لە خزمەتکردنی کۆمەڵگا و کارکردنی مەردانەوە. بەڵام ئێستا ئەو کاتە بەسەرچووە.

زیاتر لە نیوەی کارمەندان، ٥٦٠ هەزار کەس لە هەرێمی کوردستان کار بۆ حکومەت دەکەن (شێوەی ١.٧). نزیکەی ٨٠%ی هەموو کارمەندانی ئافرەت لە هەرێمی کوردستان کار بۆ حکومەت دەکەن، بەڵام ٤٥%ی کارمەندانی پیاوان کار بۆ حکومەت دەکەن.

ئێمە دەزانین کە دەتوانین هاوسەنگی بگێڕینەوە بۆ بواری کارکردن لەنێوان حکومەت و کەرتی تایبەتدا. زۆربەی فەرمانبەرانی حکومەت کارامەیی و تایبەتمەندییان هەیە، وەک توانای زمانزانی و ئاستی پێویستی خوێندن، کە ڕێگەیان دەدات کاری حکومی بەجێبهێڵن و کاری پڕداهات لە کەرتی تایبەت پەیدابکەن. زیاتر لە یەک لە پێنجی فەرمانبەرانی حکومەت لەیەک کاتدا کار بۆ حکومەت و کەرتی تایبەت دەکەن، ئەو کارانەی ئەمانە دەیکەن لە دوو پیشە و تایبەتمەندی جیاوازدان.

ئەم هەوڵە پێویستی بە چاکسازی هەیە لە سیستەمی قەرەبووکردنەوە و گۆڕینی کەرتی تایبەت تا زیاتر سەرنجڕاکێش

**Figure 1.6** Labor Force Participation in the Kurdistan Region, 2012




SOURCE: Kurdistan Region Labor Force Survey.

بێت لەوەی ئێستا هەیە. ئەگەرچی بۆ زۆربەی پیشەکان، موچەی کەرتی تایبەت بەرزترە، سوودەکانی کاری حکومی سەرنجڕاکێشترن لەوانەی کەرتی تایبەت پێشکەشیان دەکات. زیاتر لە ٨٠ لە سەدی فەرمانبەرانی حکومی چاودێری تەندروستی، خانەنشینی و مۆڵەتی بەموچە وەردەگرن، لەکاتێکدا ٢٠ لە سەدی کارمەندانی کەرتی تایبەت بەهرەمەندن لەهەمان ئاست لە سوود (شێوەی ١.٨). هاوکات فەرمانبەرانی حکومەت بەهرەمەندن لە کاتژمێری ڕێکخراوی کار و ئاسایشی زیاتری کار، زیاتر لە کارمەندانی کەرتی تایبەت، واتا کەرتی حکومی سەقامگیرترە لە کەرتی تایبەت.

## ئەولەویەتەکانی سیاسەتی ئەم بوارە

پرۆگرامەکان هەتا ٢٠١٧ بازاڕی کار بەرەپێش دەبات و ئەم ئەولەویەتانەی سیاسەت لەخۆدەگرێت:

### ئەنجامدانی چاکسازی یاسایی.

ئەمە پێکدێت لە نوێکردنەوەی یاسای کار بۆئەوەی بازاڕێکی کاری شیاو دابین بکات، کە کرێکاران بە ئازادی بتوانن کێبەرکێ بکەن بۆ ئەو کارانەی دەیانەوێت و خاوەنکاران ئازاد بن لە هێشتنەوەی ئەو هێزی کارەی پێویستیان پێیەتی. ستانداردەکانی ئێمە بۆ ئەم یاسایە بریتی دەبێت لە یاسای کاری وڵاتانی پێشکەوتوو — ئەو وڵاتانەی ئاستی گەشەی مرۆیی و ئابورییان لە ئاستێکدایە کە ئێمە دەخوازین پێیبگەین. چاکسازی یاسایی هاوکات بەشێوەیەکی باشتر بازاڕ ڕێکدەخات بۆ کاڵای هاوردەکراو بۆئەوەی دانیشتوانی خۆمان هەلی باشی بەدەستهێنانی کاریان هەبێت.


### دڵنیاییکردن لەوەی هێزی کار زۆر کارامەیە.

هاوکات لەگەڵ ئامانجەکانی بواری پەروەردە، لێکۆڵینەوە دەکەین لەو سیاسەتانەی کە قوتابی زانکۆ توانادار دەکەن بۆ کارکردن وەک بەشێک لە ڕاهێنان لەکاتێکدا کە قوتابین، ئەمەش کۆمپانیاکان توانادار دەکات بۆ پارەدانی ڕاهێنان بۆ کارمەندانیان بەشێوەیەکی ئاسانتر، هەروەها هاوڵاتیان توانادار دەکات بۆ بەدەستهێنانی فێربوونی درێژخایەن و دەرفەتی بونیاتنانی کارامەیی.

### ئەنجامدانی چاکسازی لە سوود (دەرماڵە) و خانەنشینی.

چاکسازییەکان بایەخ دەدەن بە دروستکردنی سیستەمێکی خانەنشینی حکومی کە دەرفەت دروست دەکات بۆ پەیوەندیکردنی زیاتر بە کەرتی تایبەتی گەشەسەندووی هەرێمەوە. ئامانجمان سیستەمێکی هەمەلایەنی خانەنشینییە کە بتوانێت مامەڵە بکات لەگەڵ تەمەنی خانەنشینی و پەیوەندیی نێوان ئاستی سوودەکانی خانەنشینی، ماوەی خزمەت و موچەی بەدەستهاتوو. وەک لە بەشی چاودێری تەندروستیدا باسکرا، دانانی سیستەمەی تەمویلی چاودێری تەندروستی یارمەتیدەر دەبێت لە ڕاکێشانی زیاتری خەڵک بۆ کەرتی تایبەت.

**Figure 1.7** Employment in the Kurdistan Region by Sector, Percent, July 2012




SOURCE: Kurdistan Region Labor Force Survey.

### دانانی سیستەمێکی هەمەلایەنی بیمەی بێکاری.

سیستەمەکە تاکەکەسەکان دەپارێزێت لە ئەگەری چاوەڕواننەکراوی لەدەستدانی کار، هەروەها ئاستی پاراستنی کارمەندانی کەرتی تایبەت بەرزدەکاتەوە.

### یارمەتیدانی ئافرەتان بۆ بەشداریکردن و سەرکەوتن لە بازاڕی کار.

ئابوری ئێمە بەهێزتر دەبێت ئەگەر ئەو ئافرەتانەی دەیانەوێت کاربکەن بتوانن کاربکەن. ئەو سیاسەتانەی ڕێخۆشکەر دەبن بۆ ئەمە پێکدێن لە هۆی گواستنەوەی گشتی باشتر کە ڕێگەبدات بە ئافرەتان کاتژمێرەکانی کار بەشێوەیەکی گونجاو ڕێکبخەن، پرۆگرامی ڕاهێنان و تەمویل، کە ئافرەتی پیشەنگ لەبواری بازرگانیدا بکەن بە ئامانج، هەروەها جێبەجێکردنی باشتر و توندتری یاساکانی دژە-هەڵاوێرد. وتار و کاری حکومەتەکەمان نیشانی دەدات کە ئافرەتان شایستەی دەرفەتی یەکسانن لە بازاڕی کاردا، هەروەها هەوڵ دەدەین بۆ دابینکردن دەرفەتی گرێبەستکردن لەگەڵ ئەو کۆمپانیایانەی ئافرەتان خاوەندارێتییان دەکەن.


## ڕێگەی کارکردنی داهاتوو

حکومەتەکەمان لە سیاسەت و کارەکانیدا، خەڵکی کوردستان دەخاتە پێش هەموو شتێکەوە. پرۆگرامی ئێمە بۆ باشترکردنی ژیانی خەڵک پێکدێت لە کۆمەڵێک سیاسەتی پێکەوە گونجێنراو کە کواڵیتی ژیان لە هەرێمی کوردستان بەرزدەکەنەوە.

کاردەکەین بۆ بونیاتنانی دانیشتوانێکی تەندروست و خوێندەوار کە بتوانێت کاری پڕداهات بدۆزێتەوە و ڕووبەڕووی گرفتی ناپێویست نەبێتەوە کاتێک بەخت یاوەری نابێت، وەک کاتی لەدەستدانی کار یان مردنی ئەندامێکی خێزان.

تەندروستی باش خەڵک توانادار دەکات بۆ بایەخدان بە پەروەردە و کارکردنی ماندونەناسانە وەک کارمەند یان خاوەنکار. بازاڕی کاری مۆدێرن خەڵک توانادار دەکات کار بدۆزنەوە کە پارەیان دەستبکەوێت و تەندروستی خۆیان بپارێزن و پاڵپشتی خوێندنی خۆیان و منداڵەکانیان بکەن. هەروەها تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی خەڵک توانادار دەکات بۆ هەستانەوەی پاش شکست و بەدەستهێنانەوەی تەندروستی باش و کار.

**Figure 1.8** Percentage of Employees That Reported Receiving Employment Benefits by Type of Benefit and Sector, 2011




SOURCES: KRSO and Iraq Knowledge Network.



## بەشی دووەم

# بونیاتنانی هەرێم: ژێرخان

دانیشتوانێکی تەندروست و خوێندەوار دەتوانێت کۆی خواستەکانی بەدیبهێنێت تەنها ئەگەر ژێرخانی گونجاو هەبێت بۆ پاڵپشتیکردنی ئەمە. لەم بەشەدا، دیدگا و سیاسەتەکانی خۆمان پێشکەش دەکەین بۆ بونیاتنانی ئەم ژێرخانە.

## ژێرخان لە ئێستا و لە ٢٠٢٠

ژێرخانی وڵاتی ئێمە بۆ ماوەی چەندین ساڵ و تا ئازادی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣ زۆر پشتگوێخرا بوو و هەرێم خزمەتگوزاری زۆر سنووورداری هەبوو. بەڵام حکومەتی هەرێمی کوردستان هۆشیار بوو لە پێویستی بە وەبەرهێنان بۆ پاڵپشتیکردنی گەشەی ئابوری هەرێم و خۆشگوزەرانی هاوڵاتیان و چەندین پرۆژەی پەرەپێدانی ژێرخانی گرنگی جێبەجێکردوە بۆ چارەسەرکردنی کەموکورییەکان. ئێستا گەشتی ئاسمانی بەردەوام هەیە کە بە ئاسانی دەمانبەستێتەوە بە هەموو بەشەکانی جیهانەوە، تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردنی بەهێزمان هەیە کە رێگەمان دەدات پەیوەندی لەگەڵ یەکتر و لەگەڵ جیهان بکەین، هەروەها ئاستی بەرهەمهێنانی کارەبا کە هاوشێوەی نییە لە شوێنەکانی تری عێراق.

هێشتا گرفتی ژێرخانمان هەیە. بەتەنها نابێت بەردەوام بین لە بونیاتنانەوەی ژێرخانەکەمان، بەڵکو هاوکات پێویستە خێراییمان تەبا بێت لەگەڵ زیادبوونی دانیشتوان و گەشەی ئابوری و پەرەپێدانی کەرتی تایبەت و هاتنی بەرچاوی وەبەرهێنەری بیانی، هەموو ئەمانە خواستیان دەبێت لەسەر بەرزکردنەوەی ئاست و کواڵیتی خزمەتگوزارییەکان. چەندین سەرکەوتنمان بەدیهێناوە، بەڵام هێشتا بەربەستی گەورە ماوە. رووبەڕووی ئەم بەربەستانە دەبینەوە لە بوارەکانی گواستنەوە، ئاو و ئاوەڕۆ، کارەبا، پەیوەندییەکان و نیشتەجێکردن.

## ئەولەویەتەکانی سیاسەتی ژێرخان بەگشتی

سیاسەتە گشتییەکانمان تا ساڵی ٢٠١٧ بریتی دەبن لە باشترکردنی ژێرخانی هەرێم لەوانە:

### نرخدانانی گونجاو بۆ خزمەتگوزارییەکانی ژێرخان.

بۆ هەموو بوارەکانی خزمەتگورزارییە گشتییەکانی ژێرخان، سیاسەتی گشتیمان بریتی دەبێت لە دانانی نرخ کە گونجاو بێت لەگەڵ تێچووی خزمەتگوزاری پێشکەشکراو ئەگەر گونجاو، بۆئەوەی رێگەبگرین لە زیاد بەکارهێنان و پەناگرتن لە کورتهێنان لە بودجەی حکومەتدا. ئەمە نابێت کێشەی پارەدان بۆ هەژاران دروست بکات. بەپێچەوانەوە: لەهەر حاڵەتێکدا هەوڵ دەدەین بڕی بنەڕەتی لە خزمەتگوزاری هەبێت، وەک ئاو و کارەبا، کە بە نرخێکی زۆر کەم دابین دەکرێت بۆ بەکارهێنەران، پاشان بڕی زیاتر بە نرخی زیاتر دابین دەکرێت. ئەمە زامنی هەبوونی پارەی پێویست دەکات بۆ وەبەرهێنان لە بواری خزمەتگوزارییەکانی ژێرخان و گەیاندنی بە هەژاران و ناوچە دوورەکانی هەرێم.

### بەکارهێنانی ژێرخان بۆ برەودان بە پەرەپێدانی کارای هەرێم.

بایەخ دەدەین بە پەرەپێدانی ژێرخان کە هەرێم پێکەوە ببەستێتەوە، پەیوەندیکردن و تێکەڵبوونی هاوڵاتیان ئاسانتر بکات و پاڵپشتی پەرەپێدان هاوشێوە بکات لە سەرانسەری هەرێم. خزمەتگوزارییەکانی ژێرخان بەشێوەیەک دادەڕێژین کە رێخۆشکەر بێت بۆ دەروازەکانی گواستنەوە بۆ کارکردن وەک شوێنی تۆڕی دابەشکردنی، ئاو، تۆڕی دابەشکردنی گاز و وزە، هەروەها پەیوەندییەکان و تۆڕی گواستنەوەی کارەبا، ئەمەش دەبێتە هۆی زیادکردنی شوێنی کراوە و پاراستنی سەنتەرە مێژوویەکانی شارەکانمان.

### بەکارهێنانی ژێرخان بۆ بونیاتنانی کەرتی تایبەت.

هاوکات کاردەکەین بۆ برەودان بە بەشداری کەرتی تایبەت لە دابینکردنی خزمەتگوزارییەکانی ژێرخان و هاندانی گەشەی ئابوری و باشترکردنی کواڵیتی ژیانی خەڵک. کاتێک لە بەرژەوەندی گشتی بوو، حکومەت بەشدار بێت، یان ئەگەر کەرتی تایبەت نەیتوانی بەتەنها خزمەتگوزارییەکان دابین بکات، هاوکاری نێوان کەرتی گشتی و تایبەت بەکاردەهێنین.

# کەرتی گواستنەوە بۆ ئابوورییەکی گەشەسەندوو

## دیدگا

تۆڕێکی گواستنەوە کە هەموو ناوچە ئاوەدانەکانی هەرێمی کوردستان بەیەکەوە ببەستێتەوە، هەروەها هەرێمی کوردستان ببەستێتەوە بە جیهانەوە.


## گواستنەوە لە ئێستا و لە ٢٠٢٠

بونیاتنانی دوو فڕۆکەخانە نێودەوڵەتی لە هەولێر و سلێمانی و خزمەتگوزاری فڕۆکەوانی نێودەوڵەتی، بەشێوەیەکی بەرچاو تۆڕی گواستنەوەی ئاسمانی هەرێمی بەرفراوان کردووە لەم چەند ساڵەی رابوردودا. توانای فڕۆکەخانەی هەولێری نێودەوڵەتی بەرزکراوەتەوە بۆ ٣ ملیۆن موسافیر لە ساڵێکدا، لەگەڵ بەرزکردنەوەی گەورە لە توانای گواستنەوەی باردا. توانای گواستنەوەی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی ساڵانە ١٠٥ ملیۆن موسافیرە. بۆ زیادکردنی توانای گواستنەوەی ئاسمانی، لە ساڵی ٢٠١٢ دەستکرا بە بونیاتنانی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی دهۆک، کە دەبێتە سێیەم فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی لە هەرێمی کوردستان و بڕیارە لە ساڵی ٢٠١٥ بکرێتەوە.

ئەم بونیاتنان و بەرفراوانکردنە بۆتە هۆی تواناداركردن و بەردەوام دەبێت لە تواناداركردنی بەرزکردنەوەی ئاستی گواستنەوەی خەڵک و بار. بۆ نموونە ژمارەی موسافیر لە فڕۆکەخانەی هەولێری نێودەوڵەتی لە ساڵی ٢٠١٢ بەرزبووەوە بۆ ٩٤٧،٠٠٠، بەڕێژەی ٥٢٪ بەرزتر لە ٦٢١،٨٧٠ لە ساڵی پێشتردا (شێوەی ٢٫١). لە ساڵی ٢٠٠٦ەوە ربە تێکڕای ڕێژەی بەرزبوونەوەی هاتوچۆ ٣٤٪ی ساڵانەیە. کۆی گواستنەوەی بار لە ٢٠١٢، گەیشتۆتە ٢٧،٨٤٩ تەن بووە، ٥٧٪ زیاتر لە ساڵی پێشتر کە بریتی بوو لە ١٧،٧٦٩ تەن. بەرزبوونەوەی ڕێژەی گواستنەوەی موسافیر و بار چاوەڕوان دەکرێت بەردەوام بێت لە هەردوو فڕۆکەخانە. دڵنیایی دەکەین لەوەی کە ئەم بەرزبوونەوەیە بەردەوام دەبێت و دەبینە دەروازەیەک بۆ گواستنەوەی ئاسمانی.

چەندین شەقامی تازە قیرکراومان هەیە لە هەرێم، بەڵام تۆڕی ڕێگاکان لەئاستی پێداویستییەکانی ئێستادا نین، بەتایبەتی لە ناوچە گوندنشینەکان، هەروەها پێویستمان بە ڕێگەی سەرەکیی زیاتر هەیە کە شار، شارۆچکە و گوندەکان پێکەوە ببەستێتەوە. هاوکات هەرێم کێشەی هەیە لەگەڵ کوالێتی بیناسازی ڕێگاوبانەکان و لەگەڵ نەبوونی زانیاری هەمەلایەن، سیستەماتیک و ڕێخۆشکەر لەسەر ئاستی هەرێمدا، دەربارەی پێویستی ئێستا و چاوەڕوانکراوی داهاتووی دانیشتوان و پیشەسازی، تا زانیاری بدەن بە پلاندانانی کەرتی گواستنەوە. ئەم هەلومەرجە دەگۆڕێت. لە ساڵی ٢٠١٢ ماستەرپلانی ڕێگە سەرەکییەکانمان دانا، کە ڕێنمایمان دەکات لە هەوڵەکانی بواری گواستنەوەدا. لە ٢٠٢٠دا تۆڕێکی پتەوی گواستنەوەی زەمینیمان دەبێت کە یارمەتی هاوڵاتیان و کۆمپانیاکان دەدات بۆ گواستنەوە بە ئۆتۆمبیلی بچووک و گەورە بەشێوەیەکی ئاسان لە سەرانسەری هەرێمدا، هەروەها سیستەمی هێڵی شەمەندەفەرمان دەبێت بۆ پڕکردنەوەی

**Figure 2.1** Passengers at Erbil International Airport




SOURCE: Erbil International Airport.

پێداویستیەکانی هەرێم. هاوکات سیستەمەکانی گواستنەوەی گشتی بەرەوپێش دەبەین، ئێستا سەرقاڵی لەگەڵ دیزاینی رێگەی ترام، بۆ گواستنەوەی هاوڵاتیان لە هەر سێ پارێزگاکەی هەرێم. ئامانجی ئێمە لە بواری گواستنەوەی گشتیدا، بریتیە لە هەبوونی هەڵبژاردەی کارای گواستنەوە بۆ کەمکردنەوەی خنکانی هاتوچۆ و بۆ ئەوەی ئەو هاوڵاتیانەی ئۆتۆمبیلیان نیە بتوانن ئەم هۆیانەی گواستنەوە بەکاربهێنن.

## ئەولەویەتەکانی سیاسەتی ئەم بوارە

ئەولەویەتەکانی سیاسەتی گواستنەوە هەتا ٢٠١٧ بۆ پاڵپشتیکردنی گەشەی ئابوری هەرێم ئەمانە دەگرنەوە:

### بەردەوامبوون لە پەرەپێدانی کوردستان وەک دەروازەیەکی گواستنەوەی بار.

فڕۆکەخانە مۆدێرنەکانمان هەلمان دەدەنێ بۆ بوون بە دەروازەیەکی گواستنەوەی کاڵا لە باشوری رۆژئاوای ئاسیا و ناوچەکانی تردا، هەروەها بۆ بوون بە پردێکی گرنگی نێوان ئەوروپا و خۆرئاوای ئاسیا. سوودوەرگرتن لەم دەرفەتە توانادارمان دەکات بۆ برەودانی زیاتر بە پەرەپێدانی ئابوری لە نزیک فڕۆکەخانەکان، وەک کردنەوەی زۆنی ئازاد و پارکی پیشەسازی.

### نوێکردنەوەی تۆڕی رێگاوبانەکانی هەرێم.

تۆڕێکی رێگاوبانی باش قیرکراو، کلیلە بۆ پەرەپێدانی ئابوری و بەرفراوانکردنی بازرگانی و گەشتوگوزار. بەردەوام دەبین لە بونیاتنان و پەرەپێدانی شەقامە سەرەکییەکان کە شارە سەرەکییەکان پێکەوە دەبەستێتەوە. هاوکات تۆڕێکی باشی رێگاوبان کلیلە بۆ بەرەوپێشبردنی هەلومەرجی ژیان لە ناوچە گوندنشینەکان و برەودان بە تۆڕەکانی گواستنەوەی گشتی. پرۆگرامێکی قیرتاوکردنی نیشتیمانی دادەڕێژین بۆ شەقامە ناوەندییەکان بۆ دڵنیاییکردن لەوەی کە هەموو شەقامە ناوەندییەکان قیرتاو دەکرێن و سیانەی پێویست دەکرێن. وەک بەشێک لەم پرۆگرامە، ستانداردەکانی بیناسازی رێگاوبان بەرزدەکەینەوە بۆ کەرەستە بەکارهاتووەکان بۆ ئەوەی توانای مانەوەیان زیاتر بێت، هاوکات سندوقی سیانەی رێگاوبان دروست دەکەین بۆ تەمویلی سیانەی رێگاوبانەکانی ئێستا، هەروەها پالپشتی پێویستی ئەم سندوقە دەکەین لەڕووی دامەزراوەیی و یاساییەوە.

# ئاو و ئاوەڕۆ بۆ ئابورییەکی گەشەسەندوو

## دیدگا

خزمەتگوزارییەکانی ئاو و ئاوەڕۆ کە بگەن بە هەموو ماڵێک و پێشکەشی هەموو پیشەسازییەک بکرێن.

## ئاو و ئاوەڕۆ لە ئێستا و لە ٢٠٢٠

ئێمە خۆشبەختین کە سەرچاوەی ئاوی زۆرمان هەیە لە هەرێم، وەک رووبارەکانی دیجلە، زابی گەورە، زابی بچووک، خابور، سیروان و ئاوەسپی لەگەڵ باران و ئاوی ژێرزەوی و کانی سروشتی. لەناو رووبارە سەرەکییەکاندا، نزیکەی ٦٠ لە سەد سەرچاوەیان لەناو هەرێمدایە، بەڵام خەمڵاندنێکی دروستمان نییە لەسەر سەرچاوەکانی ئاوی ژێرزەوی. لەڕاستیدا، توێژینەوەی وردمان نییە لەسەر سەرچاوەکانی ئاو، لەبەرئەوە رووبەڕووی مەترسییەکی راستەقینەی بەدبەڕێوەبردنی سەرچاوەکانی ئاو دەبینەوە، بەتایبەتی بەهەدەردانی ئاوی ژێرزرەوی. ئێمە ئەم هەلومەرجە راست دەکەینەوە.


چەندین پرۆژە لە جێبەجێکردندان بۆ باشترکردنی دابینکردنی ئاوی پاک لە هەرێم، وەک پەرەپێدان و بەڕێوەبردنی کارگەی مامەڵەکردن لەگەڵ ئاوی رووباری زابی گەورە. لەوانە وێستگەی مامەڵەکردن لەگەڵ ئاو و پلانی بەڕێوەبردنی ئاوی رووبار. ٩٥ لە سەدی دانیشتوانی شارەکان و ٦٢ لە سەدی دانیشتوانی گوندەکان، لەڕێگای تۆڕە گشتییەکانی ئاوەوە دەستیان دەگات بە ئاو. لەڕاستیدا، ٧٠ لە سەدی کۆی دانیشتوان ئاوی پاکیان بە بۆری بۆ دەچێتە ماڵەوە لە سەرچاوەی پاکەوە. بەڵام. دەستگەیشتن بە ئاوی پاک هێشتا گرفتە بۆ هەرێم، بەتایبەتی لە ناوچە گوندنشینەکان. تەنها ٢٥ لە سەدی دانیشتوانی شارەکان و ١٨ لە سەدی دانیشتوانی گوندەکان دەڵێن کە دەتوانن بۆ ماوەی زیاتر لە ١٠ کاتژمێر لە رۆژێکدا دەستیان بگات بە ئاو لە تۆڕە گشتییەکانەوە (شێوەی ٢.٢).

وشکەساڵی بەردەوام کاریگەری نێگەتیڤی هەیە لەسەر یەدەگی ئاوی هەرێم لە خەزانەکانی پشتی بەربەستەکاندا، هەروەها جیاوازی نێوان پارێزگاکان لە رێژەی بارانبارین بۆتە هۆی کەمی بەرچاوی ئاو لە هەندێک ناوچە. ئەگەرچی زۆربەی ئاوی

ڕووبارەکانمان لەناوەوەی هەرێمەوە سەرچاوەیان گرتوە، هێشتا مەترسی هەیە بۆ پچڕان و کەمبوونەوەی ئاو، چونکە هەندێک ڕووباری تر سەرچاوەکانیان لە وڵاتانی ترە و هەندێک ناوچەی هەرێم ڕووبەڕووی وشکەساڵی دەبنەوە.

پێشکەوتن بەدیهاتووە لە دابینکردنی ئاو بۆ دانیشتوانی گەشەسەندوو، بەڵام بەڕێوەبردنی ئاوەڕۆ لە هەرێم لەهەمان ئاستدا نەبووە. هەتا ساڵی ٢٠٢٠ بایەخی گەورە دەدەین بە خزمەتگوزاری ئاوەڕۆ، کە سوودی دەبێت بۆ تەندروستی دانیشتوان و ژینگەکەمان. خزمەتگوزاری ئاوەڕۆ لە ناوچە گوندنشینەکان پێویستی بە پێشخستنی بەرچاو هەیە. لەم ناوچانە، تەنها ١٠ لە سەدی دانیشتوان بەستراونەتەوە بە تۆڕی ئاوەڕۆوە، لەبەرئەوە زیاتر لە ٥٠ لە سەد ناچارن ئاوی جۆگە داپۆشراوەکان بەکاربهێنن. لە ناوچە شارنشینەکان سیستەمێکی فراوانتری

**Figure 2.2** Water and Sewerage Service from Public Networks, 2011




SOURCES: Kurdistan Region Statistics Office and Iraq Knowledge Network.

ئاوەڕۆ هەیە، بەڵام هێشتا کەمتر لە نیوەی دانیشتوانی شارەکان تۆڕە گشتییەکان بەکاردەهێنن و نزیکەی یەک لە سێ جۆگەی داپۆشراوی دەرەکیی بەکاردەهێنن. پێویستە ئەم نایەکسانییەی دەستگەیشتن بە خزمەتگوزارییەکان لەنێوان ناوچە شارنشین و گوندنشینەکاندا مامەڵەی لەگەڵ بکرێت.

## ئەولەویەتەکانی سیاسەتی ئەم بوارە

تا ساڵی ٢٠١٧ گرنگی دەدەین بە خزمەتگوزارییەکانی ئاو و ئاوەڕۆ بۆ دانیشتوانی هەرێم کە ئەم ئەولەویەتانە دەگرێتەوە:

### ئەنجامدانی توێژینەوەی هایدرۆجیۆلۆجی (ئاوی ژێرزەوی) لە هەرێمی کوردستان.

توێژینەوەیەکی لەم شێوەیە هەڵسەنگاندن دەکات بۆ چەندێتی و چۆنێتی سەرچاوە سروشتییەکانی ئاو، وەک ڕووبارەکان، سەرچاوەکانی ئاوی ژێرزەوی، و چینەکانی ژێرزەوی بۆ گەڵاڵەکردنی تێگەیشتنی باشتر لە تواناکانی ئاوی ژێرزەوی، هەروەها شیکردنەوە دەکەین بۆ دابینکاری، بەکارهێنان، کۆکردنەوە و جووڵەی ئاو. بڕێ باران و بەفر بارین بەپێی بڕ و چەندێتی دیاری دەکرێت، لەگەڵ دیاری کردنی بڕی ئەم باران و بەفرە کە دەچنە ناو ڕووبار و کانیاوەکانەوە، ڕێژەی پڕبوونەوەی ئاوی ژێرزەوی، ڕێژەی بەهەڵمبوون لە زەوییە کشتوکاڵییەکان، کەناڵەکانی ئاودێری و زەوییەکانی تر، هەروەها ئاستی گەڕانەوەی ئاوی بەفیڕۆچوو، جگە لە چەند بوارێکی تری

گرنگ. ئێمە چاوەڕوان دەکەین ئەم توێژینەوەیە ببێتە بنەما بۆ بڕیارەکانی داهاتوو لە بواری بەڕێوەبردن و وەبەرهێناندا.

### ئامادەکردنی پلانی هەمەلایەنی بەڕێوەبردنی سەرچاوەکانی ئاو.

لەسەر بنەمای توێژینەوەی هایدرۆجیۆلۆجی و کاری ئێستامان لە بەڕێوەبردنی رووباری زابی گەورە، پێشکەوتنی گەورە بەدیدەهێنین بۆ دارشتنی پلانی هەمەلایەنی بەڕێوەبردنی سەرچاوەکانی ئاو لە هەرێمی کوردستان. ئەم پلانە یارمەتیمان دەدات بۆ بەڕێوەبردن و پەرەپێدانی هەموو سەرچاوەکانی ئاو بۆ دڵنیابوون لە چەندێتی و چۆنێتی گونجاوی ئاو بۆ پاراستنی تەندروستی هاوڵاتیان و بۆ مەبەستی گشتوکاڵ، پیشەسازی و هەموو بەشەکانی تری ئابوری، لەهەمان کاتدا ئەمە یارمەتیمان دەدات بۆ پاراستنی ژینگە و کەشی وڵاتەکەمان. هاوکات یارمەتیمان دەدات بۆ پلاندانانی ورد بۆ دارشتنی پلان بۆ راکێشانی سەرمایەگوزاری ناوخۆیی و بیانی لە کەرتی ئاودا. وەک بەشێک لە دارشتن و جێبەجێکردنی ئەم پلانە، پەیوەندییەکانی نێوان فەرمانگەکانی پەیوەست بە ئاووە پتەوتر دەکەین لە هەرێمی کوردستان، هەروەها لەنێوان ئەم فەرمانگانە و دامەزراوە نێودەوڵەتیەکاندا. زانیاری گشتی بڵاودەکەینەوە بۆ بەرزکردنەوەی هۆشیاری گشتی لەسەر بەکارهێنان و چارەسەرکردنی ئاو، تا دانیشتوانی هەرێم یارمەتیدەر بن لە پاراستنی ئەم سەرچاوە بەنرخەدا.

### زیادکردنی دەستگەیشتن بە ئاوی پاک.

هەوڵەکانمان درێژە پێدەدەین بۆ دابینکردنی دەستگەیشتنی هەموان بە ئاوی پاک، بایەخ دەدەین بە دەستگەیشتن بە ئاوی خواردنەوە لە ناوچە گوندنشینەکان و باشترکردنی کوالێتی ئاوی خواردنەوە لە شار و گوندەکان. ستراتیژی ئێمە بۆ باشترکردنی دەستگەیشتن بە ئاو ئەم پێکهاتانەی دەبێت: (١) خەمڵاندنی بڕی ئاوی بەفیڕۆچوو لە ژێرخانی ئێستای گواستنەوەی ئاودا و پاڵپشتیکردنی وەبەرهێنان بۆ زاڵبوون بەسەر ئەمەدا؛ (٢) وەبەرهێنان لە خەزانەکان بۆ چارەسەرکردنی هەڵبەزودابەزی وەرزی؛ (٣) پێشخستنی ژێرخانی چارەسەرکردنی ئاو و گەیاندنی بە ستاندارە نێودەوڵەتییەکان؛ (٤) زیادکردنی دەرفەتەکان بۆ بەشداری کەرتی تایبەت لە دابینکردنی ئاودا، هەروەها (٥) چاکسازی لە سیستەمی کرێی ئاو بۆ کەمکردنەوەی بەفیڕۆدان و بەدەستهێنانەوەی هەندێک لە تێچووەکە.

### پێشخستنی سیستەمەکانی ئاوەڕۆ.

بۆ پاراستنی ژینگە و تەندروستی دانیشتوان، پێویستە زیادکردنی دەستگەیشتن بە ئاو هاوشان بێت لەگەڵ وەبەرهێنان لە ئاوەڕۆدا. پلانی ئاوەڕۆ بۆ سەرانسەری هەرێم دادەڕێژین بۆ ئەنجامدانی وەبەرهێنان لە وێستگەکانی ئاوەڕۆ و ژێرخان؛ کردنی ژێرخانی ئاو و ئاوەڕۆ بە بەشێکی دانەبڕاو لە پلاندانانی شارستانی؛ یارمەتیدانی هاوڵاتیانی ئەو ناوچانەی چڕی دانیشتوانیان کەمە تەنکی دابنێن و سیانەی بکەن؛ هەروەها ژێرخانی کۆکردنەوە و چارەسەرکردنی زبڵ بەرفراوانتر دەکەین؛ شوێنی پێویست دروست دەکەین بۆ چارەسەرکردنی پاشماوەی پیشەسازی؛ هەروەها سیستەمێک دادەنێین بۆ باجی شارەوانی و کرێی بەکارهێنان بۆ پارەدان بۆ خزمەتگوزارییەکانی خاوێنکردنەوە و ئاو و ئاوەڕۆ.

## کارەبا بۆ دابینکردنی وزە لە هەرێم

### دیدگا

خزمەتگوزارییەکانی کارەبا کە جێگەی پێشپێبەستن و بەردەست بن بۆ هەموو خێزانێک و هەموو پیشەسازیەک بەشێوەیەکی ژینگەدۆستانە.

### کارەبا لە ئێستا و لە ٢٠٢٠

هەوڵی زۆر دراوە لە بەرهەمهێنانی کارەبادا بۆ هەرێم لەڕێگای بەرهەمهێنەری وزەی سەربەخۆ و تایبەتەوە (شێوەی ٢٠٣). لە ئێستادا کاتژمێرەکانی کارەبا زۆر زیاترن لە ناوچەکانی تری عێراق. کۆی بودجەی تەرخانکراو بۆ پرۆژەکانی پەرەپێدانی کارەبا گەیشتۆتە پێنج ملیار دۆلاری ئەمریکی. لە ٢٠٢٠دا، ٢٤ کاتژمێر کارەبامان دەبێت و دەبینە هەناردەکاری کارەبا. ئاستی دەستگەیشتن بە تۆڕی سەرەکیی کارەبا بۆ ناوچە شارستانی و گوندنشینەکان نزیکە لە یەکەوە، جیاواز لە دەستگەیشتن بە

ئاو و ئاوەڕۆ. نزیکەی ٧٢ لە سەدی دانیشتوانی شارەکان و ٦٤ لە سەدی دانیشتوانی گوندەکان دەڵێن کە کارەبا لە تۆڕە گشتییەکانەوە وەردەگرن، هەروەها ٢٨ لە سەدی دانیشتوانی شارەکان و ٣٤ لە سەدی دانیشوانی گوندەکان دەڵێن کە کارەبا لە موەلیدە هاوبەشەکان وەردەگرن. ئەگەرچی دەستگەیشتن بە تۆڕی سەرەکیی کارەبا بەشێوەیەکی باش بەرەوپێشچووە، پێویستمان بە زیادکردنی کاتژمێرەکانی دابینکردنی کارەبایە، چونکە تا ئێستا هەندێک ناوچە ئەزموونی بڕانی کارەبا دەکەن کە ڕۆژانە دەگاتە ١٢ کاتژمێر یان زیاتر.

هاوکات خواست لەسەر کارەبا لە زیادبووندایە. لەبەرئەوەی ئۆفیس، کارگە، ئوتێل، یەکەی نیشتەجێبوون و شوێنی تر بونیات دەنرێن، هەروەها داهاتی خەڵکی هەرێم لە زیادبووندایە، بەڕێوەبردنی کارای بەرهەمهێنان، گواستنەوە و دابەشکردنی کارەبا زۆر گرنگە. بەم پێیە، کەمکردنەوەی بەفیڕۆچوون و کەلێنەکان، باشترکردنی گواستنەوە و دابەشکردنی کارەبا و باشتر بەکارهێنانی سەرچاوەکانی ئێستا، گرفتی سەرەکیین کە ڕووبەڕووی هەرێم دەبنەوە.

## ئەولەویەتەکانی سیاسەتی ئەم بوارە

تاساڵی ٢٠١٧ جەخت دەخەینە سەر بەرەوپێشبردنی خزمەتگوزاریەکانی کارەبای دابینکراو بۆ دانیشتوانی هەرێم، لەڕێگەی ئەم ئەولەویەتانەی سیاسەتەوە:

### باشترکردنی دابینکردنی کارەبا.

پێشکەوتنی گەورەمان بەدیهێناوە لە بواری دابیکردنی کارەبادا لەڕێگای بانگهێشتکردنی کەرتی تایبەتەوە بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا. بۆ دابینکردنی خزمەتگوزاری ٢٤ کاتژمێری، شێوازی نوێ تاقی دەکەینەوە بۆ هاندانی کێبەرکێ، بۆ نموونە لەڕێگای جیاکردنەوەی بەرهەمهێنانی کارەبا لە گواستنەوە و دابەشکردن و ڕێگەدان بە حکومەتە خۆجێییەکان یان کەرتی تایبەت کارەبا دابەش بکەن بەسەر بەکاربەراندا و کرێکەی وەربگرن. هەوڵی دانانی سیستەمێکی باشتر دەدەین بۆ کۆکردنەوەی کرێ، بۆ نموونە لەڕێگای دانانی ”تۆڕی زیرەک“ەوە کە ڕێگەدەدات بە چاودێریکردنی ئۆتۆماتیکی پێوەرەکان و دەتوانێت کورتەنامەی مۆبایل بنێرێت بۆ بەکاربەر بۆ ئاگادارکردنەوەیان لە بڕی ئەو پارەیەی قەرزارن، هەروەها لەڕێگای زیادکردنی شێوازەکان و شوێنەکانی پارەدانەوە.


### زیادکردنی هەوڵەکانی پاراستنی کارەبا.

ئەگەرچی نرخدانانی گونجاو و بەرەوپێشبردنی ژێرخانی سیستەم باشترین ڕێگەن بۆ پاراستنی کارەبا، ئێمە هەوڵی بەکارهێنانی ڕێگەی تریش دەدەین. ستانداردی باشتری خانووبەرە و بیناسازی دادەنێین کە بایەخ بدات بە کەمکردنەوەی بەکارهێنانی وزە. هاوکات ڕاستەوخۆ قسە لەگەڵ خەڵک دەکەین لەسەر گرنگی پاراستنی کارەبا.

### دۆزینەوەی سەرچاوەی وزەی نوێکراوە.

لەبەرئەوەی سەرچاوەی نەوت و گازی زۆرمان هەیە، زۆربەی کارەبا لە گازی سروشتی بەرهەمدەهێنین، بەڵام هاوکات دەستمانکردوە بە گەڕان بەدوای ئەگەری بەکارهێنانی سەرچاوە نوێکراوەکانی وزەدا. لەوانەیە بەکارهێنانیان گران بێت، بەتایبەتی تێچووەکانی سەرەتا بۆ دروستکردنی وێستگەی بەکارهێنان، لەبەرئەوە بە وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ هەنگاوەکانی داهاتوو دەکەین. لەوانەیە باش بن بۆ ژینگەی ئێمە، بەڵام پێویستە لە ڕووی داراییەوە هەرزان بن.

**Figure 2.3** Electricity Production in the Kurdistan Region




SOURCE: KRG.

### زامنکردنی کارەبا بۆ پیشەسازی.

ئێمە ئاشناین بە پێداویستی بەردەوامی پیشەسازی بە خزمەتگوزاری کارەبای گونجاو. سیستەمی کارەبا دروست دەکەین کە کارەبای بێپێچران و زامنی ٢٤ کاتژمێری بدات بە پیشەسازییەکان، بە نرخێکی بەرزتر لە نرخی مالان و پێویستە لانیکەم تێچووەکەی پڕبکاتەوە. ئەمە رێگەمان دەدات سەرنجی ئەو کۆمپانیایانە رابکێشین بۆ هەرێم کە پێویستیان بەم جۆرە لە خزمەتگوزارییە، بۆئەوەی بتوانن هەرێم بەکاربهێنن وەک بنکەیەک بۆ گەیشتن بە عێراق و وڵاتانی دراوسێ و ساغکردنەوەی بەرهەمەکانیان. هاوکات هەوڵ دەدەین کارەبای زامن و بێپچڕان دابین بکەین بۆ ناوچە پیشەسازییەکان.

# پەیوەندییەکان بۆ ئابورییەکی گەشەسەندوو

## دیدگا

ژێرخانی پەیوەندییەکان بە ئاستێکی بەرزی جیهانی کە پێکدێت لە خزمەتگوزاری پۆستەی باش و گواستنەوەی بێپچڕانی دەنگ،

## پەیوەندییەکان لە ئێستا و لە ٢٠٢٠

دانیشتوانی ئێمە هەڵبژاردەی بەکارهێنانی مۆبایلیان هەیە لەنێوان سێ کۆمپانیای کێبەرکێکار. خزمەتگوزاری لەناو هەرێم و بۆ دەرەوەی هەرێم، لەگەڵ کارتی بەشداری هەرزان، رێگەخۆشکەرن بۆ پەیوەندیکردنی ئاسان. بەتەنها مۆبایل بۆ قسەکردن بەکارناهێنین، بەڵکو بۆ کورتەنامەش بەکاریدەهێنن. ئەوەی ١٠ ساڵ لەمەوپێش شاهانە و مەحاڵ بوو، ئێستا شتێکی گشتی و سوودبەخشە.

بەڵام خواست لەسەر ژێرخانی تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندییەکان لە گەشەی بەردەوامدایە لە هەرێم، پێویستە سیستەمی ئەنتەرنێت و وایەرلێس تەبابن لەگەڵ بڕ و خێرایی و کارایی گونجاو بۆ بەکاربەری تایبەت و بازرگانی. هەوڵی گەورە بۆ بەرفراوانترکردنی ژێرخانی تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندییەکان لەماوەی چەند ساڵی رابوردودا بەردەوامە، نیازمان هەیە تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندییەکان بخەینە خزمەتی هەموو کەرتەکانی کۆمەڵگە، وەک پەروەردە، تەندروستی، ئابوری و حکومەت. بەڵام داپۆشین و کواڵیتی، بەتایبەتی ئەنتەرنێت، جیاوازی هەیە بەپێی ناوچەکان، تەنانەت لەناو شارەکانیشدا. دەتوانین ئەمە بەدبهێنین لەڕێگای یاسا و رێساکانمانەوە کە دەتوانن گەشەی ئەنتەرنێت خێرا بکەن. هاوکات دەمانەوێت دڵنیایی بکەین لەوەی کە هەموو خەڵک تواناکانی بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندییەکان بەدەستدەهێنن، بۆ پەرەپێدانی ئاستی ژیان و دەرفەتەکانی کارکردنیان.

بەکارهێنانی تەکنەلۆجیا تازەکان یارمەتیمان دەدات بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانمان، وەک بەرەوپێشبردنی توانای پێشبینیکردنی باری کەش. وێستگەی ئۆتۆماتیکی بۆ پێشبینیکردنی کەش لە سەرانسەری هەرێم دادەنرێت، بۆ ئەوەی باشترین زانیاری لەسەر کەش بەردەست بێت بۆ هاوڵاتیان.

جۆرە نەریتییەکانی پەیوەندیکردن، وەک خزمەتگوزاری پۆستە، هێشتا پێویستیان بە پەرەپێدان هەیە. ئەگەرچی دەستنیشانکاری شوێنمان هەیە، بەپێی ژمارە و ناو، ناوچە، گەڕەک، شەقام و بیناکان، هێشتا خزمەتگوزاری پۆستەی گونجاو و رێکخراومان نییە بۆماڵەکان و بازرگانییەکان، تەنانەت ناونیشانی شەقامەکان دیاری نەکراون تا خەڵک بتوانێت شەقامەکان بدۆزێتەوە. ئەمە گەیاندنی کەرەستە، کاڵا، رەچەتە و پارەدان سەخت دەکات؛ ئەم جۆرە لە گەیاندن لە وڵاتە پێشکەوتووەکان ستانداردن و زۆریش گرنگن بۆ بازرگانی. ئێمە پابەندین بە کارکردن بۆ دروستکردنی سیستەمێکی پۆستە کە بتوانینێت خزمەتگوزاری گونجاو و هەرزان دابین بکات بۆ هاوڵاتیان و بازرگانیەکان. بۆ نموونە کاردەکەین لەسەر پرۆژەیەکی کۆدی ناونیشان (پۆست کۆد) کە دەبێتە هۆ کەمکردنەوەی کێشەکانی گەیاندنی پۆستە. هاوکات پێویستە خزمەتگوزاری هێڵی تەلەفۆن بەرەوپێش ببەین بۆ ئەو کەسانەی کە ناتوانن یان پارەیان نییە خزمەتگوزاری مۆبایل بەکاربهێنن.

## ئەولەویەتەکانی سیاسەتی ئەم بوارە

دوو ئەولەویەتی سیاسەت پەیڕەو دەکەین هەتا ٢٠١٧ بۆ پەرەپێدانی ژێرخانی پەیوەندییەکان:

### نوێکردنەوەی ژێرخانی تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندییەکان.

ئێستا سەردەمی دیجیتاڵە و دەستگەیشتن بە تەنتەرنێت پێویستە. بەردەوام دەبین لە چاکسازیکردن لە یاسا و رێسا و پرۆگرامەکان بۆ هاندانی وەبەرهێنانی کەرتی تایبەت لە ژێرخانی تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندییەکان بۆ زیادکردنی دەستگەیشتن بە برۆدباند لە سەرانسەری هەرێمدا، هەروەها هاندانی کێبەرکێ بۆئەوەی نرخەکان داببەزن. وەک بەشێک لەم چاکسازییە بەردەوامە، دڵنیایی دەکەین لەوەی کە هەموو دابینکەرانی خزمەتگوزارییەکانی ئەنتەرنێت دەستگەیشتنی یەکسانیان دەبێت بە تۆڕەکە.

### دروستکردنی سیستەمێکی پۆستی سەدەی ٢١.

خانەکانی پۆست نامە و بەستە ناگەیەنن بە بازرگانییەکان و هاووڵاتیان، چونکە بەشێوەیەک رێکنەخراون کە ئەمە بکەن. بەڵام، سیستەمی نەریتی پۆستە لە چەندین وڵات لە قەیراندایە.

گرنگی دەدەین بە بەرەپێشبردنەکان بۆ تواناداركردنی خزمەتگوزاری پۆستە بۆ هەموو خەڵک بە نرخێکی گونجاو، پاشان ئەو سیستەمە جێبەجێ بکەین. دەکرێت ئەم سیستەمە بەتەواوی لەلایەن حکومەتەوە بەڕێوەببرێت، بەڵام هاوکات لێکۆڵینەوە دەکەین لە ئەگەرەکانی بەڕێوەبردنی لەلایەن کەرتی تایبەتەوە یان بە هاوبەشی لەنێوان کەرتی گشتی و تایبەتدا. هاوکات کاردەکەین بۆ دانانی ناونیشانی شەقامەکان و داڕشتنی نەخشەی باشتر و سیستەمی گەڕان بەدوای شوێندا (ناڤیگەیشن) لەناو شارەکان، پاشان بەکارهێنانی ئەمە بۆ پەرەپێدانی سیستەمی پۆستە.

# نیشتەجێبوون بۆ دانیشتوانێکی گەشەسەندوو

## دیدگا

کەرتێکی نیشتەجێبوونی باش کە هەموو هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان بتوانن بەهرەمەند بن لە پەناگەیەکی گونجاو.


## نیشتەجێکردن لە ئێستا و لە ٢٠٢٠

بیناسازی لە هەرێمی کوردستان پیشەسازییەکی خێرا گەشەسەندووە، بەتایبەتی لە کەرتی نیشتەجێبووندا. زۆربەی خەڵکی کوردستان لە خانووی خۆیاندا دەژین. لە سەرانسەری هەرێمدا، ٧٩ لە سەدی خەڵک لە خانووی خۆیاندا دەژین و پارەی تەواویان داوە. لە ناوچە شارنشینەکان، ئەم ڕێژەیە ٧٧ لە سەدە و لە ناوچە گوندنشینەکان ٨٩ لە سەدە.

سەرەڕای ئەم بیناسازییە خێرایە، هێشتا خواست لەسەر خانووی نیشتەجێبوون هەیە و خێزانەکانمان گەورەن (شێوەی ٢.٤). هۆکارێکی ئەمە ئەوەیە کە چەند خێزانێک و چەند نەوەیەکی هەمان خێزان بەیەکەوە دەژین. بۆ نموونە لە هەرێم لە ساڵی ٢٠١١، ٢٩ لە سەدی خێزانەکان چوار منداڵ یان زیاتریان هەبووە، بەڵام ٦١ لە سەدی خێزانەکان ٦ یان زیاتر ئەندامیان هەبووە.

پرۆژە گەورەکانی بیناسازی بەردەوامن و هاوکاری دەکرێن لەلایەن قەرزی حکومییەوە بە شێوەی پارە و کەرەستەی بیناسازی بۆ خێزانەکان بۆ بونیاتنانی خانوو، هەروەها هاوبەشی نێوان کەرتی گشتی و تایبەت لەگەڵ کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانی بیناسازی بۆ دروستکردنی خانووبەرە. بەڵام کێشەی کەرتی بیناسازی ئەوەیە کە توانای نییە لە ئاستی خێرایی خواستدا بێت. زۆربەی خەڵکەکەمان لە خانووی ژێر-ستانداردا دەژین. هەندێک لە خانووی بێمۆڵەت (تجاوز)دا دەژین و خزمەتگوزاری گونجاو وەرناگرن. بەشێکی زۆری خەڵک کێشەی پارەدانیان هەیە بۆ ئەو خانوانەی دەیکڕن لەبەر نەبوونی تەمویلی خانووبەرە. بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشانە، سیاسەتەکانی نیشتەجێکردن برەودەدات بە بەرهەمهێنانی خانووبەرەی تایبەت بۆ هەموو ئاستەکانی داهات. کاتێک کە حکومەت بەشدارە لەم پرۆژانەدا، دڵنیایی دەکەین لەوەی کە هەڵبژاردنی کۆمپانیای باش لەسەر بنەمای کێبەرکێ بۆ زامنکردنی باشترین چۆنێتی و گونجاوترین نرخ. هاوکات دڵنیایی دەکەین لەوەی کە ئەم بەشدارییەی حکومەت شەفافە و زانیاری دروست کۆدەکرێتەوە و ئاڵوگۆڕ دەکرێت، هەروەها ئەنجامەکانی بەشداری حکومەت چاودێری و هەڵسەنگاندنیان بۆ دەکرێت.

**Figure 2.4** Percentage of People Living in Households of Six People or More, 2011




SOURCES: KRSO and Iraq Knowledge Network.

## ئەولەویەتەکانی سیاسەتی ئەم بوارە

ئەولەویەتەکانی سیاسەتی ئەم بوارە هەتا ٢٠١٧ بریتییە لە باشترکردنی بەردەستی و دەستگەیشتن بە خانووبەرە، وەک:

### بەرەوپێشبردنی ڕێساکانی بەکارهێنانی زەوی.

پێداچوونەوە و چاکسازی دەکەین بۆ ڕێساکانی بەکارهێنانی زەوی بۆ هاندانی دابینکردنی یەکەی نیشتەجێبوون لە جۆر و قەبارەی جیاواز و بە چەندین نرخی جیاواز. وەک بەشێک لە بەرەوپێشبردنی ڕێساکانی بەکارهێنانی زەوی، هەوڵ دەدەین مۆڵەت بدەین بە خانووە بێمۆڵەتەکان ئەگەر گونجا، یان دیاریکردنی زەوی و قەرزی گونجاو بۆ ئەو کەسانەی لەم شوێنانەدا دەژین.

### چاکسازی لە ڕێساکانی خاوەندارێتی زەوی.

هەوڵ دەدەین تۆماری خاوەندارێتی بۆ هەموو جۆرەکانی زەوی ئاشکراتر بێت، بۆئەوەی بازاڕی تایبەتی زەوی نیشتەجێبوون بەشێوەیەکی کاراتر کاربکات. ئەمە کڕیارانی خانوو، ئەوانەی دەیانەوێت زەوی بکڕن و بیکەن بە خانوو، یان ئەوانەی دەیانەوێت خانووی کۆن نوژەنبکەنەوە، دەتوانن بەشێوەیەکی ئاسانتر زەوی و خانووی بەردەست بدۆزنەوە.

### هاندانی دروستکردنی گەڕەی داهات جیاواز.

هانی ئەو گەڕەکانە دەدەین کە خانوویان هەیە بۆ هەموو ئاستەکانی داهات. ئەگەر پێویستی کرد، هاوبەشی نێوان کەرتی گشتی و تایبەت پەیڕەو دەکەین بۆ ئەنجامدانی ئەمە و پێشکەشکردنی داشکاندن بەو کۆمپانیایانەی کە ڕەزامەندی دەدەن خانووەکانیان بدەن بە خێزانی کەمدەرامەت بە کەمتر لە نرخی بازاڕ ئەگەر ئەو خانوانە لە گەڕەکی داهات تێکەڵدا بوون.

### دابینکردنی پاڵپشتی دارایی خانووبەرە بۆ هاووڵاتی کەمدەرامەت.

پلانێک دادەنێین بۆ گۆڕینی دابینکردنی ڕاستەوخۆی خانووبەرە لەلایەن حکومەتەوە بۆ پاڵپشتی دارایی بۆ خێزانە کەمدەرامەتەکان تا بتوانن خانووی گونجاو بەدەستبهێنن، هەروەها شێوازی کرێ-تا-کڕین پەیڕەو دەکەین.

### دانانی سیستەمی تەمویلی خانووبەرە.

یاسا و ڕێساکان بەرەوپێش دەبەین کە پەیوەندییان هەیە بە سیستەمی تەمویلەوە تا ڕێگە خۆشبکرێت بۆ پێشکەشکردنی تەمویلی خانووبەرەی درێژخایەن، وەک خانوو بە قیستی درێژخایەن، لەلایەن ڕێکخراوە ناحکومییەکان یان دامەزراوە داراییە تایبەتەکانەوە.

## ڕێگەی کارکردنی داهاتوو

پرۆگرامی ئێمە بۆ پەرەپێدانی ژێرخان پێکدێت لە کۆمەڵێک سیاسەتی پێکەوە گونجێنراو کە چەندێتی و چۆنێتی خزمەتگوزارییەکانی ژێرخان لە هەرێمی کوردستان بەرزدەکاتەوە.

حکومەتەکەمان دەزانێت کە خەڵک دەتوانن خواستەکانی خۆیان بەدیبهێنن ئەگەر ژێرخانی گونجیاون هەبوو بۆ پاڵپشتیکردنی هەوڵەکانیان. هاوکات دەزانین کە ئەگەر بمانەوێت بەشێوەیەکی کارا ژێرخان دابین بکەین بۆ سوودی هەموو خەڵک، پێویستە نرخی خزمەتگوزارییەکانی ژێرخان بە دروستی دابنێین و کەرتی تایبەت بەشداری پێبکەین.

تۆڕێکی گواستنەوەی باشتر خەڵک توانادار دەکات کە بەشێوەیەکی ئاسانتر پەروەردە وەربگرن، کار بدۆزنەوە و ئەو شتانە بکڕن کە دەیانەوێت. ئاو و ئاوەڕۆ و کارەبای باشتر یارمەتی خەڵک دەدەن تەندروست بن و یارمەتی گەشەی پیشەسازی دەدات. پەیوەندیی باشتر خەڵک توانادار دەکات ئاڵوگۆڕی بیرۆکە بکەن و بازرگانییەکان توانادار دەکات هاوکاری و کێبەرکێی یەکتر بکەن. خانووبەرەی گونجاو پەناگە دابین دەکات بۆ دانیشتوانە تەندروست، خوێندەوار و ماندوونەناسەکەمان.


ALGIDA
ALGIDA

## بەشی سێیەم

# بونیاتنانی هەرێمێک کە لە ڕووی ئابوورییەوە گەشەسەندوو بێت

دەتوانین ئابوورییەکی گەشەسەندوو، فرەیی و پتەومان هەبێت، بۆ پاڵپشتکیردنی ئەمە، لەم بەشەدا، دیدگا و سیاسەتەکانمان دەخەینە روو بۆ دروستکردنی کەرتێکی تایبەتی گەشەسەندوو.

## کشتوکاڵ و پیشەسازی کشتوکاڵی

### دیدگا

ئاسایشی خۆراک بۆ خەڵکی هەرێمی کوردستان، گەشەی ئابوری بۆ جوتیاران و گەشەی ئابوری لەڕێگای هەناردەکردنی بەرهەمە کشتوکاڵی و خۆراکییەکانمانەوە.

### کشتوکاڵ لە ئێستا و لە ٢٠٢٠

هەرێم کەشوهەوایەکی مامناوەندی هەیە، ئەگەر بە باشی بەڕێوەببرێت، سەرچاوەکانی ئاو و زەوی کشتوکاڵی دەتوانن پاڵپشتی کەرتی کشتوکاڵ بکەن، وەک پێشتر دەیانکرد. دەتوانین دووبارە ببینەوە بە بەرهەمهێنەری کشتوکاڵی و خۆراک و هەناردەکاری سەوزە، میوە، شیرەمەنی و باڵندە لە ناوچەکەدا. بەشێکی زۆری کاری کشتوکاڵ دووبارە دەستپێکردۆتەوە. ئێستا تەماتە، باینجان، خەیار، پیاز، شوتی، بیبەر، و زۆر سەوزە و میوەی تر بەرهەمدەهێنین. ئاژەڵداری رەشەوڵاخ و مەڕ و بەخێوکردنی مریشک بەردەوامە. هەنگوینی هەموو وڵات و ماستی هەولێر  بە بەتامی بەناوبانگن، تەنانەت ناوچە شاخاوییە نەکێڵراوەکان بەروبوومی ناوازەیان هەیە وەک ڕێواس.

تا ئێستا هەندێک سەرکەوتنمان بەدیهێناوە بۆ راکێشانی وەبەرهێنانی نوێ بۆ پرۆژە کشتوکاڵییەکان. لەنێوان ١ ئاب ٢٠٠٦ و ٢٥ مایس ٢٠١٢، دەستەی وەبەرهێنان و بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی وەبەرهێنان لە پارێزگاکان مۆڵەتیان داوە بە ١٩ پرۆژەی وەبەرهێنانی کشتوکاڵ بە کۆی سەرمایەی ٢٦٨ ملیۆن دۆلاری ئەمریکی.

بەڵام کشتوکاڵ هێشتا گرفتی هەیە. شەڕ و ناکۆکییەکانی پێش پرۆسەی ئازادی بوونە هۆی دارمانی ژینگەی گوندەکان و وێرانبوونی ئەم کەرتە کە پێشتر زۆر چالاک بوو. هاوکات پاشماوەی چەکی کیمیایی و تەقەمەنی لە ناوچەکاندا بڵاوبوونەوە، بەتایبەتی لەو زەوییە کشتوکاڵییانەدا کە پێویستن بۆ ژیاندنەوەی کشتوکاڵ. گرفتەکانی تر بریتین لە:

### ئامادەسازی و راهێنانی جوتیاران.

جوتیارەکانی ئێمە مێژوویەکی درێژیان هەیە لە کاری کشتوکاڵدا، کە دەکرێت ببێتە بنەما، بەڵام پێداویستی گەورە هەیە بە ئامادەسازی و راهێنانی جوتیاران، بەتایبەتی لەسەر شێواز و کەرەستە مۆدێرنەکانی کشتوکاڵ، بۆئەوەی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی زیادبکەین. پێویستە خزمەتگوزاری پەروەردە بەرفراوانتر بکەین بۆ پێشکەشکردنی راهێنان لەسەر شێوازە تازەکانی کشتوکاڵ یان پەرەپێدانی ئەم شێواز و میتۆدانە کە کارایی و بەرهەمداری زیاد دەکەن.

### زانیاری، توێژینەوە و پلاندانانی کشتوکاڵی.

ئەمڕۆ، ئێمە تا ئەوپەڕی توانا زەوی و سەرچاوەکانی ئاو بەکارناهێنین، ئێستا خەریکی پەرەپێدانی زانیاری، توێژینەوە و پلاندانانی کشتوکاڵین وەک دیاریکراوە لە پلانی ستراتیژی کشتوکاڵ ٢٠٠٩ تا ٢٠١٣. ئامانجی ئێمە دروستکردنی داتابەیسێکی هەمەلایەنە لەسەر بەرهەمە کشتوکاڵییەکان، بەروبومی درەختەکان، دەستی کار و جۆری زەوی کە دەکرێت ئەندازیارە کشتوکاڵییەکان، جوتیاران و پیشەسازی کشتوکاڵی بەکاریان بهێنن بۆ بڕیاردان لەسەر باشترین شوێن بۆ بەرهەمە کشتوکاڵیەکان.

### بەڕێوەبردنی ئاو.

ئەگەرچی سەرچاوەی ئاوی پێویستمان هەیە بۆ پاڵپشتیکردنی کەرتێکی کشتوکای پێگەیشتوو، هەرێم پێویستی بە بەڕێوەبردنی باشتری ئەم سەرچاوانە هەیە، وەک لە بەشی ئاو لە سەرەوە

باسکرا، پێویستمان بە نوژەنکردنەوەی سیستەمی ئاودێری هەیە و دانانی نرخ بۆ بەکارهێنانی ئاو، هەروەک چۆن نرخ دادەنێین بۆ هەموو خزمەتگوزارییەکانی تری ژێرخان.

### پیشەسازی کشتوکاڵ

پێویستمان بە پیشەسازی کشتوکاڵی گەشەسەندوو هەیە لە هەرێم، بۆ سەرکەوتنی ئەمە، پێویستمان بە هاندانی کەرتی تایبەت دەبێت بۆ وەبەرهێنان لە کۆگای ساردکەرەوە، گواستنەوە و شوێنی لەپاکەتنانی بەرهەمە کشتوکاڵییەکان. بەیەکەوە لەگەڵ کەرتی تایبەت، پێویستە هەوڵی بەبازاڕکردن بدەین بۆئەوەی بەرهەمە کشتوکاڵییەکانمان نیشانی جیهان بدەین. هەوڵەکانمان بۆ هاندانی پیشەسازی کشتوکاڵ هاوشان دەبێت لەگەڵ هەوڵەکانمان بۆ بەرەوپێشبردنی سیستەمی گواستنەوە، بۆئەوەی بەرهەمە کشتوکاڵییەکان بەئاسانی بگوێزرێنەوە.

### خاوەندارێتی زەوی

هاوکات کێشەی خاوەندارێتی زەوی هەیە کە پێویستە چارەسەر بکرێت، پێویستە رێگەخۆش بکەین بۆ دروستبوونی کێڵگەی گەورە بۆ کارایی و بەرهەمداری باشتر. چاکسازییە یاساییە تازەکان رێگەدەدەن بە خاوەندارێتی زەوی کە زیادکراوە لە ٧٥ هێکتارەوە بۆ ٢٥٠ هێکتار، ئەمەش رێگەخۆش دەکات بۆ چارەسەرکردنی هەندێک لەم کێشانە، بەڵام بەردەوام دەبین لە چاکسازی لە یاساکانی موڵکداری زەویدا بۆئەوەی کاری کشتوکاڵی کارا و بەرهەمدار زیاتر بێت.

## ئەولەویەتەکانی سیاسەتی ئەم بوارە

هەوڵەکانمان تا ٢٠١٧ بۆ ژیانەوە و بەرفراوانکردنی کشتوکاڵ بایەخ دەدات بەم ئەولەویەتانەی سیاسەتی کشتوکاڵ:

### بەرزکردنەوەی کارامەییەکانی جوتیاران

لێکۆڵینەوە دەکەین لە کواڵیتی و پێگەی راهێنانە کشتوکاڵییەکانی ئێستا لە زانکۆ و پەیمانگا تەکنیکی و پیشەییەکان. هەوڵ دەدەین ئەم راهێنانە بەرەوپێش ببەین و بەرفراوانتریان بکەین بۆئەوەی جوتیارانی داهاتوو چەکدار بکەین بەو کارامەییانەی تواناداریان دەکات کێبەرکێ بکەن لە بازاڕی کشتوکاڵی جیهانیدا.

### بەرەوپێشبردنی سیستەمی ئاودێری بۆ زیادکردنی بەرهەمی کشتوکاڵ

ئەزموونە نێودەوڵەتییەکان نیشانی دەدەن کە ئەو سیستەمانەی ئاودێری کە لەلایەن گروپەکانی جوتیارانەوە بەڕێوەدەبرێن بەپێی رێسا و یاسای خۆجێی، ئاستی بەفیرۆدانیان کەمترە لەوانەی کە لەلایەن حکومەتەوە دیاری دەکرێن. لەگەڵ جوتیاراندا کاردەکەین بۆ هاندانیان بۆ رۆڵگێڕان لە نوژەنکردنەوە و بەڕێوەبردنی تۆڕەکانی ئاودێری. هاوکات نرخ دادەنێین بۆ ئاودێری بۆ بەرزکردنەوەی کارایی و زیادکردنی دەستپێوەگرتنی بەکارهێنانی ئاو. هاوکات دەرئەنجامەکانی توێژینەوەی هایدرۆجیۆلۆجی، کە لەسەرەوە ئاماژەی پێدرا، بەکاردەهێنین بۆ پلاندانان بۆ دیاریکردنی گونجاوتری شوێنەکانی بەکارهێنانی ئاوی ژێرزەوی بۆ مەبەستی ئاودێری.

### ژیانەوەی زەوی

سەرەڕای ئاو، پێداویستییەکی تری گرنگی کشتوکاڵ زەوییە. بەردەوام دەبین لە برەودان بە پرۆگرامەکانی ژیانەوەی زەوی و گوندەکان و پاککردنەوەیان لە مین و بابەتی تری پیسکەر.

### پەرەپێدانی ژێرخان بۆ پیشەسازی کشتوکاڵ

لەگەڵ کۆمپانیا تایبەتەکاندا کاردەکەین بۆ دروسکردنی هاوبەشی نێوان کەرتی گشتی و تایبەت بۆ دانانی کۆگای ساردکەرەوە و سایلۆ لە ناوچە کشتوکاڵییەکان و دڵنیاییکردن لەوەی کە ئەم شوێنانە کارەبای بێپچڕانیان دەبێت. ستراتیژی گواستنەوەمان دەرفەتی زیاتر دروست دەکات بۆ گواستنەوەی بەرهەمە کشتوکاڵییەکان بۆ بازاڕ.

### باشترکردنی بەردەستبوونی داتا و زانیاری کشتوکاڵی

هاوکات هەوڵ دەدەین رووپێوو و شیکارەکانی زەوی کشتوکاڵی تەواو بکەین بۆ هەڵسەنگاندنی کواڵیتی خاک، دەستنیشانکردنی خاکە بەپیتەکان بۆ بەکارهێنانی کشتوکاڵی، و دیاریکردنی ئەو درەختانەی کە پێویستە لە کام ناوچە بچێندرێن. بۆ یارمەتیدانی گەیشتنی زانیاری بە جوتیاران، پابەند دەبین بە شێوازە نێودەوڵەتییەکانەوە بۆ هاندانی بەکارهێنانی زیاتری تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندییەکان بۆ ئاسانکردنی دەستگەیشتن بە زانیاری لەسەر نرخ بەپێی بازاڕە ناوخۆییەکان و دانانی سیستەمی ئاگادارکردنەوەی خێرا بۆ نەخۆشییەکانی ئاژەڵ و درەخت. هاوکات کاردەکەین بۆ ئاڵوگۆڕکردنی زانیاری لەسەر نەخۆشیە کشتوکاڵیەکان لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ، لەپێناو پاراستنی سنوورەکان.

### جێبەجێکردنی چاکسازییە یاساییەکانی بواری کشتوکاڵ.

بەرهەمهێنانی کشتوکاڵ وابەستەیە بە ئابوری بەرفراوانەوە، زیادکردنی قەبارەی زەوی ئەستەمە لە سایەی سنووردارییەکانی ئێستا لەسەر خاوەندارێتی زەوی. پێداچوونەوە دەکەین بۆ ئەم چوارچێوە یاساییە بۆ رێگەخۆشکردن بۆ کێڵگەی گەورەتر کە بتوانێت تەکنەلۆجیا بەکاربهێنێت و فرەیی پەیڕەو بکات لە بەرهەمهێناندا و بەفیرۆچوون و زیان کەمبکاتەوە لە ئەنجامی کەشوهەوای نەخوازراو.

### کەمکردنەوەی شێواندنەکانی نرخی بەرهەمە کشتوکاڵییەکان.

سیستەمی بەشەخۆراک رێگرێکی سەرەکییە لە پێش بەرفراوانبوونی بازاڕە ناوخۆییەکان بۆ بەرهەمە کشتوکاڵییەکان. ئەم سیستەمە میراتی رابوردوە و بەشدارێکی چالاک بووە لە داڕمانی کشتوکاڵدا، چونکە جوتیاران ناتوانن کێبەرکێ لەگەڵ خواردنی بێبەرامبەردا بکەن. بۆ یارمەتیدانی جوتیاران و زامنکردنی گوزەرانی هەژارانی هەرێم، سیستەمی بەشەخۆراک دەگۆڕین بۆ سیستەمێک کە پارە دەدات لەجیاتی خۆراک، و تەنها هەژاران دەکەینە ئامانج. لەڕێگای راگرتنی بەشەخۆراکی ئەو کەسانەی توانای کڕینیان هەیە، ئومێد دەکەین ئەو پارەیەی کە دەیدەین بە هەژاران زیاتر بێت لە بەهای خۆراکەکانی ئێستای بەشەخۆراک.

### باشترکردنی تواناکانی هەناردەکردن.

لەگەڵ ژیانەوەی کەرتی کشتوکاڵ و هەبوونی فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی، دەتوانین بەرهەمی تازە بگەیەنین، بەتایبەتی بەرهەمی خۆماڵی و خۆراکی لەپاکەتنراو بۆ ئەوروپا و بازاڕەکانی جیهان. ئەمە دەرفەتی زۆر زیاتر دابین دەکات لە قەدەغەکردنی هاوردەکان؛ ئەگەرچی قەدەغەکردنی هاوردەکان یارمەتی جوتیاران دەدەن، بەڵام ئەمە زیان بە هەژاران دەگەیەنێت کە دراوسێ، هاوڕێ و خزمی خۆمانن. دەتوانین تواناکانی هەناردەکردنمان بەرزبکەینەوە لەڕێگای نێردەی بازرگانی و کارکردن لەگەڵ شارەزایانی دابەشکردن و لۆجستیکی ئەورووپی و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهان.

# توانادارکردنی گەشەی کەرتی تایبەت

ئێمە بڕوامان وایە کە نابێت کوردستان تەنها لەسەر سەرچاوەکانی نەوت و گاز بژی. دانیشتوانە فرەکەمان شایستەی سەقامگیری و ئابورییەکی فرەییە.

### دیدگا

کەرتێکی تایبەتی فرەیی و داهێنەر کە کراوە بێت بە رووی جیهاندا.

## کەرتی تایبەت لە ئێستا و لە ٢٠٢٠

پەرەپێدانی کەرتی تایبەت زۆر گرنگە بۆ گەشە و پەرەپێدانی هەرێم، یەکێک لە ئەولەویەتەکانی سەرکردایەتی هەرێم بریتییە دروستکردنی ژینگەیەک بۆ راکێشانی وەبەرهێنانی ناوخۆیی و دەرەکیی، ژینگەیەک کە بازرگانی تێیدا گەشە بکات. تا ٢٠٢٠، پێشبینی کەرتێکی گەشەسەندوو دەکەین کە پڕ دەبێت لە کۆمپانیای بچووک و مامناوەندی تازە و گەشەسەندوو. ئەو چالاکییانەی لە سایەی رژێمی پێشووی عێراقدا لەلایەن حکومەتەوە ئەنجام دەدران، کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت ئەنجامیان دەدات. تا ٢٠٢٠، هەموو ئەو کارگانە بەتایبەت دەکەین کە لە ئێستادا لەلایەن حکومەتەوە خاوەندارێتی دەکرێن. لەهەر شوێنێکدا پێویستی کرد حکومەت بەشدار بێت، هەوڵ دەدەین هاوبەشی نێوان کەرتی گشتی و تایبەت پەیڕەو بکەین، بۆئەوەی کەرتی تایبەت کە داهێنەر بێت و گرنگی بدات بە بەرهەمداری، بەشداری بکات و سوودیش وەربگرێت.

تا ئێستا پێشکەوتنمان بەدیهێناوە لە بەتایبەتکردنی هەندێک بەشی گرنگی پیشەسازییەکان، وەک بەرهەمهێنانی کارەبا، هەروەها توانیومانە سەرمایەگوزاری راستەوخۆی بیانی رابکێشین بۆ وەبەرهێنان لە کەرتە سەرەکییەکانی وەک بیناسازی خانووبەرە، بانگوزاری، گەشتوگوزار و کشتوکاڵ.

کەشوهەوای وەبەرهێنانی ئێمە پێکهاتەی سەرنجراکێش پێشکەش دەکات بۆ بازرگانی، وەک ژینگەیەکی سەلامەت و ژێرخانێکی گەشەسەندوو. یاسای وەبەرهێنانی هەرێم، یاسای ژمارە ٤ی ساڵی ٢٠٠٦، نموونەییە بۆ ئامانجی ئێمە بۆ پێشوازیکردن لە وەبەرهێنانی بیانی — رێگەدەدات بە وەبەرهێنەرانی بیانی ببنە خاوەنی زەوی و توانادارایان دەکات لێبوردن بەدەستبهێنن لە زۆربەی باجەکان. دەستەی وەبەرهێنان و بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی وەبەرهێنان لە پارێزگاکان مۆڵەتیان داوە بە ٣٦ پرۆژەی وەبەرهێنانی بیانی لەنێوان ئاب ٢٠٠٦ تا مایس ٢٠١٢ بە بەهای ٣.٥ ملیار دۆلاری ئەمریکی، هەروەها ٢٣ پرۆژەی هاوبەش لەنێوان کۆمپانیا عێراقی و بیانییەکان، بە بەهای ١ ملیار دۆلاری ئەمریکی (شێوەی ٣.١). جگە لەم پرۆژە مۆڵەتپێدراوانە بەپێی یاسای وەبەرهێنان، چەندین کۆمپانیای تری بیانی لە کوردستان کاردەکەن — نزیکەی ١،٨٦٠ کۆمپانیا هەتا نیسانی ٢٠١٢، کە ٧٥٠یان کۆمپانیای تورکین. سەرەڕای ئەم بەدیهێنانە بەردەوامانە، ئەگەرچی ژینگەیەکی گونجاو دابین دەکەین بۆ وەبەرهێنەرانی بیانی، کۆمپانیا ناوخۆییەکان، بەتایبەتی بچووک و مامناوەندییەکان، لە پێگەیەکی لاوازدان کە پێویستە ئەمە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت ئەگەر بمانەوێت کەرتێکی تایبەتی گەشەسەندوو بونیات بنێین.

لەماوەی ٢٠ ساڵی داهاتوودا، هەرێم پێویستی بە دروستکردنی ژمارەیەکی گەورەی دەرفەتی کار دەبێت، چونکە نەوەی داهاتوو دەچێتە بازاڕی کارەوە. نزیکەی ٥٠ لە سەدی دانیشتوانی هەرێم لە خوار تەمەنی ٢٠ ساڵییەوەن، پێشبینی دەکرێت کە ساڵانە ٤٣،٠٠٠ تا ٥٤،٠٠٠ کار پێویست بێت بۆ هاوتابوون لەگەڵ ئەم گۆڕانکارییانەی پێکهاتەی دانیشتوان. کار لە کەرتی تایبەت زۆر گرنگە بۆ پڕکردنەوەی ئەم پێداویستییانە.

ئازادکردن و پەرەپێدانی کەرتی تایبەت یارمەتیمان دەدات نەک بەتەنها بۆ بەدیهێنانی پێداویستییەکانی کاری نوێ، بەڵکو بۆ خواستمان بۆ کاری باش. لە ئێستا زۆربەی ئەو کارانەی بەردەستن لە هەرێم تەبا نین لەگەڵ کارامەیی و خواستەکانی هێزی کار، وەک نیشاندراوە لە ئاستی کەمیی بەکارخستندا (شێوەی ٣.٢).

## ئەو بوارانەی پێویستە کاریان لەسەر بکەین بۆ بەرەوپێشبردن:

### تەمویلی ناوخۆیی.

یەکێک لە گرفتە سەرەکییەکانی کۆمپانیا ناوخۆییەکان نەبوونی تەمویلی ناوخۆییە، وەک تەمویلی قۆناغی سەرەتا، سەرمایەی کارکردن و قەرز بۆ کەرەستەکان. ئەمە ژمارەی کۆمپانیاکان زۆر سنووردار دەکات کە دەتوانن بچنە بازاڕەوە و بەرفراوان ببن. چەندین جۆر بانکمان هەیە، وەک بانکی تایبەتی خۆماڵی، بانکی بیانی و بانکی ئیسلامی. بەڵام هاوکات بانکی حکومیمان هەیە کە ڕێگرن لە گەشەسەندی بانکە تایبەتە ناوخۆیی و بیانییەکان. هەروەها هەرێم بازاڕی خانووی قیستی درێژخایەن و بیمەی تایبەتی نییە، کە ئەمانە پاڵپشتی باشن بۆ پەرەپێدانی کەرتی تایبەت. ئامانجی ئێمە بریتییە لە دوستکردنی کەرتێکی دارایی تایبەتی بەهێز کە بەشداری بیانی تێدابێت و چەندین جۆر خزمەتگوزاری پێشکەش بکات. لەبەرئەوەی کەرتی بازرگانی ئێمە پێشکەوتووترە لەوەی عێراق، پێشبینی دەکەین کە کۆمپانیا داراییەکان تا ٢٠٢٠ ئەزموونی زۆر وەربگرن و ببنە دامەزراوەی دارایی پێشەنگ لە عێراق و خزمەت پێشکەش بکەن بە هەموو وڵات.


### دەستگەیشتن بە زەوی.

زامنکردنی زەوی بۆ کۆمپانیایەکی ناوخۆیی نوێ پرۆسەیەکی درێژ و سەختە. وەک لە سەرەوە باسکرا، چاکسازییەکانی خاوەندارێتی و زانیاری و مافی زەوی نیشتەجیبوون و کشتوکاڵی، بەرفراوان دەکرێن بۆئەوەی زەوی بازرگانی و پیشەسازیش بگرێتەوە بۆ یارمەتیدانی کەرتی تایبەت.

### ڕێوشوێنەکانی دانان، بەڕێوەبردن و داخستنی کۆمپانیا.


ژینگەی یاسایی بۆ کاری بازرگانی زۆر کۆن و تەمومژاوییە. ئەمە بۆ هەموو کۆمپانیاکان سەختە، بەتایبەتی بۆ کۆمپانیا بچووکەکان. لەوانەیە پێویست بە چاوەڕوانی درێژ بکات بۆ بەدەستهێنانی مۆڵەتی بازرگانی بۆ دانانی کۆمپانیا، هەندێک کۆمپانیا پێویستیان بە ڕەزامەندی چەند وەزارەتێک دەبێت. ئەم بەربەستە تاقەتپڕوکێنانە بە درێژایی تەمەنی کۆمپنایا بەردەوام دەبن لەکاتی گەورەبوون تەنانەت ئەگەر داخرا.

**Figure 3.1** Project Capital for Licensed Investment Projects, August 2006 to May 2012




SOURCES: KRG Board of Investment and Directorate Generals of Investment in the governorates.

**Figure 3.2** Percentage of Labor Force Underemployed in the Kurdistan Region and the Rest of Iraq, 2011




SOURCES: KRSO and Iraq Knowledge Network.

### خزمەتگوزاری ژێرخان.

هەرێم پێشکەوتنی گەورەی بەدیهێناوە لە پەرەپێدانی ژێرخاندا لە ماوەی دە ساڵی رابوردودا، بەڵام کۆمپانیاکان و ژینگەی بازرگانی بەگشتی دەتوانن سوودمەند بن لە پەرەپێدانی زیاتر، وەک لە بەشی ژێرخاندا باسکرا.

### بەردەستی کرێکاری ناوخۆیی.

چەندین دەیە لە شەڕ و پێکدادان کاریگەری زۆری هەبووە لەسەر سیستەمی پەروەردە و لە ئەنجامدا ئێمە تواناکانمان بونیات دەنێینەوە بۆ دابینکردنی کرێکاری کارامە و راهێنراو بۆ پڕکردنەوەی پۆستەکانی کەرتی تایبەت.

## ئەولەویەتەکانی سیاسەتی ئەم بوارە

ئەولەویەتەکانی سیاسەتی ئەم بوارە تا ٢٠١٧ بۆ تواناداركردنی گەشەی کەرتی تایبەت پێکدێن لە:

### بەرەوپێشبردنی ژینگەی یاسایی بۆ کەرتی تایبەت.

هەوڵێکی بەرفراوان دەدەین بۆ پێداچوونەوەی چوارچێوەی یاسایی و سیستەمی رێکخستن بۆ تۆمارکردن، دانان، گەورەبوون و داخستنی کۆمپانیا بە ئامانجی ساکارکردن و مۆدێرنکردنی یاسا و رێساکان، لەوانە یاسای مایەپووچی تا بتوانرێت کۆمپانیا شکستخواردووەکان دابخرێن و کارمەند و سەرمایەکانیان بگوێزرێنەوە بۆ کۆمپانیای باشتر. چاکسازی تری یاسایی لە بوارەکانی یاسای دژە مۆنۆپۆلی، میکانیزمەکانی یەکلاکردنەوەی ناکۆکی و پاراستنی مافەکانی خاوەندارێتی هزری و کۆپیکردن، چونکە لەکاتێکدا کە خەڵکی هەرێمی کوردستان رۆشنبیری زیاتر بەدەستدەهێنن، هاندەری زیاتریان دەبێت بۆ داهێنان و دۆزینەوە. هاوکات پرۆسەی کوالیتی کۆنترۆڵ دادەنێین بۆ هەڵسەنگاندنی کاریگەری یاسا و رێسا تازەکان و بۆ دڵنیاییکردن لەوەی کە ژینگەی یاسایی و رێکخستن دۆستی کار و بازرگانی و سەلامەتی گشتی دەبن.

### کرانەوەی زیاتر بەرووی ئابوری جیهاندا.

مەرجەکانی هاوردە و هەناردە لادەبەین. ئەگەر پێویستی کرد، لیستێکی ئەو کاڵایانە دەهێڵینەوە کە نابێت بازرگانییان پێوە بکرێت لەجیاتی ئەوەی پێویست بکات هەموو کاڵایەک مۆڵەتی بۆ وەربگیرێت. هاوکات زیاتر دەکرێینەوە بەرووی جیهاندا لەرێگای کەمکردنەوەی کات و تێچووی تێپەڕبوون بە سنووره نێودەوڵەتییەکاندا. رووپێوێک ئەنجام دەدەین لەگەڵ شۆفێری لۆرییەکانی سەر سنوور تا باشتر تێبگەین لە کات و رێوشوێنەکانی پەڕینەوە لە سنوور.

### بەرەوپێشبردنی سیستەمی بانکگوزاری و دارایی.

بۆ بەرەوپێشبردنی سیستەمی دارایی، کاردەکەین بۆ راکێشانی قەرزدەری ناوخۆیی و دەرەکیی، کە بایەخ دەدەن بە کۆمپانیا بچووک و مامناوەندییەکان. هاوکات لە نزیکەوە کاردەکەین لەگەڵ بانکی ناوەندی عێراق بۆ تواناداركردنی بانکەکان و دامەزراوە داراییەکان بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری هەمەجۆری دارایی. بۆ زامنکردنی گەشەی دامەزراوە داراییەکان، پرۆسەیەک دەستپێدەکەین بۆ دانانی موچەی فەرمانبەرانی حکومەت لە بانکە تایبەتەکان و بەکارهێنانی حکومەتی هەرێم بۆ بانکە حکومییەکان کەمدەکەینەوە. لەگەڵ کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانی بیمەدا کاردەکەین بۆ دانانی بازاڕێکی بیمە لە هەرێم، وەک لە بەشی نیشتەجێکردندا باسکرا، کاردەکەین بۆ دامەزراندنی تەمویلی تایبەت بۆ نیشتەجێکردن.

### باشترکردنی تۆمارکردنی زەوی.

هاوشێوەی سیاسەتەکانمان لە بواری کشتوکاڵ، چاکسازی دەکەین لە یاساکانی موڵکداری و تۆمارکردندا. ئەمە کۆمپانیا بچووکەکان تواناداردەکات بۆ دەستپێکردنی ئاسان و پێشکەشکردنی هەڵبژاردەی زیاتر بە بانک و دامەزراوە داراییەکان سەبارەت بە زەمانی بانکی و زیاتر تواناداركردنیان بۆ پێشکەشکردنی قەرز.

### دروستکردنی زۆنی تایبەتی پەرەپێدانی ئابوری.

بۆئەوەی وەبەرهێنانی زیاتر رابکێشین، هەوڵی دروستکردنی

پارکی پیشەسازی دەدەین کە خزمەتگوزاری هەمەلایەنی هەبێت، کە دەتوانێت وەک زۆنی تایبەتی پەرەپێدانی ئابوری کاربکات، پێویستە خزمەتگوزاری ئاست بەرزی تێدا بێت، وەک ئەنتەرنێت، بانکگوزاری، ڕێسای بازرگانی دۆست. شوێنی نوێ بۆ نیشتەجێبوون لە نزیک ئەم زۆنە دروست دەکرێت. لە هەموو دۆخێکدا، ئێمە هاندەرەکانمان ئاراستەی بەکارخستن و ڕاهێنانی کارمەندانی ناوخۆیی دەکەین، بەهاوبەشی لەگەڵ کۆمپانیا ناوخۆییەکان و ڕاکێشانی ئەو پیشەسازییانەی کە خزمەتگوزاری پێشکەش دەکەن بە بازاڕە هەرێمی و جیهانییەکان.

دروستکردنی دەرفەت بۆ کۆمپانیا بچووک و مامناوەندییەکان. زۆربەی ئەو سیاسەتانەی باسمان کردن بەتایبەتی یارمەتیدەر دەبن بۆ کۆمپانیا بچووک و مامناوەندییەکان. بەڵام هەوڵ دەدەین پرۆگرامی ڕاهێنانی زیاتر پێشکەش بکەین، بە ڕابەرایەتی تایبەتمەندی نێودەوڵەتی و سەربەخۆ، بۆ چەکدارکردنی خەڵک بە کارامەییەکانی دانان و بەڕێوەبردنی کۆمپانیا، هەروەها بۆ زامنکردنی ئەوەی کە دەرچووانی ئەم پرۆگرامانە دەستیان دەگات بە تەمویلی پێویست. هاوکات دڵنیایی دەکەین لەوەی کە کۆمپانیا بچووک و مامناوەندییەکان دەرفەتی یەکسانیان هەیە بۆ بەدەستهێنانی گرێبەستی حکومی.

## زیادکردنی دەرفەتە بازرگانییەکان بۆ ئافرەتان.

بایەخدان بە مەسەلەی ئافرەت لە هەموو سیاسەتەکانماندا جێگەی کراوەتەوە، وەک پەروەدە، هاوکاریی کۆمەڵایەتی و سیاسەتەکانی بازاڕی کار. هاوکاری ئێمە بۆ ئافرەت لە بازرگانیدا پێکدێت لە هەوڵدان بۆ دانانی پرۆگرامی کارکردن لە ماڵەوە، برەودان بە بنکەکانی چاودێری منداڵان بۆ دایکانی خاوەن کار و زامنکردنی دەرفەتی یەکسان بەپێی یاسا. لە هەوڵەکانماندا بۆ دانانی پرۆگرامی ڕاهێنان، هاوکاری و تەمویل بۆ پێشەنگە بازرگانییەکان، دڵنیایی دەکەین لەوەی کە مەنهەجەکان باسی ئەو بابەتانە دەکەن کە تایبەتن بە ئافرەت. هاوکات دڵنیایی دەکەین لەوەی کە ئەو کۆمپانیایانەی ئافرەتان خاوەندارێتی دەکەن دەرفەتی یەکسانیان هەیە بۆ وەرگرتنی گرێبەستی حکومی.

## تەواوکردنی بەتایبەتکردن و برەودان بە بەشداری کەرتی تایبەت لە هەموو بوارەکانی ئابوریدا.

لە پرۆگرامەکەماندا تا ساڵی ٢٠١٧، بەتایبەتکردنی ئەو کۆمپانیایانە تەواو دەکەین کە حکومەتی هەرێم خاوەندارێتیان دەکات. لەو بوارانەدا کە ئێستا حکومەت بەشدارە یان لە داهاتوودا بەشدار دەبێت، هەوڵ دەدەین چالاکییەکانی حکومەت لەڕێگای هاوبەشی نێوان کەرتی گشتی و تایبەتەوە ئەنجام بدەین، بۆئەوەی دەرفەتی زیاتر دروست بکەین بۆ کەرتی تایبەت و کارایی کەرتی تایبەت بهێنینە ناو ئابورییەکەمانەوە.

## پەرەپێدانی گەشتوگوزار لە هەرێم.

ماستەر پلانێک دادەڕێژین بۆ کەرتی گەشتوگوزار کە بایەخ بدات بە شوێنەوارە سروشتی و کولتورییەکان و ئاسانکردنی گەشت بۆ هەموو ئاستەکانی داهات — هەر لە قوتابیانی زانکۆی کۆڵ لەپشت تا گەشتیاری دەوڵەمەند — تا چێژ لە هەرێمەکەمان وەربگرن. دەمانەوێت خەڵک چێژ وەربگرن لە سروشتە جوانەکەمان و شوینەوارە ئارکیۆلۆجییەکان، مۆزەخانەکان، مۆسیقا و سەما و خواردنەکانی هەرێم، هاوکات دەمانەوێت هەموو ئەمانە بکەین بەبێ زیان گەیاندن بە ژینگە. پارکی هەرێمی دروست دەکەین بەپێی ستاندارده نێودەوڵەتییەکان بۆ پاراستنی ژیانی کێوی و درەخت و ڕاکێشانی گەشتیاران، هەروەها سیستەمێک دادەنێین بۆ پۆلیسی دارستان بۆ پارستنی دارستانەکان لە ئاگر و یارمەتیدانی گەشتیاران بۆ پاراستن و چێژوەرگرتن لە ژینگە.

## زیادکردنی بەردەستی زانیاری و داتا.

لە کۆتایدا، بەربەستەکانی بەردەم دەستکەوتنی زانیاری لادەبەین لەڕێگای بڵاوکردنەوەی زانیاری ڕێکخراو لەسەر ئابوری هەرێم و ڕێگەدان بە کەرتی تایبەت بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەی بازاڕی تایبەت بە خۆیان.

# پاراستنی ژینگە

نامانەوێت سەرکەوتنی ئابوری لەسەر حسابی ژینگەی وڵاتەکەمان بێت — ئەو ئاوەی دەیخۆینەوە و بەکاریدەهێنین بۆ کشتوکاڵ، ئەو زەویەی بەسەریدا دەڕۆین و دەیکێڵین، هەروەها ئەو هەوایەی هەڵیدەمژین. هەرێمەکەمان سروشتێکی هەمەجۆر و کەشوهەوایەکی خۆشی هەیە، هەروەها پێویستمان بە ژینگەیەکی پاکە بۆ تەندروستی خەڵک، بۆ گەشتوگوار، بۆ ئاسوودەیی و خۆشگوزارەنی.

## دیدگا

ژینگەیەکی تەندروست و سەلامەت، لەگەڵ ئاو، زەوی و هەوای پاک، بۆ ئاسوودەیی و بۆ تواناداركردنی گەشەی ئابوری.

## ژینگە لە ئێستا و لە ٢٠٢٠

هەرێمەکەمان جوانییەکی سروشتی سەرسوڕهێنەر و دیمەنی جۆراوجۆری هەیە. هەوای چیاکانمان ئاسوودەیی دەبەخشێت بە سەدان هەزار هاوڵاتی و گەشتیار لە هاویندا، سامانی ئاژەڵ و درەختی هەمەجۆر هەرێمی کردۆتە بەهەشتێکی سروشت دۆست.

بەڵام گرفتمان هەیە. پەرەپێدانی زۆر کەم هەبووە لە بواری سیستەمە مۆدێرنەکانی پاراستنی سەرچاوەکانی ئاو، هەوا و زەوی. پەلامارە کیمیاییەکان کاریگەری خراپیان هەبووە لەسەر زەوی کشتوکاڵی و سەرچاوەکانی ئاو. بەشاربوونی زیاتر بۆتە هۆی کێشەی ژینگەیی و تەندروستی گشتی، چونکە خەڵکێکی زیاتر ئاو و وزە بەکاردەهێنن و پاشماوەی زیاتر بەرهەمدەهێنن.

هەوڵمانداوە مامەڵە لەگەڵ ئەم گرفتە ژینگەییانە بکەن لەرێگای دانانی دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە و دەرکردنی یاسایەک لە ساڵی ٢٠٠٨، کە لە ساڵی ٢٠١٠ هەموارکراوەتەوە، ئەم یاسایە دەستەی دەسەڵاتدار کردوە بۆ پاراستنی تەندروستی گشتی و سەرچاوە سروشتییەکان، لابردن و مامەڵەکردن لەگەڵ چەکە کیمیایی و بایۆلۆجییەکان و بەرزکردنەوەی هۆشیاری ژینگەیی. بەڵام هێشتا هەرێم خاوەنی رێسای هەمەلایەنی ژینگەیی و سیستەمی چاودێری نییە بۆ پاراستنی سەرچاوە سروشتییەکان.

### هەندێک لە گرفتە سەرەکییەکانی پاراستنی ژینگە بریتین لە:

### سەرچاوەکانی ئاو.

پێویستە سیستەمەکانی ئاوەڕۆ و چارەسەرکردنی ئاوەڕۆ بەرەوپێش ببەین. سەرچاوەکانی ئاوی هەرێم بۆ چەندین ساڵە رووبەڕووی پیسبوون دەبنەوە کە ئەمەش بۆتە هۆی پیسبوونی ئاوی بیر، چەم و رووبارەکان، کە بەشێک لەمانە سەرچاوەی سەرەکیی ئاوی هەندێک خەڵکن، بەتایبەتی لە ناوچە گوندنشینەکان. پێویستە رێسا و هاندەری نوێ دەربکەین بۆ کۆنترۆڵکردنی پاشماوەی شل و رۆکردنیان بۆ ناو رووبارەکان یان هاندانی هێشتنەوە و پاراستنی ئاو. هەروەها پێویستە سەرچاوەی سەرەکیی و کلۆر تێکردنی ئاو لە شارەوانییەکان بەرەوپێشببەین، بۆ کەمکردنەوەی بڵاوبوونەوەی نەخۆشییە ئاوییەکان. پرۆژەی ژێرخانی نوێ بۆ چارەسەکردنی ئاو لە ئێستادا چارەسەری ئەم کێشەیە دەکات و ژمارەیەکی زیاتری دانیشتوان ئاوی چارەسەرکراو بەکاردەهێنن. بەردەوام دەبین لەم وەبەرهێنانانە بۆ دابینکردنی دەستگەیشتنی هەموان بە ئاوی پاک.

### پیسبوونی هەوا.

پرۆسەی بەشاربوون بۆتە هۆی زیادبوونی پیسبوونی هەوا، بەتایبەتی زیاد بەکارهێنانی ئۆتۆمبیلی تایبەت و گواستنەوە لەسەر شەقامەکان، بەتایبەتی لەم چەند ساڵەی رابوردودا. دوکەڵی ئەم ئۆتۆمبیلانە، کە زۆربەیان وزەی هەرزان و کواڵیتی نزم بەکاردەهێنن، بەشدارن لە پیسبوونی هەوای هەرێمدا. پیسبوون بەهۆی کارگە پیشەسازییەکان و وێستگەکانی بەرهەمهێنانی وزە و مووەلیدەکان و سوتاندنی زبڵ، هاوکات هۆکارن بۆ دروستبوونی کێشەکانی کواڵیتی هەوا لە هەرێم. ئێمە هەنگاومان ناوە بۆ نەهێشتنی ئەم کێشانە، لەوانە پرۆگرامەکانی نەهێشتنی ئۆتۆمبیلی کۆن و هەوا پیسکەر لەسەر شەقامەکان. هەوڵە بەردەوامەکانمان پێکدێت لە رێوشوینی کۆنترۆڵکردن و نەهێشتنی پیسبوونی هەوا بۆئەوەی هەموو خەڵکی هەرێم هەوای پاک هەڵبمژن.

### سیستەمەکانی بەڕێوەبردنی زبڵ و پاشماوە.

هاوشان لەگەڵ پەرەپێدانی سیستەمەکانی بەڕێوەبردنی ئاوەڕۆ و پاشماوەی ئاوەڕۆ، پێویستە شێوازەکانی مامەڵەکردن لەگەڵ پاشماوەی رەق و مەترسیدار بەرەوپێش ببەین. سوتاندن و داپۆشینی پاشماوە زیانیان بە ژینگە گەیاندوە و بوونەتە هۆی زیادبوونی پیسبوونی هەوا، خاک و ئاو. زۆربەی خێزانە شارنشینەکان زبڵ فرێدەدەن کە لە گەڕەکەکانی خۆیان یان لە شوێنێکی دیاریکراو کۆدەکرێنەوە، بەڵام زیاتر لە ٤٠ لە سەدی خەڵکی گوندەکان دەڵێن کە زبڵ لە شوێنی کراوەدا فرێدەدەن و ١٨ لە سەد دەڵێن خۆیان دەیکەن بەژێر خاکەوە (شێوەی ٣.٣). هاوکات هیچ شێوازێکی کۆکردنەوە نییە لە ناوچە گوندنشینەکانی تر. بەنرخترین سەرچاوەکانی دەرەوەی شار — سروشت و شوێنە مێژووییەکان — لە شەرێکی نەپساوەدان لەگەڵ بوتڵی پلاستیک و زبڵی تر. سیستەمی چاودێری کاریگەر دادەنێین و چاودێری وردی فرێدان و لەناوبردنی زبڵ دەکەین.

### ئەولەویەتەکانی سیاسەتی ئەم بوارە

زۆربەی ئەولەویەتەکانی سیاسەتی ژێرخان، هاوشان لەگەڵ ئەولەویەتەکانی سیاسەتی کەرتی تایبەت بۆ دروستکردنی پارکی هەرێمی، بەشێک دەبن لە پرۆگرامی ژینگە. هەنگاوی دیکە تا ٢٠١٧ بریتین لە:

### بەرزکردنەوەی هۆشیاری ژینگەیی.

هەوڵ دەدەین هۆشیاری بەرزبکەینەوە لەسەر سوودەکانی ژینگەی پاک. وەک سوودەکانی بۆ تەندروستی دانیشتوان، ئابوری، هەروەها توانای خەڵک بۆ چێژوەرگرتن لە ژیان و هەرێمێکی جوان. هۆشیاری بەرزدەکەینەوە لەناو فەرمانگە و کارمەندانی حکومەتدا، هەروەها لەناو دانیشتواندا.

### پەرەپێدانی بینای وزەپارێز.

رێسا و کۆدەکانی بیناسازی ئێستا هیچ مەرجێکی دانەناوە بۆ بەکارهێنانی کەرەستەی ژینگەپارێز یان بەکارهێنانی شێوازی بیناسازی کە ببێتە هۆی کەمکردنەوەی بەکارهێنانی وزە. کاردەکەین لەگەڵ پیسەسازی بیناسازی بۆ دانانی رێگەچارەی شیاو.


### پتەوکردنی یاسا و رێساکان و جێبەجێکردنیان.

پێداچوونەوە و چاکسازی دەکەین لە یاساکانی پیسبوونی ئاو، خاک و هەوا. توانا کارگێڕییەکانمان پەرەپێدەدەین بۆ جێبەجێکردنی یاسا و رێساکان، هەروەها سیستەمی چاودێری و بەدواداچوونی گونجاو دادەنێین.

### پاڵپشتیکردنی گروپەکانی ژینگەپارێزی.

بەشداری حکومەت لە دانانی سیاسەتی ژینگەیی کەمترە بە بەراورد لەگەڵ بوارەکانی تردا. لەبەرئەوە هەوڵ دەدەین ئەم کەلێنە پڕبکەینەوە بۆ دڵنیاییکردن لەوەی کە گروپەکانی ژینگەپارێزی ئازادن بۆ کارکردن و بەرزکردنەوەی هۆشیاری گشتی لەسەر بابەتە ژینگەییەکان، هەروەها هەوڵ دەدەین هەوڵەکانی حکومەت زیاتر بکەین لە بواری ژینگەدا.

**Figure 3.3** Garbage Disposal in the Kurdistan Region, 2011




SOURCES: KRSO and Iraq Knowledge Network.

### باشترکردنی ژینگەی شارەکان.

بایەخی تایبەت دەدەین بە کواڵیتی ژیان لە سەنتەری شارەکان، چونکە ئەوان راکێشەری سەرمایە، کارمەندی کارامە، پێشەنگی بازرگانی، گەشتیار و رۆشنبیرانن. سێ شارە سەرەکییەکەمان ئەزموونی گەشەیەکی بێوێنەی دانیشتوان و ئابوری دەکەن، ئەمەش بۆتە هۆی ئاستی بەرزتر لە پیسبوون. خزمەتگوزارییەکانی ئاگرکوژێنەوە، خاوێنکردنەوە و پۆلیس زیاتر پێشدەخەین بۆ کەمکردنەوەی مەترسییەکانی ئاگرکەوتنەوە، خزمەتگوزارییەکانی کۆکردنەوەی زبڵ باشتر دەکەین، هەروەها رێگەدەگرین لە بڵاوبوونەوەی تاوانەکانی سەرشەقام و جۆرەکانی تری تاوان کە زیان دەگەینن بە کواڵیتی ژیانی شار. هاوکات برەوی زیاتر دەدەین بە پارکە گشتییەکان و بنکە کولتورییەکان و دڵنیایی دەکەین لەوەی شارەکانمان خێزان دۆست و پیادە دۆستن.

## رێگەی کارکردنی داهاتوو

پرۆگرامەکەمان بۆ بونیاتنانی ئابورییەکی گەشەسەندوو لە کوردستان چەندین سیاسەتی یەکانگیر لەخۆدەگرێت، کە خەڵکی هەرێم تواناادار دەکەن بۆ بەدیهێنانی ستانداردێکی ئاسوودەی ژیان.

دروستکردنی دەرفەت لە هەموو بوارەکانی ئابوریدا یارمەتی تەندروستی و پەروەردەی دانیشتوان دەدەن بۆ دۆزینەوەی کاری شیاو کە لەگەڵ کارامەیی و خواستیاندا بگونجێت. لەمیانەی دروستکردنی ئەم ئابورییە ئەدا بەرزەدا، ژینگەکەمان دەپارێزین، بۆئەوەی نەوەکانی داهاتوو بەهرەمەند بن لە هەمان ئەو سوودانەی ئێمە هەمانە. هیچ شتێک لە ئابوری ئێمەدا زامن نابێت جگە لە گرنگترین زامن بۆ هەموان: دەرفەتی سەرکەوتن ئەگەر هەوڵێکی دڵسۆزانە هەبێت.


نێچیرڤان بارزانی
2005.12.8

## بەشی چوارەم

# بەکارخستنی حکومەت بۆ خزمەتی خەڵک

هەلومەرجی ئێستا بەدیهاتووە لەڕێگای هەوڵی بەردەوام و نەپساوەی ملیۆنەها خەڵک کە لە هەرێمی کوردستان دەژین. سوپاس بۆ خەڵکەکەمان، هەرێمێکی ئارام و حکومەتمان هەیە. حکومەت لێرەیە بۆ کارکردن بۆ خەڵک، بۆ توانادار کردنیان بۆ بەدیهێنانی هەموو خواستەکانیان بەپێی تواناکانیان. لەم بەشەدا، بایەخ دەدەین بە چۆنێتی خزمەتکردنی خەڵک لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە.

## حکومەتێکی کارا و شەفاف

بۆئەوەی کارا بێت، پێویستە حکومەت بایەخ بدات بەو ئەرکانەی تەنها حکومەت دەتوانێت ئەنجامیان بدات — دابینکردنی سایا و ئارامیی و پەسەندکردن و جێبەجێکردنی یاسا و ڕێسای پێویست و گونجاو. بەڵام هاوکات پێویستە هەموو ڕۆژێک متمانەی خەڵکی کوردستان بەدەستبهێنێت.

### دیدگا

حکومەتێک کە کارا، شەفاف، متمانەپێکراو و راستگۆ بێت.

### حکومەتی کارا و شەفاف لە ئێستا و لە ۲۰۲۰

حکومەتەکی ئێمە نوێیە، بەڵام چەندین دەستکەوتمان هەبووە بۆ سوودی خەڵک. ئاسایشمان دابینکردوە، وەبەرهێنانمان راکێشاوە، چاکسازیمان کردوە لە بوارەکانی ئامادەکردنی بودجە و تەکنەلجۆیای زانیاری و سیاسەتمان دارشتوە بۆ بەرەوپێشبردنی تەندروستی، پەروەردە و خۆشگوزەرانی خەڵک.

ئێمە حکومەتێکین کە لە قۆناغی فێربووندایە. کارمانکردوە لەگەڵ ئاژانسەکانی پەرەپێدان و شارەزایانی جیهان بۆ باشترکردنی شێوازی کارکردنمان. دەیان هەزار فەرمانبەرمان بەشدارییان کردوە لە پرۆگرامەکانی راهێنان و هەزارانییش چونەتە دەرەوە بۆ بەدەستهێنانی بروانامەی باڵا.

ئێمە حکومەتێکین کە لە بەرەوپێشچووندایە. پێویستە راستگۆریی، شەفافیەت و کاراییمان باشتر بکەین. تا ۲۰۲۰، حکومەتەکەمان بەتاڵ دەبێت لە گەندەڵی و هەموو بەرپرسیارێتییەکانی بە کارایی و رەوایی جێبەجێ دەکات.

بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجانە، پێویستە گەندەڵی بنبڕ بکەین، پرۆسە و ڕێسای نوێ دابنێین بۆ فەرمانبەران، دڵنیایی بکەین لەوەی خەڵک دەستیدەگات بە زانیاری، یاساکان و بڕیارەکانی حکومەت، دڵنیایی بکەین لەوەی کە حکومەت بەشێوەیەک رێکخراوە کە سەرکەوتوو دەبێت و بەشێوەیەکی گونجاو رۆڵ و پەیامی حکومەتەکەمان دیاری بکەین.

ئێمە بەرەنگاری گەندەڵی دەبینەوە لەڕێگای جێبەجێکردنی سەروەری یاسا، زامنکردنی ئەوەی کە فەرمانبەران ڕێسای رەفتاری روونیان هەیە بۆ ڕێنماییکردنی کارەکانیان، سنووردارکردن و ئاسانکردنی ژمارەی ئەو مۆڵەتانەی خەڵک پێویستە بەدەستیان بهێنێت لە حکومەت بۆئەوەی بتوانن ژیان و کارەکانیان بەڕێوەببەن، دڵنیاییکردن لەوەی هەموو کارەکانی حکومەت کراوە و شەفافن، هەروەها بە ئاشکرا پارەی گشتی بەکاردەهێنرێت. دادگاکان و سیستەمی چاودێری ناوخۆیی حکومەت پتەو دەکەین بۆئەوەی بتوانین گەندەڵی بدۆزینەوە و سزای بدەین.

شەفافیەت زیاد دەکەین. دڵنیایی دەکەین لەوەی کە هەموو یاسا، رێنمایی و بڕیارەکانی حکومەت بە روونی دەنووسرێن و بڵاودەکرێنەوە، بۆئەوەی خەڵک دەستی پێیان بگات و بیانخوێنێتەوە. لەمیانەی بونیاتنانی تواناکانمان بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر ئابوری و کۆمەڵگە لە هەرێم، بەدەرلەوەی زانیارییەکان رەنگدانەوەی پۆزەتیف یان نێگەتیفیان هەیە لەسەر

وێنەی حکومەت، هەموو زانیارییەکان بڵاودەکەینەوە،بەڵام نهێنی خەڵک و کۆمپانیاکان دەپارێزین. خەڵک مافیان هەیە دەربارەی هەرێم زانیارییان هەبێت، بۆئەوەی بتوانن بڕیارەکانی خۆیان بدەن.

ئاستی کارایی و کاریگەریمان بەرزدەکەینەوە. بەشێوەیەکی وردتر ڕۆڵی حکومەت دیاری دەکەین. لەماوەی دوو ئابڵوقەدا، پێویستمان بە حکومەت بوو بۆ ڕاگرتنی تەبایی کۆمەڵگە — بۆ دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان، بۆ دابینکردنی کار و تەنانەت بۆ دابینکردنی خۆراک. بەڵام ئێستا کەرتێکی تایبەتی گەشەسەندوومان هەیە و بەڕووی جیهاندا کراوەین. پێویستمان بە حکومەتە بۆ دابینکردنی ئاسایش، بەڕێوەبردنی دادوەری و دانانی ڕێساکان بۆ کۆمەڵگە و بازرگانی لەڕێگای دەرکردنی یاسای ژیرانە و ڕێنمایی کاراوە. پێویستە کەرتی بازرگانی تایبەت و ڕێکخراوە ناحکومییەکان هەڵبژاردەی یەکەممان بن بۆ پێشکەشکردنی کاڵا و خزمەتگوزاری، پێویستە یەکەم جار ڕەچاوی هاوبەشی نێوان کەرتی گشتی و تایبەت بکەین پێش ئەوەی هەر شتێک بکەین بە پرۆگرامی حکومی. هەر پرۆگرامێک کە حکومەت بەڕێوەی دەبات پێویستە هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت و بەرەوپێش ببرێت.

ئەم گۆڕانکارییە لە ڕۆڵی حکومەتدا لەوانەیە پێویستی بە ڕێکخستنەوەی وەزارەتەکانمان هەبێت. دووبارە بیردەکەینەوە لە شێوازی ڕێکخستنی وەزارەتەکان لەڕووی ژمارە و جۆری بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکان لەڕووی دەسەڵات و دابەشکردنی دەسەڵات لەنێوان وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکان و بەڕێوەبەرایەتییەکانی پارێزگاکان. ئەم شێکردنەوانە یارمەتیمان دەدەن بۆ دیاریکردنی ئەولەویەتەکانی سیاسەتی حکومەتێکی کارا و ڕاستگۆ.

## ئەولەویەتەکانی سیاسەتی ئەم بوارە

تا ٢٠١٧، ئەم هەوڵی بەدیهێنانی ئەم ئەولەویەتانەی سیاسەت دەدەین بۆ زیادکردنی ڕاستگۆیی، کرانەوە و کارایی و کاریگەری حکومەت.

### زیادکردنی کرانەوە و شەفافیەت.

دەستگەیشتن بە بەڵگەنامەکانی حکومەت پرنسیپێکی بنەڕەتییە بۆ حکومەتی دیموکراتی. هەوڵ دەدەین سیستەمێک دروست بکەین و ڕەچاوی دروستکردنی ئۆفیسێک بکەین بۆ بڵاوکراوە حکومییەکان، ئەمەش بۆ بەردەستخستنی بەرفراوانی هەموو بەڵگەنامەکانی حکومەت بە کوردی، عەرەبی و ئینگلیزی. بەردەستبوونی بەرفراوان واتا بڵاوکردنەوەی بەڵگەنامەکان لەسەر ئەنتەرنێت و فەراهەمکردنی ژمارەیەک کۆپی لە هەموو ناوچەکان. ئەو بەڵگەنامانەی بڵاودەکرێنەوە بریتین لە یاساکان، ڕەشنووسی ئەو یاسایانەی کە پەرلەمان تاوتوێیان دەکات، ڕەشنووسی ئەو یاسایانەی ئەنجومەنی وەزیران تاوتوێیان دەکات، ڕێنماییەکان، ڕەشنووسی ڕێنماییەکان، بودجەی بەگەڕخستن، بودجەی وەبەرهێنان، چاودێرییە داراییەکان و هەموو بەڵگەنامە فەرمییەکانی تر. هاوکات تۆماری دەنگدان و ئامادەبوونی ئەندامانی پەرلەمان بڵاودەکەینەوە، هەروەها کاردەکەین بۆ دانانی سیستەمی خستنەڕووی زانیاریی بۆ هەموو کاربەدەستانی حکومەت.

### دانانی ستانداردی باڵای یاسایی و دڵنیاییکردن لە ڕەفتاری باش لەناو حکومەتدا.

ڕەشنووسی یاسا پێشنیار دەکەین و گفتوگۆ و ڕاگۆڕینەوە دەکەین لەگەڵ شارەزا نێودەوڵەتییەکان بۆ دڵنیاییکردن لەوەی کە هەوڵەکانی دژەگەندەڵی و ڕەفتاری حکومەت لە بەرزترین ئاستی ستاندارده نێودەوڵەتییەکاندان. ڕاهێنان لەسەر نەزاهە پێشکەش دەکەین بە هەموو فەرمانبەران. بۆئەوەی بەرپرسیارێتی تەنها لە ئەستۆی کاربەدەستانی حکومەتدا نەبێت، ڕێککەوتنی نەزاهە گەڵاڵە دەکەین لە پرۆژە سەرەکییەکانی ژێرخاندا و پرۆگرامی ڕەفتاری باش و نەزاهە بۆ بەڵێندەران دادەنێین و جێبەجێیان دەکەین.

### زامنکردنی سەروەری یاسا.

بەردەوام دەبین لە چاکسازی بۆ زامنکردنی سیستەمێکی دادوەری پیشەیی و سەربەخۆ. گرنگی دەدەین بە دروستکردنی دەرفەتی پەروەردەی بەردەوام بۆ دادوەران، چاکسازی دەکەین لە سیستەمی دارایی دەسەڵاتی دادوەریدا، وەبەرهێنان دەکەین لە شوێنی نوێ، سیستەمی ئەنتەرێتی دروست دەکەین بۆ بەدواداچوونی کەیسەکان، دانانی ڕێسا بۆ دیاریکردنی کەیس بۆ دادوەر، هەروەها بەرەوپێشبردنی میدیا و دەستگەیشتنی خەڵک بە پرۆسەی دادگاییکردن و بڕیارەکانی دادگا.

### بەرەوپێشبردنی کارایی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری حکومی.

هەڵسەنگاندن ئەنجام دەدەین بۆ پرۆگرامە بەردەوامەکان و پرۆگرامی نوێ تاقی دەکەینەوە بۆ گەڵاڵەکردنی تێگەیشتنی باشتر لە ئەگەری سەرکەوتنیان. پێویستە ئەم هەڵسەنگاندنانە ببنە نەریتێکی بەردەوام لە هەموو وەزارەتەکان، بە بەکارهێنانی تازەترین شێوازەکان، هەروەها لەلایەن ڕێکخراوی سەربەخۆوە ئەنجام بدرێن بۆ زامنکردنی بێلایەنی.

### دڵنیاییکردن لەوەی هاوڵاتیان دەنگیان دەبیسترێت.

حکومەتەکان لە سەرانسەری جیهان هەوڵ دەدەن خزمەتگوزارییەکانیان باشتر بکەن. ئێمە لێکۆڵینەوە دەکەین لە دانانی سیستەمێک کە لە ڕێگەیەوە هاوڵاتیان بتوانن ڕاپۆرت بدەن لەسەر ئاستی ئاسوودەییان و لەسەر کێشەکانیان لەگەڵ

پرۆگرامەکانی حکومەت و کاربەدەستان و پێشنیارکردنی ڕێگەکانی بەرەوپێشبردنی کارەکان. بۆ نیشاندانی شەفافیەت، ئەم ڕاپۆرت و پێشنیارانە بڵاودەکەینەوە.

### ئاسانکردنی مەرجەکانی حکومەت.

پێداچوونەوە دەکەین بۆ هەموو مۆڵەت و ڕێنماییەکان و ئەوانە لادەبەین کە پێویست نین و بارگرانی دروست دەکەن. پێویستە وەزارەتەکان نیشانی بدەن کە بۆچی ئەو مۆڵەتەی دەیدەن پێویستە.

### لێکۆڵینەوە لە پەیکەری ڕێکخراوەیی وەزارەتەکان.

لەژێر ڕۆشنایی دیدگای پەرەپێدانی هەرێمیدا، پێداچوونەوە دەکەین بۆ ئامانجی سەرەکیی بۆ هەبوونی هەموو وەزارەتەکان و پاشان شیکردنەوە دەکەین بۆ ئاستی کاردانەوەی وەزارەت بۆ خواستەکانی خەڵک و بۆ پەیکەری ڕێکخراوەیی وەزارەتەکان بۆ بەدیهێنانی ئامانجی سەرەکیی و دابینکردنی تەمویلی پێویست بۆ ئەنجامدانی ئەو ئەرکانەی پێی سپێردراوە. ئەگەر نەبوو، پلانی ڕێکخستنەوەی وەزارەت دادەڕێژین.

### باشترکردنی هەماهەنگی لەناو حکومەتدا.

بۆئەوەی کارا بێت، پێویستە حکومەت شێوازی پێکەوە کارکردنی وەزارەتەکان بەرەوپێش ببات بۆ بەدیهێنانی ئامانجە هاوبەشەکان. لە بەشی دەرئەنجامدا وردەکاری و هەنگاوی کۆنکرێتی باس دەکەین، کاتێک باسی بەرپرسیارێتییەکانی حکومەت دەکەین بۆ بەدیهێنانی ئەم دیدگایە.

# بودجە

ئامانجی پڕئومێدمان هەیە، دەتوانین زۆربەی ئەمانە بەدیبهێنین لەڕێگای بەرەوپێشبردنی سیستەمەکانی بەڕێوەبردن و پێداچوونەوە بە یاسا و ڕێنماییەکاندا. بەڵام بەدیهێنانی ئامانجەکانمان هاوکات پێویستی بەوە هەیە کە خەرجییە گەورەکان بەشێوەیەکی ژیرانە ئەنجام بدرێت.

## دیدگا

سیستەمێکی دارایی گشتی شەفاف، کارا و دادپەروەرانە کە تەمویلی تەواوی بەگەڕخستنی حکومەت و وەبەرهێنانەکانی بکات کە ئەولەویەتیان هەیە بۆ خۆشگوزەرانی و سەلامەتی خەڵک.

### بودجە لە ئێستا و لە ٢٠٢٠

بەڕێوەبردنی دارایی یەکێکە لە گرفتە سەرەکییەکانی حکومەتەکەمان کە هەوڵ دەدات هاوسەنگی سەرچاوەکان رابگرێت لەژێر هەلومەرجە سەختەکاندا، لەکاتێکدا کە هەوڵی بەدیهێنانی ئەولەویەتە گرنگەکانی هەرێم دەدات. بودجەی ئێمە بەشێوەیەکی بەرچاو بەرزبۆتەوە، لە ساڵی ٢٠٠٨ەوە دوو قات بەرزبۆتەوە، ئەگەرچی لە ساڵی ٢٠٠٩ زۆر بەهێواشی بەرزبووە، کاتێک نرخەکانی نەوت دابەزی (خشتەی ٤.١). هەتا ئەم دواییانە، بەشێکی زۆری ئەم بودجە گەورەیەی حکومەتمان تەرخان دەکرد بۆ بودجەی وەبەرهێنان. ئەنجامی ئەمەش بریتی بوو لە شەقام، قوتابخانە، بنکەی تەندروستی و پرۆژەی پێویستی ژێرخانی نوێ. بۆ هاوکاریکردنی پەرەپێدان، مەبەستمانە بودجەی وەبەرهێنان بەردەوام بێت لە زیادبوون و ئەم بودجەیەش بەشێوەیەکی کارا بەکاربهێنین.

دیدگای ئێمە بۆ ٢٠٢٠ فرەکردن و سەقامگیرکردنی سەرچاوەکانی داهاتە، هەروەها خەرجییەکانمان پلانی وردییان بۆ دابنرێت و تەبابن لەگەڵ ئەولەویەتەکانمان. ئێمە ڕووبەڕووی چەند بەربەستێک دەبینەوە بۆ بەدیهێنانی ئەم دیدگایە. حکومەتەکەمان بەشێکی گەورەی بودجەی ساڵانە لە حکومەتی فیدراڵی وەردەگرێت، لەپاڵ باج و ڕسومە سنووردارەکان کە لە هەرێم کۆدەکرێنەوە. بودجەی فیدراڵی بەشێوەیەکی سەرەکیی پشت دەبەستێت بە سەرچاوە نیشتیمانییەکانی نەوت، کە هەڵبەزودابەزی بەرچاو بەخۆیەوە دەبینێت. ئەمەش پرۆسەی دانانی بودجە لەسەر هەردوو ئاستی فیدراڵی و هەرێمی والێدەکات کە شایانی خەملاندن نەبێت. هاوکات، زۆرجار حکومەتی فیدراڵی پاش دەستپێکردنی ساڵی دارایی بودجە پەسەند دەکات، ئەمەش توانای ئێمە کەمدەکاتەوە و ڕووبەڕووی دواکەوتن دەبینەوە لە پلاندانانی ورد بۆ خەرجییە گشتییەکان و وەرگرتنی بەشی ڕەوای خۆمان لە بودجەی فیدراڵی. دواجار پاش گەورەبوونی حکومەتەکەمان، بودجەی وەبەرهێنان لە مەترسیدایە. بودجەی وەبەرهێنانی پێشنیارکراو بۆ ساڵی ٢٠١٢ نزمترین ڕێژە بوو لە کۆی بودجەی گشتی جگە لە ساڵی ٢٠٠٩. ئەمە ئەوە نیشان دەدات کە ئێمە بەردەوام بووین لە دامەزراندنی فەرمانبەر و زیادکردنی خەرجییەکانی حکومەت زۆر زیاتر لە ئاستی ساڵی ٢٠٠٧.

لە ساڵی ٢٠٠٩، پلانێکی کارامان دانا بۆ بەڕێوەبردنی دارایی گشتی لە هەرێم. بۆ پاڵپشتیکردنی ئەمە، دەستمانکرد بە جێبەجێکردنی پرۆژەی پاڵپشتی جێبەجێکردنی بودجە، بۆ پتەوکردنی سیاسەت، پلاندانان و داڕشتنی بودجە؛ جێبەجێکردن و چاودێری؛ ڕاپۆرتدان؛ وردبینی، سیستەمەکانی کۆنترۆڵ و سیستەمەکانی بەڕێوەبردنی

زانیاری و سەرچاوە مرۆییەکان لە بواری بودجەدا. بەردەوام دەبین لە بونیاتنانی زیاتر لەسەر ئەم پلانی کارە و ئەنجامەکانی پرۆژەی پاڵپشتی جێبەجێکردنی بودجە بۆ دڵنیاییکردن لەوەی بودجەی حکومەت بەشێوەیەکی ژیرانە خەرج دەکرێت.

## ئەولەویەتەکانی سیاسەتی ئەم بوارە

بۆ زیادکردنی تواناکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ دانانی بودجە بەشێوەیەکی گونجاو، حکومەت ئەم ئەولەویەتانەی سیاسەت جێبەجێ دەکات هەتا ٢٠١٧:

### بەمۆدێرنکردنی بەڕێوەبردنی بودجە.

هەموو پرۆژەکانی ئێستای پاڵپشتی بودجە تەواو دەکەین، هەروەها پرۆژەی تر ئامادە دەکەین بۆ بەرەوپێشبردنی بەڕێوەبردنی بودجە، کە جگە لە چەندین ئەرکی تر ئەم ئەرکانە دەگرێتەوە: تەباکردنی شێوازەکانی دانانی بودجە لە هەر سێ پارێزگاکە، کەمکردنەوەی گواستنەوە نەختینەییەکان و پەیڕەوکردنی ستاندارده نێودەوڵەتییەکان بۆ راپۆرتدان لەسەر بودجە لەلایەن هەموو وەزارەتەکانەوە.

### زیادکردنی شەفافیەتی بودجە.

ستاندارده نێودەوڵەتییەکان پەیڕەو دەکەین بۆ راپۆرتدان لەسەر بودجە و دڵنیایی دەکەین لەوەی کە رەشنووسی بودجەکان لەکاتی گونجاودا بڵاودەکرێنەوە کاتێک رەوانەی ئەنجومەنی وەزیران و پەرلەمان دەکرێن، هەروەها بڵاوکردنەوی بودجەی پەسەندکراو لەکاتی گونجاود.ا هاوکات حساباتی ساڵانەی بودجە لەکاتی گونجاودا بڵاودەکەینەوە پاش داخستنی حساباتی ساڵ. هەموو ئەم بەڵگەنامانە لەسەر ئەنتەرنێت بڵاودەکرێنەوە.

### نزیک کردنەوەی بڕیارەکانی بودجە لە خەڵک.

پارێزگا و قەزا و ناحییەکان هەموویان فەرمانگەی حکومییان هەیە بۆ بڕیاردان لەسەر وەبەرهێنانی حکومەت و ئەو خزمەتگوزارییانەی باشترن بۆیان. چوارچێوەیەکی یاسایی دروست دەکەین بۆ دیاریکردنی سەرچاوەکانی داهات و بەرپرسیارێتییەکانی خەرجی لەسەر ئاستە جیاوازەکانی حکومەتدا، هەروەها تەرخانکردنی دارایی لە حکومەتی هەرێمەوە ئەنجام دەدەین بۆ ئاستی پارێزگا و قەزا و ناحییەکان بۆ قەرەبووکردنەوەی جیاوازییە دارایی و باجییەکان.

### بەرەوپێشبردنی باجگری.

پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان سەرچاوەکانی داهات فرە بکات بۆ کەمکردنەوەی وابەستەبوون بە تەرخانکردنەکانی بەغداد و سەرچاوەکانی نەوتەوە. حکومەتەکەمان ڕێگەی نوێ تاقی دەکاتەوە بۆ باجی تایبەت و بازرگانی بەشێوەیەک کە شێواندنە ئابورییەکان کەمبکاتەوە، دڵنیایی بکات لەوەی سەرمایەی جوڵاو هەرێم بەجێناهێڵێت، کەمکردنەوەی تێچووەکانی پابەندبوون بۆ باجدەران، هەروەها کەمکردنەوەی تێچووە کارگێڕییەکان. ئەم باجانە حکومەتەکەمان توانادار دەکات وەبەرهێنانی زیاتر بکات بۆ خەڵک و وابەستەبوونمان بە حکومەتی فیدراڵییەوە کەمبکاتەوە.

### گونجاندنی بودجەی وەبەرهێنان لەگەڵ ئەولەویەتەکانمان.

دڵنیایی دەکەین لەوەی کە خەرجییەکانی بودجەی وەبەرهێنان گونجاون لەگەڵ ئەو ئەولەویەتانەی لە دیدگای پەرەپێدانی هەرێمدا دیاریکراون. هاوکات شیکاری تێچوو-سوود یان شێوازی تری هەڵسەنگاندنی وەبەرهێنان پەیڕەودەکەین بۆ دڵنیاییکردن لەوەی کە ئەو پارەیەی سەرف دەکرێت بەرامبەر شتێکی بەهادارده.

### سەقامگیرکردنی بودجە.

لەکۆتایدا، هەوڵی دانانی سندوقی سەقامگیرکردنی بودجەی هەرێم دەدەین بۆ ئامادەبوون بۆ دابەزینی داهات لە داهاتوودا. لەڕێگای بەکارهێنانی ئەم سندوقەوە، ئەگەر نرخی نەوت دابەزی یان ئەگەر بەغداد هێواش بوو لە ناردنی پشکی خۆمان لە بودجەی نیشتیمانی، دەتوانین ڕێژەکانی وەبەرهێنان رابگرین و خەرجییەکانی ئەو خزمەتگوزارییانە بدەین کە خەڵکەکەمان شایستەیەتی.

## چاکسازی خزمەتی مەدەنی

حکومەتەکەمان چەندین دەستکەوتی هەبووە لەپاش ئازادییەوە، بەڵام هاوکات حکومەتێکی گەورە و ناکارایە. گۆڕینی ئەمە پێکهاتەی سەرەکیی ستراتیژی پەرەپێدانەکەمانە.

### دیدگا

حکومەتێک کە قەبارەی گونجاوە و خەڵکی شیاو کاردەکەن بۆ توانادارکردنی گەشە و پەرەپێدانی هەرێمی کوردستان.

## خزمەتی مەدەنی لە ئێستا و لە ٢٠٢٠

لەسایەی هەلومەرجە سەختەکان و نادڵنیایی زۆردا، حکومەتێکمان بونیاتنا کە پێشتر هیچ حکومەتێکمان نەبوو. ئێستا لە کابینەی حەوتەمداین و وەزارەت و فەرمانگەمان هەیە کە بایەخ دەدەن بە هەموو کەرتەکانی کۆمەڵگە و ئابوری. لەگەڵ ئەم دەستکەوتەدا، پێویستە ئێستا هەنگاو بنێین بۆ قۆناغی داهاتوو کە بریتییە لە بەرەوپێشبردنی حکومەتەکەمان. پێویستە دڵنیایی بکەین لەوەی کە حکومەت قەبارەکەی گونجاوە — نە زۆر گەورە و نە زۆر بچووک — و خەڵکی شیاو لە جێگەی شیاودان.

حکومەتەکەمان زۆر گەورەیە. هەندێک لە هەوڵەکانمان بۆ بچووککردنەوەی قەبارەی حکومەت بەشێکن لە پرۆگرامی گێرانەوەی هاوسەنگی بۆ ئابوری بەرەو کەرتی تایبەت، وەک پێشتر باسکرا لە دیدگاکەماندا بۆ بازاڕی کاری هەرێم. بەڵام هەنگاوی زیاتر هەیە کە دەتوانین بیانهاوێژین لەناو حکومەت خۆیدا. یەکەم، پێویستە هەڵسەنگاندن بکەین بۆ ئاستی موچە و دەرماڵەکان کە فەرمانبەرانی حکومەت وەریدەگرن، بۆ دڵنیاییکردن لەوەی کە پارەی زیاتر وەرناگرن بەرامبەر بەو کارەی ئەنجامی دەدەن. دووەم، دەتوانین پرۆگرامێک دابنێین بۆ یارمەتیدانی فەرمانبەرانی حکومەت بۆئەوەی بە ئاسوودەیی حکومەت بەجێبهێڵن و پیشەی نوێ لە کەرتی تایبەت بەدەستبهێنن. پرۆگرامی وازهێنانی خۆبەخش زۆر گرنگە بۆ ئەمە، کە تێیدا پاداشت دەدرێت بەوانەی کە حکومەت بەجێدەهێڵن و خەڵک بە ئازادی ئەم کارە دەکەن.

بۆ ئەوانەی لە حکومەتدا دەمێننەوە، دەمانەوێت دڵنیایی بکەین لەوەی کە فەرمانبەری ئاست بەرزمان هەیە و کەسی شیاو لە کاری شیاودا کاردەکات. پێویستە سەرەتا دیاری بکەین کە پێویستمان بە کام کارانە هەیە و بەرپرسیارێتییەکانی هەر کارێک کامانەن. کاتێک کارەکانمان روونکردنەوە، پێویستە کارامەترین کەس دابمەزرێنین بەشێوەیەکی رێکخراو، ناسیاسی و شەفاف. پاشان پێویستمان بە هەڵسەنگاندنی ئەدای کار و بەرزکردنەوەی پلەی تەنها باشترین کارمەندەکان دەبێت. رێگەیەک بۆ بەدیهێنانی هەموو ئەم ئامانجانە بەشێوەیەکی کاریگەر بریتییە لە دروستکردنی ئاژانسێکی بەڕێوەبردنی فەرمانبەران کە بتوانێت پلانی ستراتیژی سەرچاوە مرۆییەکان دابنێت و دامەزراندن، هەڵسەنگاندن و پلەبەرزکردنەوە بەڕێوەببات. ئەمە یارمەتیمان دەدات بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکەمان بۆ دروستکردنی خزمەتی مەدەنی تەواو پیشەیی هەتا ٢٠٢٠.

## ئەولەویەتەکانی سیاسەتی ئەم بوارە

هەتا ساڵی ٢٠١٧ حکومەت ئەم ئەولەویەتانەی سیاسەت جێبەجێ دەکات بۆ بەپیشەییکردنی حکومەت و رێنماییکردنی بۆ بەدیهێنانی قەبارەی دروست:

### بەڕێوەبردنی خزمەتی مەدەنی بۆ بەدیهێنانی ئامانجە کورتمەودا و دوورمەوداکان.

پلانێکی ستراتیژی سەرچاوە مرۆییەکان دادەرێژین، کە تێیدا وەسفی کارەکان بکرێت، هەڵسەنگاندنی وردی فەرمانبەران ئەنجام بدرێت، و قەبارەی خزمەتی مەدەنی بگونجێنرێت لەگەڵ ئەو ئەرکانەی ئەنجامیان دەدەن. ئەمە رێگەمان دەدات دامەزراندنی ئێستا کەمبکەینەوە و هاوکات ئامانجە کورتمەوداکانمان بەدیبهێنین، هاوکات رێگەمان دەدات بەردەوام بین لە راکێشانی کارمەندی لاو کە دواجار دەبنە رابەرانی حکومەت و دیدگای پەرەپێدانی هەرێم بەدیدەهێنن و زیاتری لەسەر بونیات دەنێن.

### دروستکردنی ئاژانس و سیستەمی بەڕێوەبردنی خزمەتی مەدەنی.

دروستکردنی ئاژانسێکی لەم جۆرە بۆ بەڕێوەبردنی دامەزراندن و هەڵسەنگاندن یارمەتیمان دەدات بۆ دڵنیایی کردن لەوەی کە خەڵکی خاوەن کارامەیی شیاو دادەمەزرێنین، هەڵسەنگاندن بەشێوەیەکی دادوەرانە دەکەین، و پاشان تەنها باشترینەکان پلەیان بەرز دەکرێتەوە. هاوکات پێشەنگ دەبێت لە دانانی وەسفی کار بۆ هەموو ئەرکە حکومییەکان، کە ئەمەش مەرجێکی گرنگی هەموو حکومەتە مۆدێرنەکانە. ئەم وەسفی کارانە توانادارمان دەکات بۆ دانانی سیستەمی هەڵسەنگاندنی نوێ و ئەنجامدانی هەڵسەنگاندنی دادوەرانە لەرێگای دانانی ستاندار بۆ پێوانەکردنی ئەدای کار، هاوکات رێگەمان دەدەن رێچکەی پیشەیی لەناو حکومەتدا دروست بکەین.

### هاوتاکردنی قەرەبوو و دەرماڵەکان.

پێداچوونەوە دەکەین بۆ بەستەی قەرەبوو و دەرماڵەکان کە فەرمانبەرانی حکومەت وەریان دەگرن و چاومان لەسەر گۆڕینی کەرتی تایبەت دەبێت بۆ کردنی بە شوێنێکی سەرنجراکێشتر. لێرەدا ئەوە لەبەرچاودەگرین کە ئایا حکومەت زیاد لە پێویست بەخشندەیە، لەکاتێکدا کە ئابورییەکی فرەیی بونیات دەنێین و چیتر پێویست ناکات حکومەت خاوەنکاری سەرەکیی بێت.

### یارمەتیدانی فەرمانبەران بۆ بڕیاردان بۆ بەجێهێشتنی حکومەت و بەشداریکردن لە کەرتی تایبەتدا.

پرۆگرامی نوێ پەیرەو دەکەین بۆ تواناداركردنی فەرمانبەرانی حکومی بۆئەوەی خۆبەخشانە حکومەت بەجێبهێڵن لەکاتێکدا کە تۆڕی پاراستن هەیە، ئامانجیش لەمە کەمکردنەوەی ژمارەی کارمەندانی حکومەتە. پرۆسەکە بە پرۆگرامی ئەزموونی دەستپێدەکات، پاش هەڵسەنگاندنیان، پرۆگرامی سەرانسەری بۆ حکومەت دەستپێدەکرێت.

## ڕێگەی کارکردنی داهاتوو

پرۆگرامەکەمان بۆ ئەوەی حکومەت بۆ خزمەتی خەڵک کاربکات پێکدێت لە چەند سیاسەتێکی پێکەوە گونجێنراو کە حکومەت دەکەن بە تواناداركەری دانیشتوانێکی تەندروست و خوێندەوار، دانیشتوانێک کە خزمەتگوزاری ئاست بەرزیان پێشکەش دەکرێت و چەندین دەرفەتی کاریان لە بەردەستدا دەبێت.

حکومەتێکی شەفاف و کارا پارەکەی ژیرانەتر خەرج دەکات، خەرجییەکان لەگەڵ ئەولەویەتەکان دەگونجێنێت و بایەخ دەدات بەو ئەرکانەی کە حکومەت بە باشترین شێوە ئەنجامیان دەدات و دەرفەت دەدات بە گەشەی کەرتی تایبەت. پرۆسەی باشتری بودجە و بڕیاردانی نزیک لە خەڵک، دڵنیایی دەکەین لەوەی کە پارەی گشتی بۆ پێداویستییە گرنگەکان خەرج دەکرێن و دەبنە هۆی بەرهەمهێنانی دانیشتوانێکی تەندروستتر و خوێندەوارتر. حکومەتێکی بچووکتر پارەی زیاتری پێدەبێت بۆ خەرجکردن لە بواری وەبەرهێنان لە هەرێمەکەمان، ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی ژێرخانێکی باشتر و ژینگەیەکی پاکتر. دروستکردنی حکومەتێکی راستگۆ، شەفاف، کارا، لەڕووی داراییەوە بەرپرسیار و حکومەتێکی کارامە، دەبێتە هاوبەشێکی راستەقینەی کەرتی تایبەت و خەڵک بۆ دروستکردنی هەرێمێکی سەرکەوتوو.

# بەدیهێنانی دیدگاکە

هەرێمەکەمان هەنگاوی زۆریناوە لەدوای هەڵهاتنی خەڵکەکەمان بۆ چیاکان پاش راپەرینی ١٩٩١. بەڵام هێشتا هەنگاوی زۆرمان ماوە. ئەم دیدگای پەرەپێدانی هەرێمە، چوارچێوەک دابین دەکات کە تێیدا حکومەت و خەڵک دەتوانن پێکەوە کاربکەن بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانمان.

## چاودێریکردنی پێشکەوتن بەرەو بەدیهێنانی دیدگاکەمان

لە دیدگای پەرەپێدانی ئێمەدا هەرێم شوێنێکە کە هەموو خەڵک بەهرەمەند دەبن لە سوودەکانی ئازادی، تەندروستی، خۆشگوزەرانی و ئاسایش و دەرفەتی ئابوری. ئێمە چاودێری پێشکەوتنەکانمان دەکەین بەرەوە بەدیهێنانی ئەم دیدگایە (خشتەی دەرئەنجام ١).

دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی خێرا بەرەوپێش دەچێت و نەخشەرێگایەکی هەیە بۆ بوون بە دەستەیەکی ئاماری پلە یەک. دەستەی ئامار پیشەییە و سوورە لەسەر پێشکەوتن. هاوشێوە، توانای ئامارییمان هەیە لە وەزارەتەکان، هەوڵی بەرەوپێشبردنی ئەوانیش دراوە. بەڵام هێشتا هەموو ئەو زانیارییانەمان نییە کە پێویستن بۆ چاودێریکردنی پێشکەوتنمان.

بۆ نموونە، بۆئەوەی چاودێری خزمەتگوزاری نەخۆشخانەکان بکەین لەمیانەی جێبەجێکردنی سیاسەتەکانی تەندروستیدا، پێویستمان بە دروستکردنی چوار سیستەمی داتای سەرەکیی دەبێت: (١) سیستەمی بەڕێوەبردنی زانیاری بۆ چاودێریکردنی سەرچاوە و خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان و پێشکەشکردنی داتا بەشێوەی خشتە و نەخشە بۆ بەکارهێنان لەلایەن بەڕێوەبەرەکانەوە لە ئاستی قەزا، پارێزگا و هەرێمدا؛ (٢) سیستەمێک بۆ چاودێریکردنی سوود وەرگرتن لە چاودێری تەندروستی؛ (٣) رووپێوی رۆتینی بۆ ئاستی ئاسوودەیی خزمەتخواز بۆ چاودێریکردنی ئاستی ئاسوودەیی ئەو کەسانەی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان بەکاردەهێنن، بۆئەوەی بتوانین سیستەمەکە بەرەوپێش ببەین؛ (٤) سیستەمێک بۆ چاودێریکردنی کوالێتی لە نەخۆشخانەکان و نۆڕینگەکان بۆئەوەی بتوانین چاودێری رووداوەکان و ئاستی نەخۆشییە گوازراوەکانی ناو نەخۆشخانەکان و هەڵەی پزیشکی بکەین، هەروەها ئاماری تری پەیوەست بە کوالێتی. هاوشێوە لەبواری برەودان بە خزمەتگوزارییە پارێزگارییەکان، پێویستمان بە دانانی سیستەمێکی وردبینی تەندروستی گشتی دەبێت لەگەڵ سیستەمێک بۆ چاودێری، هەڵسەنگاندن و پەسەندکردنی بەکارهێنانی دەرمان و کوالێتی و سەلامەتیان، هەروها دانانی ئاماژەدەری کوالێتی ژینگە و سەلامەتی خۆراک. لەبواری نیشتەجێکردندا، پێویستمان بە سەرژمێری رێکخراو دەبێت بۆ خانووبەرە، بۆ ئەوەی تێگەیشتنی تەواومان هەبێت لە دۆخی نیشتەجێبوون لە هەرێم.

بەم شێوەیە، ئێمە لیستی نیشاندەرە سەرەکییەکانی چاودێری دابین دەکەین کە پێویستمان بە کۆکردنەوەیان دەبێت بۆ پێوانەکردنی ئاستی پێشکەوتنمان، بەڵام دەزانین کە ناتوانین هەموویان دەستبەجێ کۆبکەینەوە. بۆ شەفابوونی زیاتر، ئێمە هەموو ئەم نیشاندەرانە بڵاودەکەینەوە لەکاتی گونجاودا. لەهەندێک دۆخدا، داتاکان بەردەست دەبن، لەهەندێکی تردا پێویستە سیستەم یان رووپێوو دروست بکەین بۆ کۆکردنەوەی داتا. بونیاتنانی تواناکانی چاودێریکردنمان یەکێکی تر دەبێت لە ئامانجەکانمان بۆ بەدیهێنان تا ٢٠١٧.

## بەرپرسیارێتییەکانی حکومەت و خەڵک

بەدیهێنانی ئەم دیدگایە نابێت و ناکرێت تەنها حکومەت لێی بەرپرسیار بێت. پێویستە خەڵکیش بەشداری بکەن، لەبەرئەوە گرنگە حکومەت هەوڵی گەیاندنی بدات بە خەڵک و ژینگەیەک دروست بکات کە خەڵک خولیاکانیان بەدیبهێنن. بەڵام حکومەت بەرپرسیارێتی زۆری هەیە، یەکێک لەوانە دانانی ئەولەویەتی دیاریکراوە لەژێر رۆشنایی دیدگای پەرەپێدانی هەرێمیدا، پاشان دانانی ئامانجی کۆنکرێتی و پێوانەکراوی ئەدایە. کاتێک وەزارەتەکان پلانەکانیان دادەرێژن بۆ بەدیهێنانی ئەم دیدگایە، ئێمە کاریان لەگەڵ دەکەین بۆ دانانی ئامانجی دیاریکراو بۆ هاندانی کارەکانیان.

### خشتەی دەرئەنجام ١ نیشاندەرەکانی چاودێری

**بەشی یەکەم: خەڵک لەپێش هەموو شتێکەوە**

| تەندروستی لە کوردستان |
|---|
| دانانی سیستەمێکی باش بۆ تەمویلی چاودێری تەندروستی |
| ژمارەی ئەو کەسانەی سیستەمی نوێی بیمە دەیانگرێتەوە و ژمارەی داوای پارەدراو |
| ژمارەی کۆمپانیا دامەزراوە کاراکانی بیمە |
| ڕێژەی سەدیی پارەدان لەسەر بنەمای بڕ و کواڵیتی کاری ئەنجامدراو |
| بەرهەمداری نەخۆشخانەکان بەپێی ژمارەی کاتژمێری کرانەوە، ژمارەی نەخۆشی بینراو بەپێی کاتژمێر و تێچووی چارەسەری نەخۆشییە جیاوازەکان |
| بەرەوپێشبردنی بەردەستی و کواڵیتی خزمەتگوزارییە کلینیکییەکان |
| داتای کۆکراوە بەپێی ئەو چوار سیستەمەی لەسەرەوە باسکران و بەراورد کردنیان لەگەڵ چەند وڵاتێکی ناوچەکە کە دەخوازین بگەینە ئاستی ئەوان لە مەودای کورتدا، وەک ئوردون و تورکیا |

| پەروەردە لە کوردستان |
|---|
| ژمارەی قوتابخانە بونیاتنراوەکان لەهەر ساڵێکدا |
| ژمارەی مامۆستای ڕاهێنراو لە هەر ساڵێکدا |
| زیادبوون و کۆی ژمارەی تۆمارکردنی قوتابیان لە پەروەردەی ناوەندی |
| ڕێژەی تەواوکردن لە پەروەردەی ناوەندیدا |
| ڕێژەی کارکردن لەماوەی ساڵێک پاش تەواوکردنی پرۆگرامی ڕاهێنانی تەکنیکی و پیشەیی |
| ڕێژەی سەدیی ئەو دەرچوانەی زانکۆ کە کار لە کەرتی تایبەت بەدەستدەهێنن |
| زانینی زمانی بیانی و تەکنەلۆجیای زانیاری لەناو دەرچوانی زانکۆکاندا |

| یەکسانی دەرفەتەکان و پاڵپشتی گروپە کەمدەستەکان<br>کوشتن، سوتان و لێدانی ژنان و کچان |
|---|
| ژمارە و ڕێژەی سەدیی ئەوانەی لەژێر هێڵی هەژارییەوە دەژین |
| کەلێنی نێوان تێچووی بنەڕەتی ژیان و بڕی هاوکاری دارایی حکومەت کە پێویستە بۆ گەیاندنی خەڵک بەم ئاستە بنەڕەتییە |
| ژمارە و چالاکییەکانی ڕێکخراوە ناحکومییەکان کە خزمەتی گروپە کەمدەستەکان دەکەن |
| خشتەی ساڵانەی سەلامەتی منداڵان و لاوان بەپێی هەژاری، تەندروستی و پێوەری تری هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و ئابوری |

| بازاڕی کار لە کوردستان |
|---|
| ڕێژەی بەشداری هێزی کار |
| ڕێژەی بێکاری و کەمی بەکارخستن |
| درێژی ماوەی بێکاربوونی کەسێک |
| جیاوازییە جێندەرییەکان لە بەشداری هێزی کار، بێکاری و کەمی بەکارخستن |
| ژمارەی کارمەندانی کەرتی تایبەت کە لە کۆرسی ڕاهێناندا تۆماردەکرێن لە هەر ساڵێکدا |
| ژمارەی کارمەندانی کەرتی تایبەت بەرامبەر کارمەندانی خزمەتی مەدەنی |
| تێکڕای قەرەبوونی کارمەندانی کەرتی تایبەت بەرامبەر تێکڕای قەرەبووی کارمەندانی حکومەت |

**بەشی دووەم: بونیاتنانی هەرێم: ژێرخان**

| ئەولەویەتەکانی سیاسەتی ژێرخان بەگشتی |
|---|
| کۆی داهاتی بەکارهێنەر و کۆی تێچووی بەگەڕخستنی هەر سیستەمێکی ژێرخان |

| گواستنەوە بۆ ئابورییەکی گەشەسەندوو |
|---|
| بار بە تەن لە یەک کاتژمێردا کە گواستراونەتەوە لە فڕۆکەخانە نێودەوڵەتییەکانەوە |
| ژمارەی موسافیر، فڕین و هێڵە ئاسمانییەکان |
| ڕووبەری شەقامە قیرتاو کراوەکان |
| ژمارەی ئۆتۆمبیلی نەفەرهەڵگر کە لەنێوان شارە سەرەکییەکاندا هاتوچۆ دەکەن |
| کاڵای گوازراوە بە شەقامەکاندا |
| پێکدادانی بریندارکەر |

| ئاو و ئاوەڕۆ بۆ ئابورییەکی گەشەسەندوو |
|---|
| ئاو |
| کۆی ئاوی سەرزەوی گلدراوە |
| جووڵەی ئاو لە سەرچاوە ناوخۆییەکانەوە بۆ بەکاربەران، ماڵان، کۆمپانیا و کێڵگەکان |
| بەفیڕۆچوونی ئاو لە دابەشکردندا |
| ژمارەی دانیشتوان کە سەرچاوەی ئاوی چارەسەکراو بەکاردەهێنن |
| هەڵسەنگاندنەکانی کواڵیتی ئاو |
| ئاوەڕۆ |
| بڕی پاشەڕۆی چارەسەرنەکراو کە ڕاستەوخۆ ڕۆدەکرێنە ناو ڕووبارەکانەوە |
| ژمارەی دانیشتوان کە دەستیان دەگات بە ڕێوشوێنە مۆدێرنەکانی خاوێنکردنەوە |
| ژمارەو توانای وێستگەکانی چارەسەکردنی ئاوی پاشەڕۆ |
| ڕێژەی دانیشتوانی گوندەکان کە سیستەمی تانکیان هەیە |

| کارەبا بۆ دابینکردنی وزە لە هەرێم |
|---|
| ناو و توانای ڕاستەقینەی یەکەکان |
| ژمارەی کاتژمێرەکانی کیلۆواتی بەرهەمهاتوو |
| کاتژمێرەکانی کارەبا لەهەر ناحیەیەک |
| ڕێژەی سەدیی بەرزترین خواست و ڕێژەی سەدیی بەرزترین |

خواستی بەدیهاتوو

پەیوەندییەکان بۆ ئابوورییەکی گەشەسەندوو

ژمارەی هێڵەکانی مۆبایل بۆ هەر ١،٠٠٠ کەسێک

ژمارەی بەشدارانی ئەنتەرنێت بۆ هەر ١،٠٠٠ کەسێک

بەردەستی خزمەتگوزارییەکانی برۆدباند بۆهەر ١،٠٠٠ کەسێک

ڕێژەی سەدیی ئەو ناوچانەی کە سەنتەری دەستگەیشتن بە ئەنتەرنێتیان هەیە

ژمارەی هێڵی نۆرماڵ بۆ هەر ١،٠٠٠ کەسێک

ژمارەی پۆستخانە بۆ هەر ١،٠٠٠ کەسێک

قەبارەی گەیاندنی پۆستە بۆ هەر ١،٠٠٠ کەسێک

نیشتەجێبوون بۆ ئابوورییەکی گەشەسەندوو

ژمارەی یەکەکانی نیشتەجێبوون

کێشەکانی خاوەندارێتی خانوو

تێکڕای ئەو کەسانەی لە یەک خانوودا دەژین

ژمارە و بڕی قەرزی خانووبەرە

## بەشی سێیەم: بونیاتنانی هەرێمێک کە لەڕووی ئابوورییەوە گەشەسەندوو بێت

کشتوکاڵ و پیشەسازی کشتوکاڵی

ژمارەی ئەو جوتیارانەی کە سوودمەند بوون لە خولی پەرەپێدانی کشتوکاڵی

زانیاری لەسەر وەرزەکانی بەرهەمهێنان و نرخی بەرهەمە سەرەکییەکانی وەک گەنم و برنج

زانیاری لەسەر وەرزەکانی بەرهەمهێنان و نرخی بەرهەمە گرانەکانی وەک ترێ و هەنار

ژمارە و بەهای پرۆژە تازەکانی پیشەسازی کشتوکاڵ

بڕی زەوی تەرخانکراو بۆ بەرهەمهێنان

تێکڕای قەبارەی کێڵگەکان

بەها و بڕی هاوردە و هەناردەی کشتوکاڵی

بڕی ئاوی بەکارهاتوو بۆ ئاودێری

تواناداركردنی گەشەی کەرتی تایبەت

خەرجییە تایبەتەکانی کاڵا و خزمەتگوزارییەکان

هاوردە و هەناردەی کاڵا و خزمەتگوزاری

خشتەی نرخی بەکاربەر

ژمارەی کۆمپانیاکان بەپێی چالاکیی بازرگانی

ژمارەی کارمەندان بەپێی چالاکیی بازرگانی

بەهای وەبەرهێنانی جێگیر

کات و تێچووی پێویست بۆ دانان و داخستنی بازرگانی

بەهای وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی بیانی

کاتی پێویست بۆ پەڕینەوەی لۆرییەکان لە سنوورەوە

ژمارە و جۆری بانک و لقەکانیان

جۆر، بەها و ماوەی قەرزی بانک

زەمانی بەکارهاتوو بۆ قەرزی بانک

بەها و جۆری سیاسەتەکانی بیمە

گەیشتنی گەشتیاران و ماوەی مانەوەیان

تێکڕای خەرجی ڕۆژانەی گەشتیار

پاراستنی ژینگە و ژینگەی شار

پیسبوونی ئاو، خاک و هەوا

چەندێتی دووبارەبوونەوەی کارەساتە ژینگەییەکان

پابەندبوونی کەرتی تایبەت بە ڕینماییە ژینگەییەکانەوە

بڕی زبڵی کۆکراوە

بڕی زەوی تەرخانکراو بۆ سەوزایی

بڕ و جۆرەکانی تاوانی ناو شارەکان

## بەشی چوارەم: خستنەکاری حکومەت بۆ خزمەتی خەڵک

حکومەتێکی شەفاف و کارا

ڕێژەی سەدیی ئەو یاسا و ڕێنماییانەی بڵاودەکرێنەوە

ڕێژەی سەدیی خەڵکی ڕازی لە کارەکانی حکومەت

ڕاپۆرتی ساڵانە لەسەر چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ سکاڵای هاوڵاتیان

ژمارەی هەڵسەنگاندنەکانی پرۆگرام و پرۆگرامە ئەزموونییەکان

ژمارەی پێداچوونەوەی ڕێکخراوەیی وەزارەت کە ئەنجامدراوە

بودجە

بڵاوکردنەوەی وردەکارییەکانی بودجەی ساڵانە، لەگەڵ داهات و خەرجییەکان لە هەموو ئاستەکانی حکومەت و هەموو وەزارەت و بەشەکاندا

هەموو گۆڕانکارییەکانی بودجە، لەکاتی دانانی بودجەدا، کاتێک داهات بەشێوەیەکی چاوەڕواننەکراو دەگۆڕێت

وردبینی ساڵانەی بودجە

چاکسازی خزمەتی مەدەنی

بڕ و گەشەی موچە و دەرماڵەی فەرمانبەران

ژمارەی فەرمانبەران بەپێی وەزارەت و پلە

ژمارەی فەرمانبەری تازە دامەزراو بەپێی وەزارەت و پلە و کۆی موچە و دەرماڵەکانیان

## حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەم بەرپرسیارێتیانەی دەبێت بۆ بەدیهێنانی ئەم دیدگایە:

### بەرەوپێشبردنی سیستەمی هەماهەنگی لەسەرەوە بۆ خوارەوە.

ئێمە دڵنیایی دەکەین لەوەی کە وەزارەتەکان تێدەگەن لە ئەولەویەتەکانی سەرکردایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان و پلانەکانیان لەگەڵ ئەم ئەولەویەتانەدا دەگونجێنن، بۆئەوەی کارەکانمان زۆرترین کاریگەرییان هەبێت. هاوکات سیستەمی بەرپرسیارێتی دادەنێین بۆ وەزارەتەکان بۆ دابینکردنی هاندەر بۆیان بۆ بەدیهێنانی ئامانجە گشتییەکان و ئامانجی پلانەکانی خۆیان.

### دروستکردنی سیستەمێکی لە خوارەوە بۆ سەرەوە بۆ سیاسەتەکانی پەرەپێدان.

هەوڵی دروستکردنی سیستەمێک دەدەین کە تێیدا هەر وەزارەتێک بتوانێت ستراتیژی ورد دابنێت بەکارکردن لە خوارەوە بۆ سەرەوە و لەسەر بنەمای ئەم دیدگایە و ئەولەویەتەکانی وەزارەتەکە خۆی، پا ش راوێژکاری ناوخۆیی و دەرەکیی لەگەڵ کۆمەڵی مەدەنی. پاش بڵاوکردنەوەی ئەم دیدگایە، هەر وەزارەتێک پلانێکی ورد دادەنێت بەپێی ئەولەویەتەکانی سیاسەتەکانی پێنج ساڵە کە لێرەدا دیاریکراون. وەک بەشیک لەم پلانە، وەزارەتەکان ئامانجەکانیان دیاری دەکەن لە کەرتەکانی خۆیاندا و بەرپرسیار دەبن لە جێبەجێکردنی ئەم ئامانجانە.

### دروستکردنی پرۆسەی هەماگەنگی لەنێوان وەزارەتەکاندا.

پرۆسەیەک دروست دەکەین کە وەزارەتەکان و راوێژکار و بەرێوەبەرە گشتییەکانیان بتوانن کۆبوونەوە لەگەڵ یەکتر بکەن لە گروپی بچووکدا، بەپێی بابەت و بوار، بۆ هەماهەنگیکردن و گونجاندنی سیاسەتەکانیان و چارەسەرکردنی جیاوازییەکان. سیاسەتەکانی ئەم دیدگایە لەلایەن وەزارەتەکانەوە دادەڕێژرێن بەپێی تێگەیشتنی خۆیان لە بابەتەکان، تواناکانیان و خواستی خەڵک، بەڵام سیاسەتە جیاوازەکان کە لەلایەن وەزارەتە جیاوازەکانەوە دادەڕێژرێن لەوانەیە ناکۆکیان تێدابێت و لەوانەیە هاوتا نەبن لەگەڵ رێنمایی و ئامانجەکانی بڕیاردەرانی ئاستی سەرەوە. پرۆسەیەکی هەماهەنگی لەنێوان وەزارەتەکاندا، یەکێک دەبێت لە میکانیزمە سەرەکییەکانی پێکەوەبەستنەوەی هەماهەنگی لە ئاستی سەرەوە-بۆ-خوارەوە لەگەڵ ئاستی خوارەوە-بۆ-سەرەوە، بۆ ئەوەی بتوانین بەرژەوەندی گشتی زامن بکەین و خێراتر دیدگای پەرەپێدانی هەرێم جێبەجێ بکەین.

### راوێژکردن بە هاوڵاتیان.

هەوڵەکانمان سیستەمێک لەخۆدەگرێت بۆ راوێژکردنی فەرمی لەگەڵ هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکانی کۆمەڵگە — کۆمپانیاکان، رێکخراوە ناحکومییەکان، پیاوان، ژنان و لاوان — بۆ دڵنیاییکردن لەوەی کە ئەولەویەتەکانی حکومەت تەبان لەگەڵ ئەولەویەتەکانی خەڵکدا. هەر وەزارەتێکیش سیستەمێک دادەنێت بۆ راوێژکاری فەرمی لەگەڵ هاوڵاتیان. وەک بەشێک لەم سیستەمە، پرۆسەیەک دادەنێین کە هەر وەزارەتێک و حکومەت راپۆرت بدات لەسەر بەشداری لایەنە پەیوەندیدارەکان و چۆنێتی کاردانەوەیان.

### کۆکردنەوەی زانیاری.

بەیارمەتی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان و وەزارەتە پەیوەندیدارەکان، پێوەر دادەنێین و زانیاری کۆدەکەینەوە بۆ چاودێریکردنی پێشکەوتن، وەک لە بەشی نیشاندەرەکانی چاودێرییدا دیاریکراون لەم دیدگایەدا.

## خەڵک ئەم بەرپرسیارێتییانەی دەبێت بۆ بەدیهێنانی ئەم دیادگایە:

### بەشداریکردن لە کوردستانی نوێدا.

وەک بەشێک لە هەرێمی کوردستانی نوێ، پێویستە خەڵک بزانن کە حکومەت توانادارکەرە بۆ سەرکەوتنی ئەوان و حکومەت ناتوانێت گەرەنتی سەرکەوتن بدات، بۆ نموونە کار دابین بکات بۆ هەموو دەرچوان. لەجیاتی ئەوە، حکومەت دەتوانێت ئەو سیاسەتانە دابرێژێت کە خەڵک توانادار دەکەن بۆ بەشداریکردن لە کەرتی تایبەت و بەدیهێنانی خواستەکانیان.

### یارمەتیدانی حکومەت.

حکومەت ناتوانێت ئاشنابێت بە هەموو کێشە و دەرفەتەکان لە کوردستان. پێویستە خەڵک زانیاری بدەن بە حکومەت بە رۆحی پێشکەشکردنی بیرۆکەی باشەوە بۆ حکومەت نەک بۆ بەرژەوەندی تایبەت.

هەرێمی کوردستان — عێراق دەوڵەمەندە بە مێژوو، زەوی کشتوکاڵی و سامانی سروشتی. بەڵام ئێمە دەوڵەمەنترینین لە گرنگترین سەرچاوەدا — ئەو کەسانەی کە ئامادەن پێکەوە کاربکەن بۆ بونیاتنانی هەرێمێکی باشتر. خەڵک و حکومەت پێکەوە دەتوانن ئەم دیدگایە بەدیبهێنن. کاری پێکەوەییمان شتی زیاتر بونیات دەنێت لەسەر دەستکەوتە زۆرەکانمان، هەروەها دەبێتە هۆی سەرکەوتن بۆ خۆمان، منداڵەکانمان و نەوەی منداڵەکانمان.

## PHOTO CREDITS

Getty Images
Front and back cover, mountain silhouette

Howard Shatz
Front cover, airport; page 28; page 38

iStockphoto
Front cover, flag; page viii; page 1, page 18; inside back cover

jan Sefti, shared via Flickr; CC BY 2.0
Front cover, tree and chukar bird; page ii; page iv; page vi; page 4

Seabamirum, shared via Flickr; CC BY 2.0
Page x



